## پرۆژەی خۆسەلماندن و
## گەیشتن بە ساتەوەختی تێڕامان لە شیعری ( لوتکە )ی کەریم دەشتیدا

کەریم دەشتی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە هەستی بە قەیرانی شێواز و ئەزموونی پێشتری شیعری کوردی کردووە بە تایبەتی ئەزموونی شیعری (ڕوانگەیی). لەسەر ئەو بنەمایەش هەولێداوە شێوازێکی نوێ، ئەزموونێکی نوێ بەرهەم بهێنێت کە توانای هەلگرتنی پرسیارەکانی ئێستای مرۆڤی کوردی هەبێت.
کەریم دەشتی لە سەرەتاوە زیاتر خۆی لە تێکشکاندنی زمان دەئالاند و ئەمەش وای دەکرد کە (مانا) بەو شێوەی پێشتر لە ئاستی دیاردا نەبینرێت دیارە مەبەست لەم قسەیەش ئەوە نی‌یە کە (مانا) لەنێو پرۆسەی تێکشکاندنی زماندا ون بووبێت و ئەو دەمەش دەق لە ڕووی دروستکردنی پرسیار و جیهانبینی‌یەوە کەوتبێتە دەرەوەی سنووری دەقی زیندوو، بە پێچەوانەوە کەریم دەشتی لە ئەزموونی شیعری خۆیدا بە پێچەوانەی زۆرێك لە شاعیرانی کوردەوە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ چەمکی شیعردا دەکات و دەزانێت شیعر چی‌یە و شیعریەت چی‌یە و لە کام بوارانەشدا دەتوانێت شیعریەت بەرهەم بهێنێت.

کەریم ئەگەر لە سەرەتاوە بە جۆرێك لە نێوان گەمەی زمان و دۆزینەوەی مانادا هەندێ جار لە بەرهەم هێنانی شیعریەتدا لاوازی پێوە دیاربوو بێت بەڵام لە قۆناغێکی زووی ئەزموونی شیعری خۆیدا توانیوویەتی هاوسەنگی‌یەك لە نێوان بنەماکانی بەرهەم هێنانی شیعریەت و جیهانبینی شیعرییدا دروست بکات. ئەزموونی کەریم لە نیوەی هەشتاکان بۆ دواوە بووە بە ئەزموونێکی دیار و بەوپێیەش کەریم وەکو دەنگێکی دیاری شیعری کوردی دەرکەوتووە و بووەتە خاوەنی چەندین دەقی زیندووی خاوەن پرسیار (تەمە سپی‌یەکانی ڕۆح و کۆمیدیای باو..) چەندین دەقی تریشی ڕاستی ئەم قسەیە دەسەلمێنن.

ئەگەر لە ئەزموونی شیعری کوردیدا بشێت باسی دەنگی دوای ئەزموونی ڕوانگە یان ئەزموونی شیعری ساڵانی حەفتاکان بکرێت ئەوە ناوی کەریم دەشتی یەکێکە لەو

دەنگانەی کە تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەشێ بە یەکێك لە دیارترین دەنگـەکانی دوای ئـەزموونی شیعری حـەفتاکان دابـنرێت. کـەریم هـەوڵیداوە شێوازێکی نـوێی شـیعری بەرهەم بهێنێت کە توانای پرسیاری نوێی مرۆڤی کوردی هەبێت، هەروەك لە بنیادنان و بەرهـەم هێـنانی شـیعریەتدا جیـاوازی هەیـە لەگـەڵ ئـەزموونی پێشـتردا دیسـان لـە ڕوانگـەی گەڕانـەوە بـۆ یـادەوەری ڕابـردوو، بـۆ ڕەمــز و هێمـا و ئەفسـانە و فانتازیـای کوردیشدا جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەزموونی پێشتردا، ئەزموونی پێشتر لە ئاستی دیـار و بینـراودا ئەو ڕەگەزانـەی بـەکارهێناوە و ئـەوەش زۆرجـار بۆتـە هـۆی لاوازی شـیعریەت بەڵام کەریم زیاتر لە ئاستی نادیار و لەو دیوو زمانی یەکەمەوە ئـەو هێما و یـادەوەری و ئەفسانە و فانتازیـە دەدۆزێتـەوە، ئـەوەش وایکـردووە کـە زیـاتر لـە لێکدانــەوە و ڕاڤـەکردنێك بـۆ دەقـەکانی بکرێـت. ئێمـە جـارێکی تـر گوتومانـە ئــەو ئاڕاســتەی ئیشکردنەی کە کەریك دەشتی لە بەرهەم هێنانی شیعریەتدا کاری پێدەکـات پێشـتر بـە جۆرێك لای ئەنوەر قادر جاف دەرکـەوتووە بـەڵام ئـەنوەر لـە دوای ئـەزموونی (زریـان) پاشەکشێی لـەو شێوازە نووسـینە کـردووە، بـەڵام کـەریم ئـەو بنـەمای کـە لای ئـەنوەر دەرکەوتووە گەشە پێداوە و مەوداکانی فراوانکردووە و سیمای نوێی پێبەخشیووە.

یەکێك لە خاسێتە دیارەکـانی شیعری کـەریم کارکردنـە لـەو دیـوو سـنووری دیـاری ئایدیۆلۆژیاوە، بە پێچەوانەی ئەزموونی شیعری ساڵانی حـەفتاکان کـە بریتیـیە بـووە لەبەرهەم هێنانی شیعر لە سیاسەت. کەریم شیعر لە ڕەگەزەکانی تری غەیری سیاسەت بەرهەم دێنێت ئەو ڕەگەزانەی کە توانای مانـەوە و ژیانیـان زیـاترە. کـەریم شـاعیرێکی خـاوەن پەیامـە، بـەڵام پـەیامی شیعری ئـەو بـە چاوی ئاسـایی وەکـو پــەیامی شــیعری (شێرکۆ) نابینرێت، بەڵکو پەیامی شیعری ئەو لەودیوی زمـان و لـە ئاسـتە نادیارەکـانی دەقەکانیدا دەدۆزرێتەوە، پەیامی شـیعری کـەریم پـەیامێکی مرۆیـی مـەودا فراوانـە لـە نەتەوەوە دەست پێدەکات بۆ سنوورێکی فراوانتر کە سنووری مرۆڤایەتیە.

لێرەدا هەوڵدەدەین خوێندنـەوەی یـەکێك لـە دەقـەکانی کـەریم دەشـتی بکـەین کـە ئەویش دەقی "لوتکە"یە کە کاتەکەی ساتەوەختی جـاویدان و شـوێنی بەرهـەم هێنـانی مەملەکەتی هزرە. دەقی شیعرەکە:

لوتکە

تۆزێ ئاسمان، تۆزێ زەوی

تۆزێ هامونی بەرزەفڕی

تۆزێ لوتکەی کپ و نەوی

هێندێ مەل و هێندێ تروسکەی سەرشێت و

باوەشی با

مەودای نەهەنگی هزریان دارماڵی ئازارکردووە

ئەوە من دوا سواری پێشەنگ کوژە

گزنگ و ئاسۆ تێکەڵی یەکدی ئەکا

شەمشێری ناخی ئەم ناوەی پڕ لە بروسکە کردووە

دێوی زلی چاخ نخونی لەت لەت ئەکا

تۆزێ درەخت، تۆزێ هەناسەم پێدەوێ

تۆزێ سێبەر، تۆزێ خەنجەر

تۆزێ تێڕامان و دامان، تۆزێ ونبوون

خۆهەڵواسین بە دارکاژی سەوزی مەژی

تۆزێ زیندەگیم پێدەوێ بۆ خودکوژی

نەختێ مەرگ و نەختێ زیندەگی پشکۆبار

تۆزێ خنکان، تۆزێ مەلەو شەختەزانی

لە سینەما پشکۆڕێژن بۆ دەروازەی جاوێدانی.

بکەری شیعرەکە کە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکە واتە (من) لە ساتەوەختێکدا دێتە ئاخاوتن کە شاعیر ئەو کاتەی لە دەرەوەی دەقەکەدا ناوناوە ساتەوەختی (جاویدان). دیاریکردنی کات لەو شێوەیەدا بۆ خۆی دەلالەتێك هەڵدەگرێت و لە کاتی ئاسایی جیای دەکاتەوە. ئەمەش گرنگی پێدانی کاتە کە پەیوەستە بە سروشت و چۆنێتی پێکهاتنی بکەرەکەوە یان گوزارشتکردنە لە ڕوانینی بکەری شیعرەکە بۆ حاڵەتی جاویدانی لەسەر زەمینەیەك کە هزر واتە فیکر ناسنامەی ئەو شوێنە دیاری دەکات بە مانایەکی تر

بکەری شیعرەکە لە دەرەوەی دەقەکەدا پەیوەندییەك لە نێوان جاویدانی و فیکردا کە دەشێ ئەویش دەلالەتی (پەیام) هەڵبگرێت دەدۆزێتەوەو پێی وایە ئەو دووانە پێکەوە بەندن هەروەك چۆن شوێن و کات پێکەوە بەندن.

کاتی جاویدان، کاتێکە لە دەرەوەی دەقەکەدایە هەر بەو پێیە ئەوکاتە نەبۆتە کاتی جوڵە دروستکردن و ڕووداو لە سنووری دەقەکەدا بەڵکو وەکو کاتێك ماوەتەوە کە پرۆسەی بەرهەم هێنانی شیعرەکەی تیا ئەنجام دراوە.

لە بەردەوام بوونی جوڵەی شیعرەکەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە کات لە شیعرەکەدا کاتی تێڕامانە دیارە ئاشکرایە کە کاتی تێڕامان بوار بۆ بەخۆداچوونەوەو گەڕانەوە بۆ یادەوەری ڕابردوو یان خوردبوونەوەو گەڕانەوە بۆ دنیای ناوەوە دەڕەخسێنێت، بە واتا بکەری شیعرەکە لە ساتەوەختی گەڕانەوە بۆ ناوەوەی خۆی دەست دەکات بە دواندن. گەرچی دروستکردنی حاڵەتی تێڕامان بۆ بیرکردنەوە لە دەرەوەیە یان بۆ دروستکردنی جۆرێك لە یۆتۆپیایە کە تیایدا زەمینە بۆ گەیشتنی (من)ی بکەری شیعرەکە بە ئامانجێکی دیاریکراو بڕەخسێت و لەوێشدا (من) بگات بە ئاستێك کە تیایدا زەمینەی دەرەوە بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی ئامادە بێت، بەڵام ئەو بکەرەی کە ئەو زەمینەیە دەڕەخسێنێت یان ئامادە دەکات کێیە؟ کەواتە لێرەدا پرسیار لە ناسنامەی ئەو بکەرە دەکرێت کە ئەو زەمینەیە ئامادە دەکات. ئێمە لێرەدا لەوە دواین کە لە سنووری تێڕاماندا دەشێ جۆرێك لە یۆتۆپیا پێکبێت، هەر بەو پێیە دەشێ ئەو خەیاڵەی کە یۆتۆپیایەك بۆ جاویدانی دروست دەکات زەمینەش بە (من)ی بکەری شیعرەکە ئامادە بکات هەتا تیایدا ببێتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر.. هەڵبەت کاتێك بکەری شیعرەکە دەگات بەو ئاستەی کە ڕووداو دروست بکات مانای وایە دۆخێك لە ئارادایە بۆ بەدەستهێنانی ناسنامە، کەواتە لێرەوە پەیوەندییەك لە نێوان بوون و جاویدانیدا دروست دەبێت و دەشێ بگوترێت بەبێ بوونێکی خاوەن ناسنامە جاویدانی تەنیا لە سنووری زمانی دەقەکەدا دەمێنێتەوە و لەسەر زەمینەی واقیع دروست نابێت.

دەستپێکی دەقەکە کراوەیە بە ڕووی دنیایەکی نەناسراودا، دنیایەك کە هیچ ناسنامەیەکی ئاشکرای نییە، بە واتایەکی تر شوێن لە دەستپێکی دەقەکەدا سەرباری

ئەوەی لە شێوەیەکی گشتیداو لەناوهێنانی چەند ڕەگەزێکی سروشتدا باس دەکرێت بەڵام وەکو شوێنی ڕووداو نەناسراوە، لە کاتێکدا کە شوێن شوناسێکی دیاری نییە، جێگای بکەری شیعرەکە نەزانراو یان نادیارە، هەر ئەو نادیارییەی شوێنیش بکەر لە بۆشایی یان لە دەرەوەی شوێندا دەهێڵێتەوە، دەشێ لەوێشەوە جۆرێك لە هەستکردن بە نامۆبوون دروست بێت یان حاڵەتی تێڕامان بهێنێتە ئاراوە، باری تێڕامان مرۆڤ لەوکاتە جیادەکاتەوە کە حاڵەتی تێڕامانی تێدا ڕوودەدات، هەروەك تێڕامان پەرتبوون لە شوێنیش دروست دەکات کەواتە لەم حاڵەتەدا بکەری شیعرەکە دەبێتە (خود)ێکی پەرتبوو لە کات و لە شوێن. ئەمەش دەلالەتی نامۆبوون هەڵدەگرێت کە لە بارێکی تردا ونبوونی ناسنامە دەگەیەنێت. (خود) بە ناخی شتەکاندا دەچێتە خوارەوە و شۆڕدەبێتەوە. لەوێڕا لە ئەنجامی ئەو خوردبوونەوەیەدا لە ناسینی ناوەوەو بەوپێیەش پێویستییەکانی دەرەوە بۆ تەواوکردن و هاوسەنگ کردنی خۆی تێدەگات.

لێرەوە (من)ی بکەر کە لە خودی خۆی ڕادەمێنێت دەگاتە ئاستی خوێندنەوەی جەستەی خۆیی و لەوێشەوە دۆزینەوەی پێداویستییەکانی ئەو جەستەیە، کە پێم وایە حاڵەتی تێڕامان لە ئەزموونی (ڕوانگە و گوتاری مانەوەدا) نەیتوانیووە بەو ئەندازەیە جێگای خۆی بگرێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە حاڵەتی بڕیاری خێراو خودسپاردن بە یەقین لەو ئەزموونەدا باڵادەست بووە. لێرەوە کەریم لە ئەزموونی خۆیدا هەنگاوێك دەنێ بە پێچەوانەی ئاڕاستەی ئەزموونی ڕوانگەوە. لەباری یەکەمدا ئەم جوڵەی بەرەو دابڕان لەگەڵ ئەزموونی شیعری حەفتاکاندا ڕێکدەخات کە دەبێتە یەکنەگرتنەوە لەگەڵ وێنەی باڵادەستدا کە هاوشێوەی وێنەی باوکە و تەنانەت ئەو باوکە ناشتوانێت دان بە بوونی دەنگی جیاواز لە خۆی بنێت.

بکەری شیعرەکە بە ئاڕاستەی بەدەستهێنانی ناسنامە دەجوڵێت کە ئەویش لە ساتەوەختی تێڕامانەوە دەست پێدەکات و کاتێ لە دوای پێداویستییەکانی جوڵە دروستکردن دەگەڕێت، تێدەگات بۆ فۆرمەلەکردنی خودێکی خاوەن ناسنامەو گەیاندنی ئەو کەسێتە بە ئاستێك کە ڕووداو دروست بکات چی پێویستە. لەوێڕا (هزر) دەبێتە سەرچاوەی بەرهەم هێنان و ئاڕاستەکردنی جوڵە. بەڵام ئایا (هزر) ئەو هێزە لە کوێوە

وەردەگرێت کە بکەری دەقەکە بکاتە کەسێتێکی خاوەن پراکتیك؟ ئایا مەبەست لە هزر لە سنووری دەقەکەدا مەبەستێکی گشتییە یان تەنیا سنووری بکەری دەقەکە دەگرێتەوە؟

لە ڕابردوودا (هزر) ئامادەبوونێکی دیاری نەبووەو لە هەمان کاتیشدا لەو حاڵەتە لاوازەیدا کە هەبووە (هزر) دووچاری ئازار بووە یان حاڵەتێکی نائاسایی لەو پنتەدا خولقاوە کە شاعیر ئەو پنتە یان ئەو ڕووبەرەی کە هزر دەیگرێتەوە بە مەملەکەت ناودەبات، ئەمەش دەلالەتی ئەوە هەڵدەگرێت لە تێڕوانینی شاعیرەوە (هزر) پانتاییەکی فراوان داگیردەکات، ئەوەش لە ڕوانگەی ڕوانین بۆ خوێندنەوەی مێژووی بکەری دەقەکەو ئامادەبوونی لە دەرەوەی دەقەکە ئەوە بەرجەستە دەکات، ئەگەر (هزر) پانتاییەکی فراوانی داگیرکردبێت ئەوا مانای وایە ئامادەبوونی بکەری شیعرەکە لە ئاستێکی بینراو و بەرچاودایە، بە پێچەوانەی ئەم قسەیەشەوە نائامادەبوونی (هزر)، ناکردەیی و بەوپێیەش نائامادەبوونی (من)ی بکەری دەقەکە دەگەیەنێت. هەر لێرەوە بارێکی هاوشان لە نێوان (کات و شوێن)دا پەیوەست بە کەسێتی بکەری شیعرەکە پێکدێت کە زیاتر ئەو دیاری کردنەی شاعیر دەگەیەنێتە حاڵەتێکی شیعری و لە واقیعی دەرەوەی دەقەکەوە دەیانگوازێتەوە بۆ ناو سنووری دەقەکەو ئەوەش لە هاوشانبوونی (ساتەوەختی جاویدان/ مەملەکەتی هزر)دا بەرجەستە دەبێت.

ئەگەر هزر فاکتەری جوڵە دروستکردنی بێت ئەوا مێژوو بە گشتی دەبێتە ساتەوەختی جاویدانی بەڵام کام حاڵەتی جاویدانی و کام مێژوو؟ واتە لێرەوە بەلای ئەو لێکدانەوەیەدا دەچین کە دەبێ هەموو جوڵەیەکی ڕێکخراو لە پشتییەوە فیکر ئامادە بێت کە ئەوەش لە ئاستێکی تردا دەبێتە ئاخاوتن کردن لەسەر دروستکردنی ڕووداو بە کاریگەری مۆتیڤی فیکر کە ئەوەش جۆرێك لە پرۆژەو نەخشەڕێژی پێشکەش دەکات کە ئەم حاڵەتە لە عەقڵی ئێمەدا وەکو کورد تاکو ئێستا جێگایەکی ئەوتۆی نەگرتووە چونکە وەك دەزانین کەلتووری کوردی ئەو کەلتوورەیە کە کەمتر عەقڵ و فیکر کاری تێدا کردبێت هەتا بەو پێیەش شێوازی نەخشەو پرۆژەی پێوە دیاربێت.

بـەڵام داخـۆ چ پەیوەندییـەك لـە نیـوان هـزرو تیرامـاندا لـە سنووری ئـەم دەقـەدا دەدۆزریتەوە کاتێ دەڵیت:

تۆزێ تیرامان و دامان، تۆزێ ونبوون

تۆزێ ئاسمان، تۆزی زەوی

مەودای نەهەنگی هزریان دارماڵی ئازار کردووە

(من)ی بکەری شیعرەکە کاتێ لە باریکی ناجیگیردایە بـەرەو حاڵـەتی تیرامـان دەچێـت و لـەویوە داوەکـانی خـەیاڵ فـراوان دەبـن و مـەودای دۆزینـەوەی یـان گەیشـتن بـە ئاسـتی بیرکردنەوە بە (هزر) ئاشکراتر دەبیت کەواتە لـیرەدا ماهیـەتی بکەری شیعرەکە پەیوەست بە پەیوەندی نیوان تیرامان و بیرکردنەوە یان هزر ئاشکرا دەبیت. ئـەوی بکـەری شـیعرەکە کەسیتی‌یەکی ناجیگیری هەیـە، هۆی ئـەو ناجیگیرییـەش لـەوەوە سـەرچاوە دەگریـت کـە خاوەنی ناسنامەیەکی دیار نیـیە واتـە بـە دوای جۆریـك لـە شوناسـدا دەگـەریت کـە ئـەوەش مانـای گـەران بـە دوای دڵنیاییدا هـەڵدەگریت، بـەڵام ئـەوی بکـەری شـیعرەکە نـاتوانیت بـە ئـەنجامیکی رەها بگات بۆیـە هەمیشـە لـە بـارە شڵۆقیەکەی پیشتریدا دەمینیتـەوە، ئەگـەر بەرەو ئاراستەی دەقەکە بچین ئـەوا ئـەم پاڵەوانـە ناسـەقامگیرە وینـەی کەسـیتی کوردی‌یـە، کەسیتیك کە بە گومانەوە لە خۆی و دەوروپشتیشی دەروانیت و هەروا بە ئاسـانی ناگات بـە حاڵـەتی دڵنیـایی چونکە دڵنیـایی لـە بەدەسـتهینانی ناسـنامەدا دەردەکەویت یـان دەسـتەبەر دەبیـت.. ئـەمیش تـاکو ئیستا لـە خـەونبینیندا خـۆی دەگەیەنیتـە ئەوسـاتەی کـە دڵنیـایی دەستەبەر کردبیت واتە لە خەونی سنووری یۆتۆپیادا.

ئەم هەمیشە لە تیرامانداییە، تیرامانیش گەرانیکی بەردەوام دروست دەکات لەو ئاقارەشدا مۆتیڤی سـەرەکی ئـەو گەرانـە (هـزرە). واتـە هـزر رۆڵـی کاریگـەر دەبینیـت لـە دروسـتکردنی پرۆسـە جوڵـەی بـەردەوامدا، جوڵەیـەك کە بکەری شـیعرەکە تیـایدا سـەرجەم ئـەو رەگـەز و توخمانە بەدەست بهینیت کە دەبنە بنەما بۆ ئەوەی بیکەنە خاوەنی ناسنامە.

بکـەری شـیعرەکە دوای قۆنـاغی تیرامـان و دوای گـەرانیکی بـەردەوام بـە دوای دڵنیابووندا، دڵنیابوون لە بوونی خۆی، ناسنامەی خـۆی پیشکەش دەکات گرنـگ نـیـە ناسنامەکەی چی‌یە و چۆنە:

ئەوە من دوا سواری پێشەنگ کوژە

گزنگ و ئاسۆ تێکەڵی یەکدی ئەکا

حاڵەتی دان پێدانان سەرەتایەکە جۆرێك لە پرکێشی و سەرکێشی کردنی پێوەیە بە مەبەستی لادانی پەردە لە ڕووی شتە نادیارەکان یان ئاشکراکردنی شاراوەکان کە ئەوانیش وەکو شکستێك خۆیان نیشان دەدەن ئیتر گرنگ نییە ئەو شکستە لە چ ئاستێکدایە شکستی تاکە کەس یان کۆمەڵ یان شکستی مێژوویەکە کە ئەم پێوەی بەستراوەو شکستی ئەم نەفرەتی ئەو مێژووەیەو لێی نابێتەوە. نەفرەتێك کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەرتبوونی بکەری شیعرەکە لە کات و شوێن، واتە بکەر خۆی لە بنەڕەتدا گرنگی کاتی نەناسیووە و نەیتوانیووە سوودی لێوەربگرێت بە مەبەستی دروستکردنی کردار، هەڵبەت کاتیش کاتێك دەبێتە مێژوو کە ڕووداوی تێدا تۆمار بکرێت.

بکەری شیعرەکە ناڕاستەوخۆ لە پێشکەشکردنی ناسنامەی خۆیدا، خۆی لەنێو قەوارەیەکی گەورەتردا نیشان دەدات، بە واتا دەبێتە توخمێك لەنێو پێکهاتەیەکی گەورەتردا کە ئەویش لە ئاستێکی تردا کۆمەڵ یان نەتەوەیە چونکە ئەم لە ڕیزی چەندین سواردا دوا سواری پێشەنگ کوژەیە، بە واتا بکەر لە سنووری دەقەکەدا ئەگەرچی تەنیا لە شێوەی تاکەکەسدا دەردەکەوێت بەڵام پێکهاتەیەکی دەستەجەمی هەیە، ئەم یەکێکە لەو کۆمەڵە و دوا سواریانە. ئەگەر مەبەست لە سوارانی پێشەنگ کوژە ئەو کاروانە بێت کە چۆن بە هۆی لێتێکچوونی کاتەوە لە شەوێکی زوودا کاتیان لێ تێکدەچێت و دەکەونە ڕێ و لە ئەنجامدا تیادەچن، ئەوا بکەری شیعرەکە دوا سواری ئەو کاروانەیە. دەشێ ئەم لێکدانەوە بگوازینەوە بۆ دەرەوەی دەقەکە و لەوێدا بۆ هاوشێوەی بگەڕێین ئەوا ئەم کاروانی بەرەو خۆدروستکردنەوە و بەدەستهێنانی ناسنامەی ئێمەیە، بەڵام لەبەرئەوەی بکەری شیعرەکە کە ئێمەین (کات)مان نەناسیووە و بگرە لە کاتیش پەرت بووین بۆیە کاتمان لێ شێواوەو ئەوەش بۆتە هۆی ونبوونمان، دەشێ ئەمە بزوتنەوەی نەتەوەیی ئێمەش بگرێتەوە کە لە کارکردنیدا نەیتوانیووە پەی بەوە ببات ئایا کات گونجاوە بۆ ئەو کارە یان نا.

ئێمە دەزانین مرۆڤ زیاتر لە کاتی شکستدا یان لە ئەنجامی شکستدا بەرەو حاڵەتی تێڕامان دەچێت. ئێستا بکەری شیعرەکە کـە دووچاری شکست دەبێت دەگەڕێتـەوە بـۆ حاڵەتی تێڕامان و لەوێشدا دەگات بە دۆزینەوەی پاڵنەرێکی بەهێز کە ئەویش (هـزرە)، واتە سەرچاوەی بیرکردنەوەو بەرنامە و پـرۆژە دانـان، بـەم پێیـە بکـەری شـیعرەکە لـە ئەنجامی شکستدا هەست بەوە دەکات لە کوێدا هەوڵی دۆزینـەوەی هـێزی بنیادنانـەوەی خۆی بدات.. ئەمەش سیمای کەسێتێك دەخاتە ڕوو کە هەرچەند ڕووبەڕووی شکست بۆتـەوە بـەڵام تموحـی خـۆ بنیادنانـەوە و خۆدروسـتکردنەوەی هەیـە، هــەر لێرەشــەوە جۆرێك لە بانگەشە بـۆ خـۆ دروسـتکردنەوە سـەرهەڵدەدات. ئـەو بانگەشـەیەش لەگـەڵ ئاواتخواستنی جاویدانیدا یەکدەگرێتەوە.

دواتر بکەری شیعرەکە داوای زیندەگانی دەکات کە مەبەستی لەوەش بەدەسـتهێنانی ژیانە، ژیانێك کە تیایدا دوو جۆر یان دوو ئاڕاستەی جیاواز لـە جوڵە دروست دەبێت، جوڵەیـەك بـەرەو خۆبنیادنانـەوەی تـەواوەتی، یـان ئـەو جوڵەیـەی دژی ئـەم ئاڕاسـتەیە واتـە پێچەوانـەی خـۆ دروسـتکردنەوە کە ئـەویش پرۆسـەی خۆکوشـتنە. واتـە مـن لـە حاڵەتی شلۆق و ڕامان لە بـەردەم ئـەم دوو ئاڕاسـتە دژەدا دەکەوێتـە حاڵەتی تێڕامـانی قوڵەوە، لەوێش ڕا دەگات بە جۆرێك لە دۆزینەوە کە ئەویش گەیشتنە بە فیکر.

لـەم حاڵەتـەدا بکـەری شـیعرەکە دەگاتـە بەرزکردنـەوەی داوایـەك کـە ئـەویش داواکردنی مەرگە بەڵام زوو ئاشکرا دەبێت کە ئەم داوایـە داوایـەکی ڕەهـا نـییـە، بـەڵکو کۆمـەڵێ دووانـەی یـەك لـە دوای یـەك پێشکەش دەکـات کـە سـەرجەم بەرهـەمی بـاری تێڕامان و لە هەمان کاتدا گومانن.. کە ئـەم حاڵەتی بەرهـەم هێنـانی دووانانـە بـارێکی هاوسـەنگ لـە نێـوان نـاوەوەو دەرەوەی بکـەری شیعرەکەدا پێکدەهێنــن کـە وەکـو دوو حاڵەتی بەرامبەر بە یەك دەوەستن، ئەویش واتـە ئـەو بـارە هاوسـەنگی‌یە لـە ئاسـتێکی قوڵتردا هاوسەنگی یان هارمۆنیای نێوان ژیـان و مـردن نیشان دەدات، کـە گەیشـتن بـەو حاڵەتی هاوسەنگی‌یە جوڵەی دیار لە شیعرەکەدا سنووردار دەکـات و تـەنیا لـە سـنووری خواسـتندا جوڵە دەردەکەوێت ئـەگینا لــە ڕووی پراکتیکـەوە ئامــادەبوونی نـامێنێت. ئەگەرچی بکەری شیعرەکە لایەنگری دروستبوونی جوڵەیە لە سنووری دەقەکەدا بـەبێ

ئەوەی کە سروشت و ناسنامەی ئەو جوڵەیەی بەلاوە گرنگ بێت چونکە پێی وایە جاویدانی لە باری وەستاودا دروست نابێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بکەری شیعرەکەی لە کەسێتێکی ڕووداو دۆستە چونکە پێی وایە ڕووداو دەبێتە بنەمای خۆناساندن.ئەگەر سەرنجی بنیادی دەقەکە بدەین ئەوا دەبینین کۆمەڵێ دووانە بەشداری دەکەن لەو بنیادەدا کە بریتین لە دووانەی (ئاسمان/ زەوی، لوتکە/ نەوی، زیندەگی/ خودکوژی، مەرگ/ زیندەگی، شەختە/ پشکۆ..) سەرجەم ئەم دووانانەی سەرەوە ئەو هێڵە گشتی‌یە پێکدێنن کە بنیادی شیعرەکەی لەسەر بنیادنراوە کە ئەم بارەی بەرامبەر یەك وەستانی جەمسەر دژ بە یەکەکان باری هاوسەنگی و ئەنجامیش جۆرێك لە جێگری لە دەقەکەدا دروست دەکەن.. ئەگەرچی بکەری شیعرەکە سەرجەم ئەم حاڵەتانە دەخوازێت بۆ گەیشتن بە حاڵەتی جاویدانی. هەڵبەت جاویدانیش بەبێ جوڵەو دروستکردنی کردار بەرهەم نایەت، گریمان وەکو ڕووداو یان ئەنجامی ڕووداو سەیری جاویدانی دەکەین بەڵام بەبێ جوڵەی دیار کە شکێنەری حاڵەتی هاوسەنگی بێت بە ئاراستەی پۆزەتیف گەیشتن بە حاڵەتی جاویدانی تەنیا لە سنووری خەوندا دەمێنێتەوە کە دیسان دەشێت ئەو خەونەش لە شیعردا جێگای بۆ بکرێتەوە چونکە وەك دەزانین بۆ خۆی شیعر بەرهەمی خەون و خەیاڵ و نەستە و جۆرێکە لە دروستکردنی یۆتۆپیا، واتە دەرەوەی شوێن کە ئەوەش لەگەڵ پەرتبوونی بکەری شیعرەکە لە شوێن یەکدەگرێتەوە.. بەڵام ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا لە دەرەوەی شوێن شتێك هەیە پێی بگوترێت جاویدانی؟ یان بە شێوەیەکی گشتی تر ئایا لە دەرەوەی شوێن هیچ شتێك پێناسە یان ناسنامەی هەیە؟

بکەری شیعرەکە دەیەوێت لەو بارە هاوسەنگی‌یەوە بگوازێتەوە بۆ بارێکی پڕ لە زیندەگانی تر بە جۆرێك کە زیندەگانی و ژیان بەسەر خودکوژی و کردندا زاڵ بێت هەر لەو زاڵبوونەشدا جاویدانی بەرهەم دێت. ئەم بەو ئاراستەیەی کە ژیانخوازی تێدایە هەنگاو دەنێ و هەر لەو جوڵەیەشدا دەگات بە هزر و بیرکردنەوە چونکە پێی وایە زیندووبوونەوەو ڕابوونەوە بەبێ هزر دروست نابێت. لە دەقەکەدا لەگەڵ هەر جوڵەیەکی بکەردا ئەو جوڵەیە لە ئاستی دیاردا بێت یان نادیار بەرامبەر هەر

جەمسەرێك لە دووانەكاندا كە ژیانخوازی نیشاندەدات جەمسەرەكەی تر ڕەگەزی مەرگخوازی و شكستە، واتە جۆرێك لە بەرگری و بەربەست هەیە كە نایەڵێت ژیانخوازی و زیندووبوونەوە بە جۆرێك باڵا دەست بێت كە ڕاستەوخۆ جاویدانی بەرهەم بێت. بێگومان ئەگەر ئەم حاڵەتە لەگەڵ واقیعی دەرەوەی دەقەكە هاوشێوە بكەین ئەوا دەقەكە دەبێتە شاهیدێكی ڕاستگۆی ئەو واقیعەی كە تیایدا بەرهەم هاتووە، هەرچۆن بكەری ئێمە لە واقیعی دەرەوەی دەقەكەدا نەیتوانیووە مەرگخوازی و شكستەكان هەرەس پێبێنێت و بیانسڕێتەوەو ژیانخوازی و بنیادنان و دروستكردنەوە پیادە بكات، بكەری دەقەكە لە ئاستێكی تردا هاوشێوەی بكەری ئێمەیە لە دەرەوەی دەقەكەدا كە هەردووكیان ناتوانن ببنە بكەری ڕووداو دروستكەر.

لە لایەكی تریشەوە مادەم بكەری دەقەكە لە باری تێڕاماندایە و ئەو توخمانەی بنیادی دەقەكە بە جۆرێك لە باری نائاگاییەوە فڕێدەدرێنە سنووری بنیادی دەقەكەوەو بەوپێیەش نائاگایی ڕۆڵی دیار دەبینێت لە بەرجەستەكردنی دەقەكەدا كە ئەوەش ڕوویەكی ڕاستی شتەكان نیشان دەدات هەر بۆیە ناشێت حاڵەتەكانی شكست یان جەمسەرە دزێوەكان بسڕێتەوە.. ئەمەش ئەوە نیشاندەدات كە لە بەرهەم هێنانی دەقەكاندا دیسپلینی ئایدیۆلۆژی یان تەنانەت ئەخلاقی ناتوانێت ببێتە سانسۆر بەسەر نەست و خەیاڵەوە، ئەمەش سروشتی بەرهەم هێنانی شیعرە.

سەرباری ئەوەی كە ئەم دەقە لەسەر بنەمای كۆمەڵێ دووانە بنیادنراوە، بەڵام دەقێكی وەسفی‌یە نەك دەقێكی كرداری ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە جوڵە لە سنووری دەقەكەدا لاوازە. حاڵەتی لاوازی "كردار" یان جوڵە لە دەقەكەدا پەیوەندی بە كەمی ڕێژەی فرمانەوە هەیە لە دەقەكەدا. ڕێژەی فرمان لەم دەقەدا یەك لە پانزەی توخمەكانی تری زمانە كە بێگومان ئەو ڕێژەیە بە پێی پێكهاتەی توخمەكانی ڕستە لە زمانی كوردیدا هێجگار كەمە. هەڵبەت لە پشتی كەمی ڕێژەی فرمانەوە دەلالەتێكی قوڵتر پەیوەست بەو زەمینە ڕۆشنبیریی و كۆمەڵایەتیەوە دەردەكەوێت كە دەقەكەی تێدا بەرهەم هاتووە ئەویش ئەوەیە كە ئەو دەقە گوزارشتێكی ڕاستەقینە لە ئاستی عەقڵی و فیكری و بوونی ئێمە دەكات كە كۆمەڵگایەكی وەسفین نەك پراكتیكی فرمان

و كـردار كـه قۆنـاغی پێـش دروسـتكردنی ڕووداون پێكهاتەیـەك دەكـەن بـە پێكهاتەیەكی پراكتیكی یان جوڵە دروستكەر، لەم حاڵەتەدا مێـژوو لەسـەر بنـەمای پراكتیك و ڕووداو دروست دەكرێت بەڵام لە كۆمەڵگای وەسفیدا پراكتیك و ڕووداو دروستكردنی لاوازە هەر بەو پێیەش مێژوو لەسەر بنـەمای ڕووداو دروسـتكردن دروست نابێت بەڵكو مێژوو دەبێتە وەسفكردنی شتەكان لـە دیـووی دەرەوە.. كـە ئەمەیش خاسێتی بكەری شیعرەكەیە كە ئەویش ڕاستەوخۆ نوێنـەری بكـەری ئـەو واقیعە كۆمەڵایەتیەیە كە دەقەكەی تێدا بەرهـەم هـاتووە كـە بكەرێكـە لـە جیـاتی دروستكردنی ڕووداو لە جیاتی كار قسە دەكات و وەسف دەكات واتە وەسفی شتەكان دەكات لە حاڵەتی وەستاندا. لەو حاڵەتەشدا بكـەری ئێمـە هـەندێ جار دەكەوێتـە باری تێڕامانەوە بەڵام ئەو تێڕامانەش زۆربەی جـار لـە جیـاتی گەیشتن بـە خـاڵی بیركردنـەوەو دانـانی پـرۆژەی كـاركردن جۆرێـك لـە خۆلاواندنـەوە دروسـت دەكـات هۆكەشـی ئەوەیـە كـە بكـەری ئێمـە نـاتوانێت یـان پڕكێشـی ئــەوە ناكـات دان بــە نــاكردەیی و شكســتەكانی خۆیــدا بنێــت، هـــەتا لـــەوێوە هـــەنگاوی بـــەرەو خۆدروسـتكردنەوە بنێت لەسـەر بنـــەمای دروسـتكردنی ڕووداو، بـەڵكو ئـەم بـە پێچەوانەوە هەمیشە وەسفی شكست و برینەكانی دەكات ئەویش تەنیا بە مەبەستی جوڵاندنی سۆزی ئەویتر و دەرخستن و نمایشكردنی خۆی وەكو پێكهاتەیەكی غـەدر لێكراو. ئا لەم حاڵەتەدایە كە بكەری شیعرەكە بەدوای جـاویدانیدا دەچێـت، بـەڵام لێرەدا ئەو پرسـیارە سـەرهەڵدەدات ئایـا بـەبێ كـردار و بـەبێ بـوون بـە بكـەرێكی ڕووداو دروستكەر دەشێت جاویدانی بەرهەم بێت؟

وەك گوتمان دەقەكە دەقێكی وەسفیە و ڕێژی فرمان تێیدا هێجگار كەمـە ئـەوەش باری وەستانی دروستكردووە هـەر لـەو بـاری وەسـتانەدا بكـەری شـیعرەكە دەكەوێتـە حاڵـەتی ڕامانـەوە.. بـەڵام ئایا حاڵـەتی ڕامـان دەیگەیـەنێت بـە جۆرێـك لـە هەڵوێسـت وەرگرتـن كـە دەشێ ئـەو هەڵوێست وەرگرتنـە بـەرەو بەرزكردنـەوەی پرسـیار بیبـات؟ ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ سنووری دەقەكە ئـەوە دەبینـین كـە (٥) دێـڕی یەكـەم سـەرجەم ئەو ڕەگەزانە پێكدێت كە زەمینەیان ئامادەكردووە بۆ ئەوەی جۆرێك لە ناسـەقامگیری

یان جوڵەی سنووردار لە هزری بکەری دەقەکەدا دروست بکەن، تا ئەو ساتەی کە (مەودای نەهەنگی هزریان دارماڵی ئازار کردووە).

تۆزێ ئاسمان، تۆزێ زەوی

تۆزێ هامونی بەرزەفڕی

تۆزی لوتکەی کپ و نەوی

هێندێ مەل و هێندێ تروسکەی سەرشێت و

باوەشێ با

مەودای نەهەنگی هزریان دارماڵی ئازار کردووە.

ئەم ڕەگەزانە کە سەرجەم ڕەگەزی وەرگیراون لە توخمەکانی سروشتەوە بوونەتە ئەو بکەرەی کە (هزر)یان گەیاندۆتە حاڵەتێك کە حاڵەتی ئازار چەشتنە بە واتە بە جۆرێك لە جۆرەکان جێگیری هزریان دروستکردووە.. کە ئەوەش جۆرێك لە پرسیاری لەگەڵ خۆیدا هێناوە یان هزریان گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کە پرسیار لە خۆی یان باشتر بڵێین پرسیار لە جەستەی خۆی بکات. گەیشتنی هزر بە حاڵەتی ئازار چەشتن قۆناغێکە لێیەوە سەرەتای ئاشکراکردن دەردەکەوێت کە ئەویش جۆرێکە لە (دان پێدانان)، کە دەشێ لێرەوە بکەری شیعرەکە بوون و ماهیەتی خۆی بخاتە بەردەم پرسیارەوە. هەر لە ئەنجامی ئەوەدا بکەری شیعرەکە دەگاتە چرکەساتی خۆنمایش کردن و بە ئاشکرا ناسنامەی خۆی پێشکەش دەکات.

ئەوە من دوا سواری پێشەنگ کوژە

گزنگ و ئاسۆ تێکەڵی یەکدی دەکا

شەمشێری ناخی ئەم ناوەی پڕ لە بروسکە کردووە

دێوی زلی چاخ نخونی لەت لەت ئەکا

بکەری شیعرەکە ناسنامەی خۆی دەخاتەڕوو کە دوا کەسە لە بکوژانی پێشەنگ، لێرەدا پرسیار سەبارەت بە ناسنامەی پێشەنگ سەرهەڵدەدات.. پێشەنگ چییە، کێیە؟ دوای ئەوەی کە ناسنامەی خۆی ئاشکرا دەکات، دەکەوێتە وەسفکردنی ئەو کارانەی کە دەیکات کەواتە دوای ئەوەی (هزر) دەگاتە ئاستی پرسیارکردن لە ماهیەت و بوونی

خۆی و ناسنامەی خۆی ئاشکرا دەکات، بەرەو وەسفکردنی کارەکانی خۆی دەچێت کە ئەویش لە ئێستادا لێیان دەدوێت و ڕووداوەکانیش لە ڕابردووە دەست پێدەکەن کە بۆ ئێستا و داهاتووش درێژ دەبنەوە بەڵام قەبارەی ئەو کارەی کە بکەر وەسفی دەکات گەورەیە و جۆرێک لە هەڵچوون لە پشتیەوەیە کە دەشێ ئەویش بۆ هاوسەنگی دروستکردن بێت لە نێوان حاڵەتی شکست و خۆدروستکردنەوەدا، ئەگینا بکەرێکی وەکو ئەو کە لە سەرەتاوە لە وەسفکردندا خۆی نیشان دەدات، ناشێت خاوەنی ئەو کارە سۆپەرمانیانە بێت بۆیە هەڵوێستی بکەر لێرەدا لە ئەنجامی هەستکردن بە شکستەوە دروست بووە واتە ئەو هەڵوێستە زیاتر وەکو جۆرێک لە دروشم و ڕاگەیاندن دەردەکەوێت نەك کردار. چونکە بکەرێ ئەگەر توانای ئەو کردارانەی هەبێت ئەوا بێ بەربەست بۆ خۆی دەگات بە حاڵەتی جاویدانی و ئەوکاتەش بکەرێك نابێت کە لە حاڵەتی ڕاماندا بێت بەڵکو لە حاڵەتی کارکردندا دەبێت. ئەم هەڵوێستە بکەری شیعرەکە لە پشتیەوە هەڵوێستی مێژووی ئێمە وەستاوە کە بۆ هاوسەنگی دروستکردن لە نێوان حاڵەتی شکست و ناکردەییماندا کە وەکو گرێیەکی هەست بە کەمیکردنی لێهاتووە بە قسەی دوور لە کردار واتە بە دروشم باربووی ئەو شکستەمان کردۆتەوە و لە ڕووی دەروونیەوە خۆمان قەناعەت پێهێناوە بۆ ئەوەی خۆمان لە ئازارەکانی هەست بە گرێ کەموکورتی دووربخەینەوە.

لە لایەکی ترەوە دەشێ وەها لیکبدریتەوە کە بکەری شیعرەکە بە کاریگەری پالنەریك دەجولیت کە لە جیاتی پراکتیك کردن رۆحی مەعنەوی و قسەکردنە، ئەمەش زیاتر خەیال و تیرامان و کارکردنی نائاگایی و رۆلی نەست دەردەخات کە لە هەموو ئاستیکدا بەرامبەر بە تیکشکان دەیانەویت ئەلتەرناتیڤیك پیشکەش بکەن با ئەو ئەلتەرناتیڤە یان پراکتیکەکانیشی تەنیا لە سنووری وەهمدا بن.

بکەری شیعرەکە دەماندات دەستی یەقینیك کە هەمیشە لە شیوەی ئەلتەرناتیڤی جیگیردا دەردەکەویت و بە دریژایی میژووی ئیمە لە هەمان ماهیەت و گەوهەردا خۆی نیشانداوە کە ئەویش وینەی سۆپەرمانیك یان قارەمانیکی نەبەزیووە کە لە رووی راستییەوە وانییە چونکە سۆپەرمان و قارەمان لەسەر بنەمای رووداو دروستکردن

پێناسە دەکرێن نەك لەسەر بنەمای قسەو دروشم. ئەگەر سەیری شیعری کوردی و پاڵەوانی چیرۆکی کوردی و تەنانەت پاڵەوانی حیکایەت و ئەفسانە و فانتازیای کوردی بکەین بە گشتی وێنەی هەمان بکەر دەبینینەوە کە لێرە لەم دەقەی کەریم دا (دێوی زلی چاخ نخونی لەت لەت ئەکات). بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا تا چەندێ توانیوومانە ئەم قسەیە بکەین بە کردار؟

ئەگەر لە گەوهەری پرۆسەی گۆڕینی ئەم قسەیە بۆ کردار بڕوانین ئەوا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەو گۆڕانکارییە بریتی‌یە لە شێوازی دروستکردنی مێژوو لە ڕووی دروستکردنی ڕووداوەوە. بە مانایەکی تر ئەم قسەیە مانا گۆڕینی مێژووی ئێمەیە وەکو نەتەوە لە حاڵەتی شکست و هەرەس و نائامادەبوونەوە بۆ حاڵەتی دروستکردنەوە و فۆرمەلە بوون و ئامادەبوون. بۆیە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بکەری شیعرەکە ئەگەرچی لە باری تێڕاماندایە و ئەوەش وای لێدەکات کە لە پلەی یەکەمدا شکستەکانی خۆی نمایش بکات بەڵام هەر زوو سنوورێك بۆ خۆی دادەنێت و وەکو پاڵەوانێك خۆی پێشکەش دەکات کە توانای گۆڕینی باری وەستاوی سنووری دەقەکەی هەیە بۆ بارێکی جوڵاوە، واتە هاوشێوەی دەقەکە لە واقیعی دەرەوەدا ئەو کەسێتەیە کە دەتوانێت مێژووی شکست بگۆڕێت بە مێژووی دروستکردنەوە و بنیادنانەوە.

باری تێڕامان لەم دەقەدا ئەو بارەیە کە ناسنامەی ئەو پاڵەوانە نموونەییەی کە پاڵەوانی دیاری شیعری کوردی و چیرۆکی کوردی‌یە لە ڕابردوودا دەخاتە بەردەم پرسیارەوە، پرسیار لە بوون و ماهیەتی، پرسیار لە توانای دروستکردنی کردار و لەوێشەوە دروستکردنی ڕووداو؟ ئەگەر لە خۆنمایشکردنی بکەری شیعرەکەدا و ئاخاوتن لە بارەی پراکتیکەکانیەوە هاوشێوەییەك لە نێوان بکەری شیعرەکە و پاڵەوانی (کوردی)دا هەبێت ئەوا لە هەشت دێڕی دوایدا زیاتر ئەو هاوشێوەییە لاواز دەبێت کاتێ لایەنی دانان بە حاڵەتی شکست و ناکردەییدا بەهێز دەبێت.

هەشت دێڕی کۆتایی شیعرەکە کە درێژەی حاڵەتی تێڕامان بە گوێرەی بکەری شیعرەکە نیشان دەدات، لە هەمان کاتدا پەیوەندی هەیە بە چۆنێتی خودنمایشکردن

یان خۆناساندنی بکەری شیعرەکەوە، وەکو جۆرێك لە داواکردنی خودی بکەر بۆ خۆ بنیادنانەوە دەردەکەون.

تۆزێ درەخت، تۆزێ هەناسەم پێدەوێ
تۆزێ سێبەر، تۆزێ خەنجەر
تۆزێ تێڕامان و دامان، تۆزێ ونبوون
خۆ هەڵواسین بە دارکاژی سەوزی مەژی
تۆزێ زیندەگیم پێدەوێ بۆ خودکوژی
نەختێ مەرگ و نەختێ زیندەگی پشکۆبار
تۆزێ خنکان، تۆزێ مەلەو شەختەزانی
لە سینەما پشکۆڕێژن بۆ دەروازەی جاویدانی.

بکەری شیعرەکە دوای ئەوەی ناسنامەی خۆی ئاشکرا دەکات و پێمان دەڵێت ئەو کەسێتێکی ناکردەیەو بەو شێوەیەی هەیە نابێتە بکەرێکی رووداو دروستکەر، بۆیە کەموکورتیەکانی خۆی لە شێوەی پێداویستیدا دەخاتە ڕوو هەتا زەمینە بۆ جاویدانی ئامادە بکات، دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە بکەری ئەم دەقەیە بە دوای بوون و کامڵ بوون دا دەگەڕێت و لە پشتی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە حاڵەتی (جاویدانی)یەوە گەڕان بە دوای نەمریدا ڕاوەستاوە. کە بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ هەندێ بنەما ئامادە بکات و جۆرێك لە زاهیدی و خۆنەویستی، جۆرێك لە دەربەست نەبوون و سەرکێشی، جۆرێك لە شارەزایی و پڕکێشی، جۆرێك وردبوونەوە و بێباکی لە خۆیدا کۆبکاتەوە.. تا بگاتە بەردەم دەروازەی جاویدانی. لێرەوە کۆکردنەوەی ئەو حاڵەت و خاسێتانە کە بکەری شیعرەکە دەیانخوازێت بە مەبەستی پێکهێنانی کەسێتێکی تەواوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت جاویدانی تەنیا بۆ کەسێتی تەواو فەراهەم دەبێت.

بکەری شیعرەکە بۆ ئەوەی بگات بە حاڵەتی جاویدانی یان بۆ زەمەنێك کە بتوانێت تیایدا ڕووداو دروست بکات پێویستی بەو داواکارییانە کە لە هەشت دێڕی کۆتاییدا بەرزی کردوونەتەوە، دیارە ئەو داواکارییانە بە مەبەستی گەیشتنە بە حاڵەتێك کە پراکتیکی تێدا بکات و خۆی تێدا بسەلمێنێت.. ئەمەش لە خۆیدا ئەو دەلالەتە

هەڵدەگرێت کە بکەری شیعرەکە لە بارێکی هەستکردن بە ناتەواویدا دەژی واتە لە حاڵەتی هەستکردن بە شکست و نائامادەبوونیان خۆی وەریدەگرێت کە دەڵێت: (دێوی زلی چاخ نخونی لەت لەت ئەکا). چونکە ئەگەر بکەر لەو حاڵەتی سۆپەرمانیەدا بێت ئەوا ئەو هەموو پێداویستییەی نابێت بۆ گەیشتن بە حاڵەتی جاویدانی. دیارە ئاراستەی باڵادەست لە ئەزموونی شیعری کەریم دەشتیدا ئەو ئاراستەیە کە تیایدا بکەرێکی هەست بە شکست کردوو ئامادەیەو ئەو بکەرەش بەسەر برینەکانی شکستدا ناگری بەڵکو ئازاری برینەکانی شکست و جەستەی مێژووی کوژراوی بەرەو تێرامان و شۆڕبوونەوە بە ناخی خۆدا ئاراستەی دەکەن کە لەوێش دا گەیشتن بە (هزر) گەیشتن بە ڕەگەزەکانی خۆ بنیادنانەوە دەردەکەوێت لەم حاڵەتەشدا ڕووبەری کاری پاڵەوانیانە تەسك دەبێتەوە و ڕووبەری بیرکردنەوەو خوردبوونەوە فراوان دەبێت. لێرەشەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەزموونی شیعری کەریم ئەزموونی گەڕانەوەیە بەرەو گەوهەر و ماهیەت، تەنانەت لە خوێندنەوەی مێژووشدا کە مێژووی کەسێتی شیعرەکانیەتی ناشێت ڕووداو تەنیا لە ئاستی بینراودا بکرێت بە بنەمای لێکدانەوە، بەڵکو گەوهەری ڕووداو لە ئاستە قوڵەکانی دەقەکانیدان و دەبێت لەوێڕاو لە ئەنجامی شۆڕبوونەوە بۆ دەهالیزەکانی دەقەکانی ناسنامەی ڕووداو و ماهیەتی بە مێژووبوونی ڕووداوەکان ئاشکرا بکرێن.

کەریم لەم شیعرەدا وێنەی کەسێتێکمان بۆ دەکێشێت کە سەرباری حاڵەتی ناکردەیی و تێکشکاندن ئامانجی جاویدانی دەیجوڵێنێت و بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕەگەزەکانی سروشت و لە ئەنجامی تێرامان دا دەگاتە ئاستێك کە ئەو بنەمایانە دەدۆزێتەوە کە دەشێ زەمینەی جاویدانی بۆ ئامادە بکەن. کەواتە جاویدانی بەرزترین ئامانجە کە بکەری شیعرەکە دەیەوێت پێی بگات و بە جۆرێکیش لە جاویدانی دەڕوانێت کە پەیوەستی کاتە، بۆیە ئەم دەیەوێت بەکاتی جاویدان بگات، پێیشی وایە جاویدانی لە زەمینەیەکدا بوونی هەیە کە (هزر) واتە بیرکردنەوە ئامادەبوونی هەبێت کەواتە جاویدانی حاڵەتێکە پەیوەندی بە فیکر و عەقڵەوە هەیە و بەوپێیەش هوشیاری و ئاگایی بەرهەمی دێنن، نەك هێز و سەرکێشی بێ بنەما و بێ نەخشە.

ناونیشانی ئەم شیعرە "لوتکە"یە، دیارە خودی ناونیشانەکەش لەگەڵ جیهانبینی دەقەکەدا یەکدەگرێتەوە، چونکە جاویدانیش کە ئامانجی بکەری دەقەکەیەو سەرجەم ڕەگەزەکانی دەقەکە بە شێوەیەکی هارمۆنیانەو لە ئاستێکی دیاری بەرهەم هێنانی شیعریەتەوە ئەو زەمینەیە ئامادە دەکەن کە چۆن و بە چ شێوەیەك ئەو بکەرە دەگاتە حاڵەتی جاویدانی کە لەم حاڵەتەدا لوتکە و جاویدانی هەمان ماناو هەمان دەلالەتیان هەیە. ئەگەر بکەری دەقەکە لە ڕووبەرێکی فراوانتردا دابنێین کە ببێتە بکەری ئێمە، ئەوا ئەو بکەرە لە چرکەساتی هەستکردن بە شکستەوە ویستی گەیشتن بە لوتکە دەیجوڵێنێ کە ئەویش ویستی خۆدروستکردنەوە و خۆ بنیادنانەوەیە.

# پیس بوونی ڕۆح و
# هەرەس هێنانی بەهاکانی جوانی
# لە شیعری ( فەرموودەکانی پێش مردن )ی
# جەمال غەمباردا

-١-

(فەرموودەکانی پێش مردن) شیعرێکی جەمال غەمبارە کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤دا نووسیوویەتی و لە کۆمەڵە شیعری (مەنفاکان..)دا کە لەم دواییەدا بە چاپی گەیاندووە بڵاوکراوەتەوە. جگە لەم شیعرە، ئەم کۆمەڵەیەی جەمال غەمبار بەگشتی جێگای لێدوان و قسە لەسەرکردنە، لە ڕوانگەی جیهانبینی شیعری و شێوازی نووسینیشەوە.

جەمال یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی دوای ئەزموونی ڕوانگەو هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە هەوڵیداوە لەژێر دەسەڵاتی گوتاری ڕوانگە دەربچێت و گوتارێکی نوێی شیعری بنیاد بنێت. بەڵام هەتا دوای ڕاپەڕینیش هەر لەژێر کاریگەری گوتاری ڕوانگەدا بووە چ لە ڕووی شێوازی شیعری و چ لە ڕوانگەی جیهانبینی شیعرییەوە. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا جەمال بە ئاشکرا لەژێر دەسەڵاتی گوتاری ڕوانگە دەرچووە، بەڵام تاکو ئێستاش لە بارێکی شلۆقدایە لە نێوان دۆزینەوەی زمانێکی تەواو جیاواز و گوتارێکی تەواو جیاوازدا لەگەڵ مەیلی گەڕانەوە بۆ ئەو گوتارەی ڕابردوو. گەرچی ئاڕاستەی بەرەو بوون بە دەنگێکی سەربەخۆ بە ئاشکرا لە ئەزموونی ئەم دواییەی شیعری جەمالدا هەستی پێدەکرێت ئەمە سەرباری ئەوەی جۆرێك لە هاوشێوەیی یان کاریگەری ئەزموونە دیارەکانی شیعری دوای ڕاپەڕینی پێوە دیارە، بە تایبەتی فەزاو شێوازی ئەزموونی بەختیار عەلی و لە لایەکی تریشەوە سیمای شێوازی شیعری کەریم دەشتی لە ئەزموونی شیعری جەمالیشدا هەیە، دەکرێ سەرباری کارتێکردن و کارلێکردنی ئەزموونەکانی یەك مادەی مێژووی وەها سەیر بکەین کە هەموویان پێکەوە ئەزموونێکی تری شیعری کوردین کە پێی دەوترێت ئەزموونی دوای ڕوانگە. گەرچی هەندێ جار جەمال دەگەڕێتەوە بۆ شێوازێکی ڕاستەوخۆو دواندنی عاتیفەی

سیاسی خوێنەر لە بری ئەوەی ڕۆح و هەستی ئێستاتیکیان بدوێنێ. هەڵبەت لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە بڵێین جیهانبینی شیعری جەمال مەودایەکی قوڵی ئینسانی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەو شیعرانەشیدا کە عاتیفەی سیاسی خوێنەر دەدوێنێ، هێشتا مەودایەك بۆ تێڕامان، پانتاییەك بۆ دواندنی ڕۆح و نهێنییە پەی پێ نەبراوەکانی ڕۆح و ناخی مرۆڤ ماوەتەوە.

-٢-

(فەرموودەکانی پێش مردن) یان (ئیعترافە جوانەکان) وەکو ناونیشانی ئەم شیعرەیە کلیلی بەرەو کردنەوەی دەقەکەمان پێشکەش دەکات کە کەسێك دەشێ نوێنەری هەموو مرۆڤایەتیش بێت پێش ئەوەی بمرێت، مێژووی مرۆڤایەتی دەخاتەڕوو، بە هەموو خەوش و دزێوییەکانیەوە، بە هەموو جوانی و بەها دۆڕاوەکانیەوە. لە ناونیشانەکەوە دەردەکەوێت کە قسەکەر دوا ئیعترافی خۆی دەکات و نایەوێت هیچ نهێنییەك دەربارەی گەردوون بە هەموو بەستراوەکانییەوە کە گرنگترینیان مرۆڤە لەژێر پەردەدا بهێنێتەوە. حاڵەتی دان پێدانانیشی لەژێر دوو هۆکاردا دەبێت، یان هۆکارێکی ئاینییە بە مەبەستی پاشگەزبوونەوەو خواستی لێبووردن. یان نیشاندانی بێهوودەیی گەردوون و هەموو بەهاکانیەتی بە ژیانیشەوە. واتە هەر لە ناونیشانەکەوە ئاماژە بۆ جۆرێك لە کۆتایی دەکرێت کە ئەویش کۆتاییهاتنی ژیانە، لە سنووری ناونیشانەکەدا دەشێ تەنها وەها لێکبدرێتەوە کە کۆتاییهاتنی خودی ئیعترافکەرە، بەڵام کە بەنێو دەقەکەدا شۆڕدەبیتەوە تێدەگەیت کە ئەو دان پێدانانە بە ناوی هەموو مرۆڤایەتیەوەیە و بەو پێیەش (کۆتایی) بریتییە لە کۆتایی مێژوو، کۆتایی گەردوون و ژیان. نەك تەنها لەم شیعرەدا بەڵکو لە سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەم ساڵانەی دوایی جەمال دا ئاماژە و دەلالەتی بەرەو کۆتایی هاتن دەدۆزرێتەوە.

لە پشتی ئەم ئاماژەیەشەوە مەدلولێکی قوڵتر هەیە کە ئەویش پیس بوونی ڕۆح و هەرەسهێنانی جوانیەکانە بە هەموو ماناکانیانەوە. ئەوەتا دەڵێت:

لەگەڵ تەروەکانی تردا

لە بەردەم پرتەقاڵە گەنیوەکانی

عاتیفەدا ڕاکشێ..

یاسایەك بۆ شەڕ و نیگەرانی بدۆزەرەوە

شەریعەتێك بۆ خۆکوشتن دابڕێژە.

هەر لەم دەستپێکەوە کە شاعیر کەسێکی دی دەدوێنێ و دەشێ مەبەست هەموو مرۆڤایەتیش بێت. داوای لێدەکات هەمان شێوەی مردووەکانی تر، هەموو ئەو مرۆڤانەی مردوون، ئەمیش ڕابکشێت.

شوێنی ڕاکشانیشی بۆ دیاری کردووە کە بەردەم پرتەقاڵە گەنیووەکانی عاتیفەیە. ئەوەی شاعیر دەیدوێنێ (واتە ئەو، یان مرۆڤ) دەردەکەوێت بێتوانایەو ناشێت ببێتە بکەرێك کە بوونی خۆی بسەلمێنێت و کردار دروست بکات، کردارێك کە لە ئاستی دروستکردنی گۆڕانکاریدا بێت. هەربۆیە پێی دەڵێت بوونی تۆش بێواتایە، باشتر وایە بچیتە ڕیزی تەرمەکانەوە، ئەو بکەرەی ناتوانێت ڕووداو دروست بکات جیاوازی نییە لەگەڵ تەرمەکاندا.

شاعیر شوێنی ڕاکشانەکە لە ڕێگای وەسفکردنەوە نیشان دەدات کە بریتییە لە بەردەم پرتەقاڵە گەنیووەکانی عاتیفە. سۆز وەکو تۆخمێکی قەشەنگ و جوانی ناخی مرۆڤ ئێستە لە شێوەی پرتەقاڵی بۆگەندا نیشان دەدرێت، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ناخی مرۆڤ بۆگەنی کردبێت، لە بری میهر و بەخشندەیی و سۆزی گەرم و گوڕ ئێستە ناخی مرۆڤ و عاتیفەی بۆتە پرتەقاڵێکی گەنیو، لێرەوە کردەی شیعری لە وەسفکردنی حاڵەتێکی ئینسانی قوڵدا ئەو چرکە ساتانە بەرجەستە دەکات کە سەرچاوەی سۆزو ڕۆحی مرۆڤ پیس دەبێت. ئەو کاتەش خەسڵەتە جوانەکانی ڕۆح وەکو سیمای جوانی شیعر هەرەس دەهێنێت و لە ئەنجامی ئەوەشدا مانای شتەکان دەگۆڕێن دەبێ ناوی نوێ و پێناسەی نوێیان بۆ بدۆزینەوە چونکە گەوهەری ڕاستەقینەی خۆیان ونکردووە.

شاعیر داوای دۆزینەوەی یاسایەك بۆ شەڕ و نیگەرانی دەکات، شەریعەتێك دەخوازێت کە خۆکوشتن حەڵاڵ بکات هەر لێرەوە باری پەشێوی دەروونی خودی شاعیر لە لایەك و شێواندنی گەوهەری شتەکانیش لە لایەکی ترەوە دەردەکەوێت، ئەوەش

دیاره هۆکاری سیۆسیۆلۆژی دەوری کاریگەری لەسەر بینینی شاعیر هەیە و ڕووداوەکانی نێو پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتی لە جیهانبینی شیعری ئەمدا بەم شێوەیە ڕەنگ دەدەنەوەو، لە باری یەکەمدا هەرەسی ڕۆح و جوانی و سۆز و عیشق و خۆشەویستی ئەو ڕووداوە دزێوانە دروست دەکات، لە باری دووەمدا ئەو ڕووداوانە کە لە سەرووی هەموویانەوە (شەڕە) بە ئاڕاستەیەکی تر دەبێتە هۆی وێرانکردنی ڕۆحی هەمووومان و بێبەهاکردنی هەموو شتە جوانەکان.

شەڕ هیچ یاسایەکی نییە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە مۆتیڤی دەسەڵات لە پشتییەوە وەستاوە و ڕۆحی ئینسانی پێدەخوات، نیگەرانی یان هەڵوێست نواندنە بەرامبەر کارەساتی شەڕ، یان سەرەتای دروستبوونی (نا)یەکە لە ڕۆحی ئینساندا کە دەشێ بەرەو تێڕامان و لە ئەنجامیشدا بەرەو بڕیاردانی ببات، بەڵام دیسان ناکرێت چرکەکاتی نیگەرانی و تێڕامان بخرێتە چوارچێوەی یاساوە، هەرچۆن چرکەساتەکانی شیعر و بەرهەم هێنانی شیعریەت لە دەرەوەی هەموو یاساو دەستوورێکدان.

کاتێ شەڕ دەبێتە (عادەت- خو) نەك یاسا، مەرگ لەبەردەرگا چاوەڕوانی کێشانی ڕۆحی مرۆڤایەتی دەکات. ئەوکاتەیە هیچ مانایەك بۆ خۆکوشتن نامێنێتەوە. ئەگەر خۆکوشتن ڕەفزکردنی تەواوەتی یاساکانی گەردوون بێت و هەوڵدانی مرۆڤ بێت تا بە گەردوون بڵێت یاساکانت بێ بەهان، ئەو ژیانەی داوتە پێم بێنرخە و ڕەتی دەکەمەوە، ئەوە لە لایەك پێویستی بە شەریعەت بۆ دانان نییە چونکە بکەری ڕووداو دروستکەر با ڕووداوەکە کردەی خۆکوشتنیش بێت. بەپێی بەرنامە و یاسایەکی دیاریکراو ناجوڵێت. چرکەساتی خۆکوشتن هەمان شێوەی ساتە شیعرییەکانە، دەشێ مۆتیڤی خۆکوشتن بێئومێدی بێت لە ژیان و بەهاکانی بەڵام هێشتا ناتوانرێت شەریعەتێکی بۆ بدۆزرێتەوە، ڕەوابوونێکی پێ بدرێت چونکە لە پرۆسەی خۆکوشتندا ڕۆحێك بۆ هەتا هەتایە دەکوژرێت، دۆزەخێك بۆ ئومێدو گۆڕستانێك بۆ ئاواتەکان و پایزێك بۆ هەڵوەرینی گەڵاکانی ڕۆح ئامادە دەکرێت.

لە لایەکی ترەوە ئەگەر مردن لە ئەنجامی شەڕدا لەبەردەرگای مرۆڤ وەستابێت و چاوەڕوانی گیان کێشانی بکات، ئەوسا خۆکوشتن بێواتایە، چونکە بەهەر ڕێگایەکیان

بيت مرۆڤ دەگاتە هەمان ئەنجام کە لەنيو چوونە. خۆکوشتن لەوساتانەدا ماناى خۆى هەيە کە ژيان پاريزراوە و لە بەردەم مەترسيدا نىيە. ليرەدا ئەو مەدلولە نائاشکرايە لە پشتى دەقەکەوە راوەستاوە کە شەر هەموو شتيکى تيکداوە و مردن و خۆکوشتن و بۆگەنکردنى عاتيفەى مرۆڤ بۆتە کاريکى ئاسايى، کەواتە دەشێ هەولبدريت ئەم خاسيەتە دزيوانە بخريتە سنوورى ياساوە و شەريعەتيان بۆ دابنريت هەتا مرۆڤ ئاسايى وەريان بگريت. هەلويستى شاعير لە بەرامبەر ئەم بارە دزيوەدا ئاشکرايە کە لە حسيکى شاعيرانەى بەرزەوە ديت و گريان و رۆچوونە بە ناخى خۆيدا کاتێ هەست بە ويرانکردن و ناشيرين بوونى رۆح و بەهاکانى جوانى دەکات.

وا پێدەچێ ئاخيرەت بێ، برانەوەى گەردوون و

نقوم بوونى حەسرەتە وەدى نەهاتووەکان بێ..

شەر کاريگەرى خۆى لە لاوەعى شاعيردا چاندووە و مەترسييەکى گەورەى تيا خولقاندووە، بە ئەندازەيەك وا پيشبينى دەکات کە دنيا تەواو دەبيت و هيواو خواستە بەدى نەهاتووەکانى مرۆڤيش دەخرينە چال. ليرەدا بە ئاشکرا گۆرانى بۆ کۆتايى هاتنى ميژوو دەليت بەلام گۆرانيەکى پر لە غەم و کەسەر کە هيشتا مرۆڤايەتى لە سەرەتاى ريگادايە و هيواو ئاواتەکانى هيشتا بە هەلواسراوى ماونەتەوە کەچى زەنگى کۆتايى هاتن ليدەدريت. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەلدەگريت کە ميژوو کۆتايى ديت و مرۆڤايەتى لەناودەچيت. بەلام لە هەمان کاتدا ئەگەر بەهاکانى جوانى و رۆح هەرەسيان هينابيت و سۆز و خۆشەويستى بۆگەنيان کردبيت. ئەوە با گەردوون وەك خۆيشى مابيت و ئاوەدان بيت بەلام مرۆڤايەتى هەرەسى هيناوە. شەر بۆتە هۆى لە دەستچوونى هەموو ماناو بەهاکانى ژيان، تەنانەت زمانيش واتاى خۆى لە دەست دەدات کاتێ داواى دۆزينەوەى ياسايەك بۆ شەر و شەريعەتيك بۆ خۆکوشتن بکەين.

شاعير لە ئيستەدا وەستاوەو دەگەريتەوە بۆ رابردوو، لە رووى يادەوەرييەوە ئەوسا دەدوينيت. بەلام رابردووش بە گەش و پيرۆز نابينيت و وەکو شاعيريکى رۆمانسى گۆرانى بە چرکە جوانەکانى ئەو ميژووەدا ناليت، بەلکو رابردووش لە ئيستەدا نيشان دەداتەوە کە ئەويش جگە لە ويرانەيەك هيچ نەبووە، ئەوەتا دەليت:

لە بری سێبەرە کوژراوەکەی تۆ، لە جیاتی
منداڵی بزرکراو و گەنجێتی سەر بڕراوم
پێدەچێ، چڵێ گوناهی شکاو و
گۆرانی‌یەکی بەسەرچوو ماچ بکەم.

شاعیر لە ئامادەکردنەوەی ڕابردوو لە ئێستەدا مەبەستی‌یەتی بڵێت، ژیان هەموو کاتێکی بە گوێرەی ئەو وەك یەکە، ڕابردوو بریتی‌یە لە بزربوون و سەربڕینی حەزو ئاواتەکانی لاوێتی. ئێستەش ڕاکشانە لەگەڵ تەرمەکانی تردا بەدیار پرتەقاڵی گەنیووی عاتیفەوە، شەڕیش لە بەردەرگا وەستاوە چاوەڕوان دەکات، مێژوو بەرەو کۆتایی دەچێت. هەر ئەم تێڕوانینەیە کە شاعیر دەخاتە سەر کەڵکەڵەی دۆزینەوەی شەریعەتێك بۆ خۆکوشتن. کاتێ مرۆڤ نەتوانێت بکەرێکی خوڵقێنەر و ڕووداو دروستکەر بێت بوونی هیچ مانایەکی نی‌یەو دەشێ بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە.

جەمال بەرجەستەی حاڵەتی بەسەراب بوونی هەوڵ و تەقەللای مرۆڤ دەکات بۆ گەیشتن بە خۆزگەو حەزەکانی. ماچ کردنی چڵێ گوناهی شکاو و گۆرانییەکی بەسەرچوو دەلالەتی بە سەراب بوونی ئەو کارە هەڵدەگرێت کە دەیەوێت بیکات. لە پشتی هەر دەلالەتێکی بە سەراب بوونەوە بکەرێکی ناکردە ڕاوەستاوە کە توانای دروستکردنی هیچ کارێکی نی‌یە. یان ئەو پانتاییەی کە دەیەوێت تیایدا بجووڵێت و ڕووداو دروست بکات سەرابە. لە سەرابیش هیچ ئەنجامێك دەستگیر نابێت جگە لە بێ ئومێدی. کە هەندێ جار گەیشتن بە خاڵی بێ‌ئومێدبوون زەمینە بۆ دروستبوونی حاڵەتی تێڕامان خۆش دەکات کە دەشێ جۆرێك لە پرسیار دروست بکات. بەلام لەم شیعرەی جەمال دا تێڕامان زیاتر بکەری شیعرەکە دەخاتە حاڵەتی گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکانی ڕابردوو، ئەو ڕابردووەی کە ئەوسا نەیتوانیووە هیچ پرسیارێکی تیادا دروست بکات.

شاعیر هیچ ئومێدێکی ڕامکردنی بەها جوانەکانی نەماوە، ڕۆحیش لەنێو کارەساتە دژوارەکاندا تەڵخ بووە. تاکە تروسکەیەك کە مابێت و گەرمی مانەوەمان بداتێ (چەپکێ وەسوەسەی عەشقێکی پیرۆزەیی و باوەشێ مەرجانی خەمە). هەر لێرەوە

ئـەوە ئاشـکرا دەبێـت کـە شـاعیر وەهـا لـە سـەرجەم مرۆڤایـەتی دەڕوانێـت کـە هـەموو حاڵەتی (زوهـد)یـان هـەڵبژاردبێت و هـەموو خۆراکێکیـان بووبێتـە خـەم و لـە عیشـقی گەیشـتنا بـن بـە نـوری خـودا. کـە عیشـقی پـیرۆزەیی دەلالـەتی خۆشەویسـتی عـوزری هەڵدەگرێت لە  لایـەك و لـە لایـەکی تریشـەوە بریتیـیە لـە خۆشەویسـتی زاهیدێـك بـۆ خوای خـۆی. هـەر لێرەوە جۆرێـك لـە ڕۆحـی سـۆفیەت لای جـەمال دەردەکـەوێت و لـە پشتی ئەوەشەوە ئەو دەلالەتە ڕاوەستاوە کە جۆرێك لە هیواخواستنی زاهیدانە بۆ ژیان هەیـە، بـەڵام ئـەم هیـوا خواسـتنە لـە دوای کارەسـاتەکانی شـەڕ و ڕوخـاندنی بـەهاکانی جوانی و پیرۆزی ڕۆح دروستبووە، کاتێ کـە ڕێگایـەکی تـر بـۆ دەربـازبوون نەماوەتـەوە. ئەوەتا دەڵێت:

تۆ بڕوانە، چی ماوە جگە لە چەپکێ وەسوەسەی

عەشقێکی پیرۆزەیی و

باوەشێ مەرجانی خەم نەبێ، هەناسەی

پێبدەین.. چی ماوە.. چی؟

گوێ ڕادێرە.. چی ماوە، ئەسپەکانی عەشیرەت

سمکۆڵانی کوشتنی سنبولی جوانی و

کوڕژنی پێشێل کردنی میهرەبانی تێدا نەکەن؟

شـاعیر لـە بـاری یەکـەمدا بـە شـێوەیەکی گشـتی و بـەربڵاو دەربـارەی کارەسـاتەکان دەدوێت، بەڵام دواتر تایبەتمەندی دەکات و دەردەکەوێت دەربارەی  ئـێرەو خـودی ئێمـە قسـە دەکـات ڕاسـتەوخۆش بـەناوهێنانی (عەشـیرەت) پـەردە لەسـەر گەوهـەری مەبەسـتەکەی لادەبـات و دەشـێ بڵێـین بـەرزترین لوتکـەی جوڵـە لـە شـیعرەکەدا لـەم دێڕەدایە (ئەسپەکانی عەشیرەت سنبولی جوانی  دەکوژن و میهرەبانی پێشێل دەکەن). دەشـێ ئەسـپەکان هێمـابێت بـۆ کوڕانـی عەشـیرەت، کوڕانـی کـورد کـە چـۆن لـە بـری پیرۆزکردنی ڕۆح و جوانکردنی هەموو ناشیرینییەکی ڕابردوو، تەنانەت  ڕۆحـی جوانـی و سنبولی ئازادی و مۆتیفی مانەوە دەڕوخێنن. ئەوەش لە ئەنجامی درێژەپێدانی شەڕ و پەیڕەوکردنی داواکاری ڕۆحە نەگریسەکاندایە. لە ڕووی کرۆنۆلۆژیشەوە دەتوانـین ئـەم

لێکدانەوەیە بسەلمێنین چونکە شیعرەکە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤دا نووسراوە واتە لە گەرمەی شەڕی نێوان براکاندا، ئەو شەڕەی کە سنبولەکانی جوانی تێدا هەتك کران و ڕۆحی ئینسانی کوردی تیادا تەڵخ کرا. مەترسیەکانی کارەساتی ئەم شەڕەیە کە شاعیری گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کە زۆر بە ترسەوە سەیری ئاینده بکات و پێی وابێت دنیا کۆتایی دێت و مێژوو ئاش بەتاڵی لێدەکات، ئەگەر ئەم تێڕوانینە تایبەتمەند بکەین و ببیەستینەوە بە ئینسانی کوردەوە یان: بە کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە ئەوا حەق دەدەین بە شاعیر کە مافی خۆیەتی لە حسی شیعرییەوە کارەساتی شەڕی ئێمە لەگەڵ خۆماندا بە گوێرەی خۆمان بە ئاخیرەت ناوببات و بە کۆتایی مێژوو ناوزەنی بکات.

-٣-

پێش ئەوەی هیچ پرسیارێك کرابێت شاعیر داوا لە بەرامبەرەکەی دەکات کە پرسیار نەکات، ئەم خۆی ڕووداوەکان دەخاتەڕوو، بەڵام نایەوێت پرسیار لە هۆی ڕوودانیان و لە ناسنامەی بکەرەکانیان بکرێت. ئەوەش یان ئەوەتا مەسەلەکان هێندە ئاشکران شایانی پرسیار لە بارەوە کردن نین، یان شاعیر نایەوێت پەردە لەسەر هۆکاری ڕووداوەکان و ناسنامەی بکەرەکانیشیان لاببات، بۆیە لە وەسفی ڕووداوەکان بەردەوام دەبێت و جار بە دوای جاریشدا داوا دەکات پرسیاری لێنەکرێت، نەوەکو پرسیار ببێتە هۆی ئاشکراکردنی نەزانراوی تریش لە پاڵ ناسنامەی بکەری ڕووداوەکاندا. گرنگ بەلای ئەمەوە ئەوەیە ئێمە ڕابردوومانیان ڕوخاندووە و ئێستەشمان دەڕوخێنن. شاعیر خۆی دوور دەخاتەوە لە دەست نیشانی کردنی ئەو بکەرانەی کە ڕۆحی ئێمە و مێژووی ئێمەیان وێران کردووە، بەڵکو تاوانەکان دەداتە پاڵ هەموو مرۆڤایەتی ئەوەتا دەڵێت:

مەپرسە.. نا.. لێم مەپرسە<br>
پەنجەرە بەردینەکانی سەر ئەم بەندەرە<br>
چۆڵانە بۆ دەشکێنرێن<br>
کێها مامزەکانی ڕابردوو ئەتك دەکا<br>
کێ کچە کۆست کەوتووەکانی ئێستا<br>
بۆ یەکەم شەوی سووری فێرعەون

دەکاتە پەردەوە..!

لە چی دەپرسیت.. ئیدی وازبێنە لە پرسیار

هەموو دنیا، خەتابارە لە هەڵوەرینی ماچەکان..

سەراپا بەشەرییەت مەحکومە بە گوناه.. گوناهی

دۆزینەوەی مانشێتێکی تازە بۆ شەڕ.

شاعیر پێی وایە سەرجەم مرۆڤایەتی دەستی هەیە لە دروستکردنی کارەساتەکاندا، لە کوشتنی سنبولەکانی جوانی و پیس کردنی ڕۆحدا.

ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە مرۆڤ ئەو ئەفریدە بووە شەڕەنگێزەیە کە بەردەوام لەژێر کاریگەری غەریزەی ڕوخاندندا دەجوڵێت و ئەوەش وەهای کردووە کە سەر زەمینێك بۆ بەختەوەری، سروەیەك بۆ حەوانەوە، بایەك بۆ هەناسەدان نەمێنێتەوە و مەودایەك بۆ ئایندەخوازی نەپارێزرێت.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت پێویست ناکات لە هۆکارو بکەری شەڕ بپرسین، پێویست ناکات بزانن کێ تەرمەکانی ڕاکێشاوە و کێ پرتەقاڵی عاتیفەی بۆگەن کردووە و کێ سنبولەکانی جوانی کوشتووە و کێ ڕابردوو ئێستامانی ڕوخاندووە. هەموو مرۆڤایەتی تاوانبارە بە بەشداری کردن لە هەموو ئەو کارە دزێوانەدا کە ئەنجامەکەی بریتی‌یە لە کوشتنی ڕۆحی ئێمە و هەرەس پێهێنانی بەها ئینسانی و نەتەوەییەکانمان.

دیسان شاعیر ئەوە ئاشکرا دەکات کە سەرجەم مرۆڤایەتی تاوانبارە لەوەیدا کە دەیەوێت ناونیشانی شەڕ کە دزێو و ناشیرینە بگۆڕێت بە ناونیشانی تر، ناونیشانێك کە هێشتا ئەوەندە دزێو نەبوبێت مرۆڤایەتی خۆی بێزی لێبکاتەوە، ئەمەش بۆ جوانکردنی ناشیرنێتی شەڕ. کە لە پشتی ئەمەوە ئەو دەلالەتە ڕاوەستاوە کە جۆرە شەرعیەتێك بە شەڕ دەکات.

جارێکی تر دەڵێت:

لێم مەپرسە

بۆچی ئەم دەهرە پڕبووە لە پادشای نەزۆك و

زانای جاهیل و، خائینی نیشتمانپەروەر

پڕبووە لە هەتاوی مردوو..

شاعیر وەسفی ئەم سەردەمەی ئێمە دەکات، بەڵام پێشمان دەڵێت پرسیار مەکەن کە هۆی چییە و لەبەرچی وایە. پاشاکانی ئەم سەردەمە نەزۆکن و زاناکانی نەزان و خائینەکانی نیشتمان پەروەرن. هەتاوی ئەم سەردەمە هیچ گەرمیەکی نییە. دەبینین ئەو ئاوەڵناوانەی کە بەکارهێنراون بۆ وەسفی ناوەکان واتای دژ دروست دەکەن. ئەمەش لە لایەك ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە (شەڕ) هەموو شتێکی شێواندووە تەنانەت زمانیش لە بارى سروشتی خۆی دەرچووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کاتێ ژیان گەوهەری خۆی لە دەست دەدات، کاتێ ڕۆحی خاوێن تەڵخ دەبێت، کاتێ سنبولەکانی جوانی دەگوژرێن زمانیش یاساکانی ڕێزمان و تەنانەت سیمانتیکیش لە دەست دەدات. بە بۆچوونێکی (بێکێتیانە) کاتێ ژیان هیچ مانایەکی نامێنێت زمانیش هەموو بنەماکانی خۆی بەجێ دەهێڵێت بۆ ئەوەی گوزارشت لەو بێماناییەی ژیان بکات.

لە لایەکی ترەوە وەسفکردنی ناوەکان (پادشا، زانا، خائین) بە ئاوەڵناوەکانی (نەزۆك، جاهیل، نیشتمانپەروەر) ئەوە دەگەیەنێت لە شێواندنی ژیان و بێبەهابوونی دیواری نێوان جەمسەرە جیاوازەکانی ڕوخاندووە. واتە جیاوازی لە نێوان جوان و ناشیرین، خائین و نیشتمانپەروەر، شەڕ و ئاشتی، فریشتە و شەیتاندا نەماوە، ئەمەش ئەو کاتەیە کە شاعیر تیایدا لە ڕێگای دەقێکی هونەرییەوە بەرجەستەی جیهانبینی خۆی بەرامبەر بە ژیان دەکات. ژیانێك کە هیچ هارمۆنیەکی تێدا نەماوە.

جارێکی تر دەڵێت:

مەپرسە، نا.. لێم مەپرسە،

کێ ڕووبارەکانی پڕ لە گەوجێتی و

کۆترەکانی فێری فسەکە فسك و

درەختەکانی وا ڕاهێنا

ڕاپۆرت لە یەکتری بدەن!

هەموو دنیا، سەراپا بەشەرییەت

خەریکە مانایەکی تازە بۆ شەڕ و چیرۆکی خەتا دەدۆزێتەوە.

شاعیر دەزانێت بکەری گەوجکەری ڕووبارەکان و فێرکەری کۆترەکان و ڕاهێنەری درەختەکان بۆ خراپەکاری، هەر مرۆڤە، بەلاّم نایەوێت کەس لەو بارەیەوە پرسیاری لێبکات. مرۆڤە کە دەیەوێت شەڕو خەتا بە پیرۆز دابنێت و مانای تازەیان لە فەرهەنگدا، لە عەقڵی خەڵکدا بۆ دابنێت، مرۆڤە مانشێتی نوێ بۆ شەڕ دەدۆزێتەوە.

ڕووبارەکان دەشێ سەرچاوەی ژیان و هێمای خاوێنی و سیمای نەمری بن، کۆترەکان گەوهەری ڕۆحی مرۆڤ و سمبڵی ئاشتی بن، درەختەکانی بریتین لە خودی ئێمە، ئێمەی مرۆڤ، چ کۆترەکان و چ ڕووبارەکان و چ درەختەکان، مرۆڤایەتی ناسنامەی لێ سەندونەتەوە و سیفاتی خۆیانیان ونکردووە، هەرچۆن ژیان مانای ڕاستەقینەی خۆیی لە دەستداوە.

شاعیر هەر لە دەستپێکی شیعرەکەوە تاکو نزیکی کۆتایی وەسفی هەرەسهێنان و ڕوخاندنی جوانی و بەهاکانی ژیان دەکات بە هۆی کارەساتی شەڕەوە. داوا لە بەرامبەرەکەشی دەکات کە پێویست ناکات هیچ پرسیارێکی دەربارەی ناسنامەی بکەری ئەم کارەساتانە لێبکات چونکە بکەری هەموو ئەم ڕووداوانە خودی مرۆڤایەتییە، مرۆڤایەتیش دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەوە لەوەی کە دەیەوێت مانای نوێ بۆ شەڕ و تاوان بدۆزێتەوەو بەوەش بیانوو بۆ ڕەوابوونی بهێنێتەوە. بەلاّم ئەم دەقە سەرباری وەسفکردنی دەرئەنجامەکانی کارەساتی شەڕ، ڕەخنەگرتنێکی توندوتیژ لە ماناشە لە ڕۆحی شەڕخوازی مرۆڤ و دەرخستنی غەریزەی نائینسانانەی مرۆڤیشە بۆ ڕوخاندن و هەرەس پێهێنانی ئینسانیەت خۆیی و بەها جوانەکانی.

شاعیر بۆ کەسی دووەم دەدوێت، ئیتر گرنگ نییە کەسی دووەم کەسێکی تایبەتە وەك گوێگر یان هەموو مرۆڤایەتییە داوای لێدەکات هیچ پرسیارێك نەکات. خۆی وەسفی هەموو ڕووداو و کارەساتەکانی بۆ دەکات، ئەنجامیش پێی دەڵێت کە ئەو بێئاگایە و لە ڕۆحی بێگەردو خاوێنی خۆیەوە سەیری شتەکان دەکات و دەیەوێت هەموو فریشتە بین، کەس ئازاری پەپولەو گەڵای درەختەکان نەدات. ئەوەتا دەڵێت:

هەموو دنیا، سەراپا بەشەرییەت

خەریکە مانایەکی تازە بۆ شەڕو چیرۆکی خەتا دەدۆزێتەوە
کەچی تۆ.. تازە داوا لە پاسارییەکان
دەکەیت، خەتا مەکەن
با خواوەند کوێرتان نەکات!

لێرەدا تایبەت بە کەسێتی ئێمە ئەو دەلالەتە بەرجەستە دەبێت کە ئێمە سادە و ساکارین و تاکو ئێستە نەمانتوانیووە بە عەقڵ و فیکر ئیش بکەین دەشێ هۆکەشی ئەوە بێت ئێمە بەو چاوە ڕوانیبێتمان کە نابێ ئازاری پاسارییەکانیش بدەین نەوەك خودا کوێرمان بکات. ئەمەش دەلالەتێکی قوڵتری هەیە و ئەوەیە کە ئێمە خاوەنی خۆمان نەبووین و بەردەوام هێزێك لەسەر سەرمان ڕاوەستاوە و لە هەر هەنگاوێکماندا ترساوین لە لێپرسینەوەی ئەو. بە واتایەکی دی ئێمە ئەفریدەبوویەکی قەدەری بووین و هیچ بڕیارێکمان لە دەستی خۆمان نەبووە، ئەوەش نەك هەر ئیرادەی لێ سەندوینەتەوە بەڵکو هۆکارێکی سەرەکیش بووە بۆ بێئاگاکردن و گێل کردنمان بە ئەندازەیەك کە توانای پرسیاریشمان نەبووە، هەرچۆن بکەری شیعرەکە دەڵێت (لێم مەپرسە) بە هەمان شێوە ئێمەش نەمان پرسیووە. یان هەر لە بنەڕەتەوە پرسیارمان نەبووە یان پرسیارمان لا دروست نەبووە.

لە لایەکی ترەوە شاعیر پێمان دەڵێت لە کاتێکدا مرۆڤایەتی هەوڵی گۆڕینی تەنانەت مەفهومی شەڕ و خەتایش دەدات، تازە ئێمەی گوێگری هەمیشەیی داوا لە پاسارییەکان دەکەین خەتا نەکەن نەوەك خواوەند کوێریان بکات. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە خود سەلماندن لە پەراوێزەوە بەدی نایەت، بۆ ئەوەی بوونی خۆ بسەلمێنیت دەبێ ئامادەبوونی خۆت لەنێو کێشەو ململانێکاندا نیشان بدەیت. گوێگری شیعرەکە ئەو پاڵەوانە نائامادانەن کە مەوداو ڕەهەندی بینینیان لە خۆیان دوور ناکەوێتەوە، بۆیە لە کاتێکدا مرۆڤایەتی پلانی گۆڕینی ناوی تاوان و شەڕی هەیە، ئەم لەگەڵ خەمی سادەی خۆیدا دەژی ئەو خەمە سادەیەش نایگەیەنێت بە کاروانی مرۆڤایەتی، بەڵکو هەر بە جێماوی دەمێنێتەوە. لەم حاڵەتەشدا شەڕ ڕۆحی دەکوژێت و هەرەس بە هیواکانی دەهێنێت و فڕێی دەداتە پانتایی لە بیرچوونەوە و نەمانەوە..

جەمال غەمبار پانۆرامای شەڕ و کاریگەرییەکانیمان لەم شیعرەدا پێشکەش دەکات، بەڵام لە شێوازێکی هونەریداو بە زمانێکی جیاواز لەو زمانەی شاعیرانی ڕوانگە بەکاریان دەهێنا. (فەرموودەکانی پێش مردن) هەوڵێکی جیدییە بۆ بەرزکردنەوەی پرسیارەکانی ئێمە دەربارەی بێپرسیاری خۆمان و ئامادەبوونی ئەوانی تر، لەگەڵ شۆڕبوونەوەیەکی قوڵ بە ناخی مرۆڤایەتیدا و چۆنێتی پیس بوونی ڕۆحی مرۆڤایەتی و هەرەسهێنانی بەهاکانی جوانی و ژیان.

سلێمانی/ سەرەتای ١٩٩٨

## پارانەوە لە ئاو
## لە نیوان تێپەڕاندن و گەڕانەوەدا

"پارانەوە لە ئاو" کۆمەلە شیعریکی شاعیر جەمال غەمبارە کـە سـەرەتای ئـەم سـال لە بەرگیکی قەشەنگدا بنکەی رووناکبیری گەلاویژ بە چاپی گەیاندووەو (نۆ) شیعری لە خۆی گرتووە کە بەرهەمی ئەم سالانەی دوایی شاعیرن.

جەمال غـەمبار یەکیکە لـە شاعیرە دیارەکـانی نـەوەی دوای روانگـەو ئـەزموونی حـەفتاکانی شـیعری کوردی. ئـەمیش لـە سـەرەتاوە لـەژیر کاریگـەری هـەمان شـیواز و هەمان روانینی شیعری نەوەی حـەفتاکاندا شـیعری نووسـیووە. بـەلام لەگـەل رۆیشـتنی کاتدا زیاتر لـەو ئەزموونـە دیارەی شـیعری ئیمـە دوورکەوتۆتـەوە و هـەولیداوە ببیتـە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی، لەم بوارەشدا جەمال کەسـیتیکی شـیزۆفرینی هەیـە لـە نیوان پەیوەست بوون بەو شیوازە شیعریەو هەولدان بۆ چوونـە دەرەوەی سـنوورەکانی ئـەو شـیوازە، تـاکو ئیسـتاش لـە بـاریکی ناجیگیردایـە و لەسـەر خـالی شـلۆقە، سـاتێ تیدەپـەری و پاشـان لـە دوا خالـەوە کـە پـێ گەیشـتووە دەگەریتـەوە بـۆ ژیـر چـەتری ئەزموونی شیعری حەفتاکان، رەنگە ئەوەش زیاتر پەیوەندی بە دەسەلاتی بـەرفراوان و فرە ئاراستەی گوتاری شیعری حەفتاکانەوە هەبیت کە تاکو ئیسـتاش بـە هـەمان گور و بە ئەزموونتر بەردەوامە بە تایبەتی لە تاقیکردنەوەی شیرکۆ و رەفیق سابیردا..

بەهـەرحال ئیمـە پیشـتر سـێ لیکۆلینـەوەمان لەسـەر شـیعری جـەمال غـــەمبار بلاوکردۆتـەوە و لـەو لیکۆلینەوانەشـدا دەربـارەی ئـەزموون و شـوینی ئـەو لەســەر جوگرافیای شیعری کوردی لە بیست سالی رابردوودا دواوین و پیشـمان وایـە ئـەزموونی جـەمال لـە دوای راپەرینـەوە زیـاتر دەولەمـەندەو خاسـیتەکانی بـوون بـە دەنگـی تیـا دەبیـنریت چ لـە رووی شـیوازی نووسـینەوە چ لـە رووی جیهانبینی شـیعریەوە کـە بـە جۆریك بەرەو جیاکردنەوەی خۆی لە ئەزموونی شیعری شاعیرانی حەفتاکان دەچیت.

"پارانـەوە لـە ئـاو" کـە ناونیشـانی یـەکیك لـە شـیعرەکانی ئـەم کۆمەلـە شـیعرەی جەماله، ناونیشانیکی سەرنج راکیشەو کۆمەلێ مانا لە خۆیدا کۆدەکاتـەوە و هـەر ئـەو

ناونیشانە بریتی‌یە لە بەرهەم هێنانی زەمینەیەك بۆ ڕەهاکردنی خەیاڵ و یادەوەری. ئاو کە سەرچاوەی ژیان و زیندەگانی و بوونە. لە هەمان کاتدا هێمای خاوێنی و جوڵە و بەردەوامی و ڕوتی و بێ بۆنیە، بە مانایەکی تر واتە "ئاو" خاسیتە بنەرەتیەکانی سروشتی هەڵگرتووە، ئەو سروشتەی کە دەستی مرۆڤ و تەکنۆلۆژیا تێکی نەداوە و نەیشێواندووەو پیسی نەکردووە، دیسان "ئاو" هێمایە بۆ هێزی پاکژکەرەوە، بۆ شتنەوەی هەموو جەستە گوناهاوییەکان و ئامادەکردنیان بۆ ڕاوەستان لە بەردەم ڕۆحی باڵای کردگاردا.

"ئاو" بەپێی تیروانینی کۆن بۆ دروستبوونی گەردوون یەکێکە لە چوار ڕەگەزەکەی کە گەردوون پێکدێنن. ئیستا ئیمە لەبەردەمی ئەم ڕەگەزە گرنگ و پڕ بەهایەداین و لێی دەپاڕێینەوە. ئەو واتە ئاو بەپێی ئەو پلەو پایەیەی کە شاعیر داویەتی لە ئاستێکی بەرزدایە و لە ئاستێکی خوارترەوە دەستی پارانەوەی بۆ بەرز دەکریتەوە، ئەوانەی دەپارێنەوە هەموومانین، هەموو زیندەوەرانن، کەواتە "ئاو" ئیستا لە ئاستی هێزی کردگاردایە ئیمەش دەستی نزای بۆ بەرز دەکەینەوە، داوای لێدەکەین تینوێتیمان بشکێنێ، ڕۆحی وشکەوە بوومان پاراو بکات، سروشت ئاوبدات، زیندەگانی ببەخشێت، ڕۆحی پیس بووی مرۆڤایەتی بشواتەوە، ژیانمان لە چەشنێکی نوێدا پیببەخشێت.. لیرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت شاعیر هەست بە شێواندنی هارمۆنیای سروشت دەکات و دەزانێت شتەکان وەکو ئەوەی لە گەوهەردا هەبوون نەماون و گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، ئەویش لە شێوازی خاوێن و بێخەوشیانەوە بەرەو دزێوی و ناشیرینی، بەرەو پیس بوون چوون.

ئەوەی لە ئەزموونی ئەم ساڵانەی دوایی شیعری جەمال غەمباردا هەستی پیدەکەین بەرجەستەبوونی هاوکێشەیەکە لە نێوان خودی شاعیر و ئەوانی تردا کە بەردەوام جۆرێك لە ناکۆکی و دژایەتی لە نێوان ئەم و ئەواندا هەیەو بەردەوامیش کەسی دووەم کە ئەمی شاعیر دەیدوێنێ دەخریتە بەردەم هەڵوێستی گوێگرتن و شایەتی دانەوە بۆ لایەنگیری کردنی ئەمی شاعیر و بە دژایەتی ئەوانی نادیار، کە لە هەر شیعریکدا جۆرە ناسنامەیەکی تایبەتیان هەیەو بەگشتیش لە سنووریکدا

کۆدەکرینەوە کە ئەویش سەنگەری بەرامبەر وەستانی ئەمی شاعیرە. شاعیر لە ریگای هەست کردن بە جۆریك لە غەدر لیکردنەوە خۆی دەبینێ و هەموو ئەوانە تاوانیان بەرامبەر کراوە لە کەسیتی خۆیدا کۆدەکاتەوە کە ئەوەش زۆرجار وەکو خۆلاواندنەوەی لیدیت، بیگومان ئەوەش دەبیتە خالیکی لاواز لە ئەزموونی شیعری جەمال دا و ناراستەوخۆ خۆی دەخاتە بەردەم ئەو تیروانینەوە کە ئەوانی تر بە چاوی نەیار سەیری بکەن، کە لەراستیدا دەشێ لە ژیانی خۆیدا وەکو تاك هەست بەوە بکات واقیعی باو ناکۆك و ناجۆرە لەگەلی بەلام ئاخاوتن لەگەڵ ئەم حالەتەدا لە ریگای دژە هەلویستەوە بە جۆریك لە جۆرەکان شاعیر دەخاتە حالەتی تەنیاییەوە، هەر ئەو حالەتەش لە ئەزموونی ئەم دواییانەی جەمال غەمباردا دەبیتە هۆی دروستکردنی سنووریك لە نیوان خۆی و ئەوانی تردا، بەلام جیاکردنەوەی خودی شاعیر لەوانی تر لەسەر بنەمای خۆسەلماندن نیە بە جۆریك کە خۆی لەسەر بنەمای ئامادە بوون لەوانی تر جیاکردبیتەوە، بەلکو لەسەر بنەمای سەیرکردنی ئەوانی ترە وەکو هیزیك کە جۆریك لە ناهەقیان لەم کردووەو ئەمیش ئیستا لە حالەتی هەست بە غەدر لیکردندایە، واتە ئەم وەکو جۆریك لە قوربانی سەیری خۆی دەکات کە جەلادەکەی ئەوانن.

هەر ئەوەندەم لە دەست هات

خۆم بەو پاسدارە ریشن و جەندرمە

بێ سمیلانە بناسینم،

منیان کوشت و

دەم و لووتی براویشمیان

دەرخواردی سەگە بیدار و برسیەکانی

ئەو ناوە دا. ل (١٥)

ئەم قوربانیە، قوربانی دەستی کەسانیك کە ناچارە ناسنامەکەی خۆیان بۆ ئاشکرا بکات.. ئاشکراکردنی ناسنامەی ئەوانیش بە ئاسانی پەردەی لەسەر لا دەبریت، هەردوو ناوی (پاسدار و جەندرمە). دوو لایەن لە داگیرکەرانی ولاتی ئیمە دەنوینن، لەم

حالەتەدا (مـن) دەبيتـەوە بـە ئيمـە، ئـەم روانينـەی جـەمال راسـتەوخۆ و ناراسـتەوخۆ هيلی سەرەکی ئيشکردنی شاعيرانی نەوەی پيش خۆيەتی. رەفيق سابير دەليت:

لە نيوانی دوو تاويرا

ئيمە رەنجيکی با بردووين

لە سيبەری دوو شمشيردا

ئيمە شەهيديکی ونبووين.. (وەرزە بەردينە- ل ٢٦)

هـەر ليرەوە مانـەوەی جـەمال لـەژير دەسـەلاتی ئـەزموونی شيعری نــەوەی پيــش خۆيدا ئاشکرا دەبيت و هەمان گوتـاری سياسـی بنيـاد دەنيـت، ديسان لـە رووی بنيـادی دەقەوە جياوازييەکی ئەوتۆ لە نيوان ئـەم کۆمەلـە شيعرەی جـەمال و بنيـادی شـيعری شاعيرانی حەفتاکاندا نابينريت. رەنگـە جيـاوازی ئاشـکرای نيـوان ئـەزموونی جـەمال و ئـەزموونی نـەوەی پيش خۆی لـەوەدا بيت کـە بەشـيوەيەکی گشـتی گوتـاری شـيعری حەفتاکان گوتـاری مانـەوە بيت و خـودی تاکـە کـەس تـەوەری ليـدوان نـەبيت و بـەلکو هەموو (من)يك لە ئەزموونی شيعری حەفتاکاندا بە تايبەتی لای زۆربـەی شاعيرەکانی ئەو نەوەيە بريتیيە لە (من)ی کورد کە ماهيەتی دەستەجەمی بوونی هەيە، بەلام لای جەمال (من) زياتر خودی تاکە کەسە واتە شاعير خۆی و خۆی دەکاتە تـەوەری ليـدوان و رووداوەکان لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە کە ئەوەش جۆرە نەرجسيەتيك لە پشتیيەوە وەستاوە، بـەلام لـە هـەمان کاتدا پالنـەری بـە تـەوەرکردنی خـودی شـاعير بريتیيـە لـە گەيشـتن بـە ئاسـتی هەسـت بـە غـەدرليکردن کـە ئـەويش لـە دوو ئاسـت دا خـۆی دەبينيتەوە، غەدريك کە لە (کۆ) واتە هەموومان کراوە، غەدريك لە تاکە کەس واتە لە خودی ئـەو وەکـو شـاعير کـراوە، لـە يەکـەمياندا جـەمال وەکـو ئـەزموونی شـيعری دەگەريتـەوە بـۆ ژيـر چـەتری شاعيرانی حـەفتاکان، لـە دووەميـاندا، بـەرەو دواندنـی تاکەکـەس و بەرجەسـتەکردنی ئازار و خەونـەکانی دەچيت کـە ئەمــەش لـە دەرەوەی سنووری ئـەزموونی حەفتاکانــە. کاتـێ دەليـين ئـەزموونی شـيعری جـەمال غـەمبار ئەزموونيکە تاکو ئيستا ناسنامەيەکی دياريکراوی نيە لەسەر بنەمای ئـەم ليکدانەوەيـە بەلکو لە نيوان مانەوەو تيپەرکردندا کە حالەتيکی ناجيگيرداية.

ئەوکات پیاویك دەستی گیای بە هەواوە گرتبوو
ئەوکات کچیك، بە دووربین سەیری بەختی خۆی دەکرد،
ئەوکات چۆلەکەیەك بۆ ئەوەی شەرانگیزیی خۆی بنوێنێ
هیچ شەرمی لە باخچە نەدەکردو
هەر بۆ ئەوەی جوگرافیای سیو بشیوێنێ
میزی بە میژووی هەناردا ئەکرد! ل (٦٠)

چۆلەکە کە هیمای ئەوانە لەژیر کاریگەری غەریزەی ئاژەڵانەیدا بێ ئەوەی گوێ لە هیچ بەهاو پیوانەیەك بگریت دەیەویت میژووی ئەمی خاوین پیس بکات و بیشیوێنێ، ئەمی شاعیر دەیەویت پیمان بلیت میژووی خاوینی ئەم لە لایەن ئەویترەوە ناشیرین دەکریت و دەشیوینریت، لیرەدا ئەو بۆچوونەی کە ئاماژەمان بۆ کرد لە ئەزموونی جەمال غەمباردا کە (من)ی شاعیر هەمیشە خۆی وەکو قوربانی دەبینیت و ئەوانی تریش وەکو جەلاد زیاتر ئاشکرا دەبیت، دەشێ ئەم هیلە گشتییەش لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا هۆکارەکانی زیاتر لە دەرەوەی شیعردا بن و لە ریگای نەست و خەیالەوە بگوازرینەوە بۆ ناو دەقەکان، ئەمەش سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکیشیت کە جەمال غەمبار بە جۆریك لە جۆرەکان بیەویت واقیعی دەرەوەی دەق بگوازیتەوە بۆ ناو دەقەکان کە ئەوەش ئاراستە ئیشکردنیکە لەگەڵ شیعر و بەرهەم هینانی شیعریەتدا کۆك نیە، بەلکو دەق بۆ خۆی پیکهاتەیەکە دەشێ لە ریگای هەلوەشاندنەوەیدا دەلالەتەکانی بدۆزریتەوەو مەرجیش نیە دەلالەتەکانی دەق لە واقیعی دەرەوەی دەقدا ئامادەبوونیان هەبیت یان بدۆزرینەوە.

ئەگەر ئاراستەیەکی ئەزموونی شیعری جەمال غەمبار لەسەر بنەمای خولانەوە بە دەوری تەواوی زاتی خۆدا بەرهەم هاتبیت و گوزارشت کردن بیت لە ئازارە تایبەتیەکانی خودی شاعیر کە واقیعی کۆمەڵایەتی دەرەوەی دەقەکان دەوری کاریگەریان هەیە لەوەدا کە شاعیر بەوجۆرە گوزارشت لە خۆی بکات و وەکو قوربانی لە خۆی بروانیت، ئەوا ئاراستەیەکی تری ئەزموونی جەمال ئەو ئاراستەیە کە هیشتا

پایەکانی لەسەر زەمینەی ئەزموونی شیعری نەوەی حەفتاکانە کە ئاراستەیان پانتاییەکی فراوانتری لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا داگیرکردووە.

لە ئاراستەی یەکەمدا واتە خولانەوە بە دەوری (خود)دا، شاعیر لە سنووری لاواندنەوەی خود و شکستەکانی و دەرکەوتنی وەکو قوربانی دەدویت و نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە (خودی) تاك وەکو پیکهاتەیەکی خاوەن ماهیەت و ناسنامە ببینیت و لە جیاتی لاواندنەوەی ئەو خودە، جۆریك لە مەعریفەی پەیوەست بە دروستبوونی تاکە کەس و بە بکەربوونی ئەو تاکە کەسە و فرەیی تاکەکان بەرهەم بهینیت کە لەو ئاقارەشدا دەروازەی بنیادنان و ئامادەکردنی تاکە کەسی لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا رەگ و ریشەی جۆراوجۆر و ئامادە دەهاتە ئاراوە، لەو میانەشدا ئاراستەیەك لە ئیشکردن بۆ بەرهەم هینانی گوتاری جۆراوجۆر یان گوتاری جیاوازی دەهاتە ئاراوە، هەر لەویشەوە دەشێ دابران لەگەڵ ئەزموونی جیگیر و گوتاری باوی ساڵانی حەفتا لە شیعری کوردیدا روویدات. بەڵام زیاتر لاواندنەوەی خود و جۆریك مامەلە لەگەڵ کردنی کە نزیك دەبیتەوە لە مامەلەی رۆمانسیانە بواری لە بەردەم ئەو دابرانەدا لە ئەزموونی جەمالدا تەسك کردۆتەوەو ئەمەش وایکردووە لەو حالەتە شلۆقەی کە پیشتریش باسمان کردووە بمینیتەوە. ئەم شاعیرە زیاتر لەو بوارەدا توانای بەرهەم هینانی شیعریەتی هەبیت کە دریژکراوەی ئەزموونی شیعری حەفتاکانی ئیمەیە و ئیستاش هەندێ لە شاعیرە دیارەکانی ئەو نەوە هەر بەردەوامن و لە سنووری گوتاری ئەو ئەزموونەدا کە گوتاری مانەوەیە بە جۆریك کاردەکەن کە دەسەڵاتی ئەوان لە روانگەی ئاستی بەرهەم هینانەوە لە سنووری ئەو ئەزموونەدا بە جۆریك دەولەمەندە کە ئەگەر شاعیرانی نەوەی دوای ئەوان ئەگەر نەتوانن تیپەراندن بکەن و ئەزموونی نوێ بهیننە کایەوە لە شیعری کوردیدا ئەوا ناتوانن لە سایەی هەمان ئەزموونی پیشتردا بە ئاسانی شوینی دیار بگرن بە تایبەتی هەندێ لەو شاعیرانەی نەوەی پیشوو بە جۆریك سەرجەم رەگەزەکانی میژوو، سروشت و کەسیتی کوردیان کردۆتە توخمی بەرهەم هینانی شیعریەت بواریکی ئەوتۆیان نەهیشتۆتەوە کە شاعیرانی دوای خۆیان بتوانن لیەوە لە ریگای بەرهەم هینانی شیعریەتەوە جیگایەکی ئەوتۆ بگرن، بۆیە ئەو

شاعیرانەی کە ناتوانن لە دەرەوەی شێواز و جیهانبینی ئەزموونی حەفتاکان شیعر بەرهەم بهێنن وەکو پاشکۆ و دووبارەکەرەوەی ئەزموونی شاعیرانی نەوەی حەفتاکان دەمێننەوە.

جەمال زیاتر لەو پانتاییەدا شیعر بەرهەم دێنێ کە شاعیرانی نەوەی پێش خۆی بەرهەمیان هێناوە کە ئەویش لە سنووری گوتاری روانگەدایە، بۆیە جێگای خۆیەتی لەوە بدوێین ئایا جەمال لە سنووری بەرهەم هێنانی شیعریەتدا لەو بوارەدا لە چ ئاستێکدایەو ئایا توانای بەرهەم هێنانی شیعریەتی هەیە؟

جەمال چ لە ئەزموونی پێش "پارانەوە لە ئاو" و چ لەم کۆمەلەشدا جۆرێک لە شیعریەت بەرهەم دێنێت بەلام وەك گوتمان ئاستی بەرهەم هێنانی شیعریەتی ئەم شاعیرە لەو سنوورەدا دەولەمەندترە کە وەك درێژکراوەی ئەزموونی شیعری حەفتاکان خۆی نیشان دەدات. هەروەك لە رووی جیهانبینی شیعریەوە کاتێ هەولدەدات لە جیهانبینی باوی شیعری قۆناغی پێش خۆی دەربچێت کەمتر جیهانبینی‌یەکی ئاشکرا بەرهەم دێنێت، ئەم حالەتەش تەنیا خاسیتی شیعری جەمال غەمبار نیە بەلکو باریکی هەست پێکراوە لە شیعری کوردیدا کە من هۆکەی دەگێرمەوە بۆ ئەوە کە زۆربەی شاعیرانی ئێمە نازانن چەمکی شیعر چی‌یەو لەبری ئەوەی لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە چەمکی شیعر بروانن شیعر و شیعریەت بەرهەم بهێنن زیاتر لە روانگەی گواستنەوەی ئەزموونی ئەوانی ترەوە، یان لەژێر کاریگەری ئەوانی تردا شیعر دەنووسن، ئەمە سەرباری نەبوونی روانینێکی ئاشکرا بۆ ژیان و بوون.. سەرباری بێ‌ئاگایی لەوەی کە شیعری نوێ وەکو رەگەزێك سەیر دەکرێت کە هەلگری دەلالات و مەعریفەی جۆراوجۆرە و زیاتر لەو سنوورە دەگرێتەوە کە بە بۆچوونی تەقلیدی بۆ شیعر دیاریکراوە.

"پارانەوە لە ئاو" بەرجەستەی ئازارەکانی مرۆڤێك دەکات کە هەست بە کوشتنی جوانی و شێواندنی هارمۆنیای ژیان و سروشت دەکات ئەویش لە لایەن هەموو ئەو هێزانەوە کە هێمای تێکدان و وێرانکردنن، کە لە شیعری ئێوارانی ئیمپراتۆردا بە خودی ئیمپراتۆر وێناکراوە، لە شیعری "سەفیرەکانی عیشق"دا ئەو هێزە دزێوە بە پیاوە تیمساحییەکان و رۆح دزەکان وێناکراوە.

نەمدیوە عەتر و قاوە پیکەوە

لە بەردەم پیاوە تیمساحییەکانی

کەناردا نۆش کرین! ل٢٠

لە شیعری "کەسێ نەبوو تورە ببێ" ئەو هیزە تیکدەرە بە شمشیر بە دەستان ویناکراوە کە جوانی دەکوژێ و بوون ناشیرین دەکات.

لە ئیوارەی باخچەیەکدا، پیت گوتم:

کە شمشیریان بە رووی بەفردا هەلکیشا

ئیتر کەس نەیتوانی

قسەکان بەریتەوە مالێ. ل ٤٠

لە شیعری "پارانەوەی ئاو" ئەو هیزە تیکدەرە بە "ئەوان" ویناکراوە کە هەموو جوانیەکان دەشیوینێ.

مەگەر نازانیت ئەوکاتەی گولەکانیان

بە تۆمەتی ئیباحیەت چەپك کردو

دامینی میقسەلەکانی دۆزەخیان پێ سوورکردن. ل ٦٠

لە شیعری "نەفرەتی مارگریتا"دا سەرباری ئەوەی کە مارگریتا خۆی وەکو ئەو هیزە تیکدەرە ویناکراوە، دیسان بەشیك لە ئیمە، ئیمەی مرۆڤ ئەو هیزە تیکدەرەین کە هارمۆنیای سروشت دەشیوینین و جوانیەکانی ژیان پیس دەکەین:

بەدیار کام گومانی فاشیلەوە، مارگریتا

لە مەراقی من دەروانیت

کە تۆ شووشە عەترەکەی خوات شکاند.. ل ٩١

هەروەها دەلیت:

باشتر بوو لەوەی

هاورێی ئەو گورگە دووپێ و

چاو و گوێ زیتانە بیت

کە دەمامکی مانگیان پۆشیبوو

گيرفانيان، دەميان، دليان

سەراپايان

پڕبوون لە سادييەتی خۆيان

لە جياتی ئەوەی خۆيان لە نووری بادە هەڵكيشن

هەر لە خۆڕا شەر بە پرتەقال بفرۆشن.. ل ٩٦

ليرەوە دەردەكەويت كە ئەزموونی "پارانەوە لە ئاو" لەسەر بنەمای دووانەيەك بنيادنراوە كە لە هەندێ حالەتدا ئەو دووانەيە لە ئاستی زمانی يەكەمی دەقدا دەبينريت و لە زۆر حالەتيشدا بوونی ئەو دووانەيە لە پشتی زمانی دەقەكانەوە ئامادەبوونی هەيە كە ئەويش دووانەی (ئەو/ من)ە كە لە ئاستيكی تردا دەبيتە دووانەی (ئەوان/ من) يان (ئەوان/ ئيمە) ئەوانی تيكدەر و روخينەر، ئەوانی شيوينەری هەموو جوانيەكان، ئەوانی شيوينەری هارمۆنياي سروشت، كە هەموو شتێ ويران دەكەن، من، يان ئيمە بەشيكين لە سروشت، لە سادەيی و لە بەرامبەر ئەوانی تيكدەردا دەسەوسانين و ئەنجام قوربانيەكی بێ دەسەڵاتين.

ليرەوە بە ئاشكرا ناسنامەی هەريەكە لە دوو جەمسەری ئەو دووانەيە ئاشكرا دەبيت ئەوی هيزو دەسەڵات و منی دەرەوەی دەسەڵات. ئەوی جەلادو منی قوربانی. كە حالەتی بوون بە قوربانی لە ئەزموونی ئەم دواييانەی جەمال غەمباردا حالەتيكی ئاشكرايە، بوون بە قوربانيش خاسيتی ئەفريدەيەكە كە توانای ئامادەبوون و خۆسەلماندنی نەمابيت، يان تەنانەت گەيشتبيتە ئاستيك كە رۆحی بەرگريشی لە دەست دابيت. ئەوەش باريكە تيايدا بنەماكانی بوون هەرەس دەهينێ.

لەم روانگەيەوەيە كە جەمال غەمبار بە ئاراستەيەك لە ئەزموونی شيعری نەوەی پيش خۆی دوور دەكەويتەوە، لە كاتيكدا ئەزموونی شيعری كوردی نەوەی پيش ئەم ئەزموونيكی كەرنەڤاليەو سەرباری فشار و زەبروزەنگی ئەوان ئەم هەموو رەگەزەكانی سروشت و مرۆڤ و ميژووی كورد دەكات بە پايەكانی بنيادنانی شيعر لە پيناوی مانەوەدا، بەڵام لەم ئاراستەی ئەزموونی جەمال دا رەگەزەكانی سروشت و مرۆڤ و ميژووی كورد دەكرين بە بنەما بۆ بەرجەستەكردنی سيمای جوانترين قوربانی كە

تەنیا دەستی پارانەوە بەرزدەکاتەوەو لە ئاو دەپاریتەوە کە دوای مردن خەوشەکان بشواتەوە، تینویتی‌یەکان بشکینێ، یان هەموو شتێ رامالیت بەلکو هەموو ناشیرینی‌یەکان بشاریتەوە. لیرەوە دەردەکەویت کە بکەریك نیە بتوانیت لە ئامادەبووندا حالەتی بە قوربانی بوون هەلوەشینیتەوە و جولەی بەرامبەر دروست بکات، لە ئەزموونی شیعری نەوەی پیش جەمال دا ئەو بکەرە ئەگەر لە سنووری خەیالیشدا بیت ئەوا ئامادەبوونی هەیە و دەتوانیت یۆتۆپیای سەرکەوتن دروست بکات، یۆتۆپیایەك کە چیتر ئیمە تییدا قوربانی نەبین، تەنانەت لە بەرجەستەکردن و خستنەرووی هەموو برین و شکستەکانی ئیمەدا لە ئەزموونی نەوەی پیش جەمال دا مەبەست ئەوەیە حالەتی تیرامان و خوردبوونەوەمان لادروست ببیت بە مەبەستی دروستبوونەوەو بنیادنانەوە، بەلام لای جەمال غەمبار ئیمە وەکو قوربانیەك دەخریینە روو کە چاوەروانی کۆتایی هاتنی خۆمان دەکەین.

ئەوە ئاراستەیەکی دیاری ئەو جیهانبینی‌یە کە لە پشتی شیعرەکانی "پارانەوە لە ئاو"ەوە وەستاوە، لە هەر ئاستیکیشدا بە پیچەوانەی ئەم ئاراستە کاری کردبیت ئەوا گەراوەتەوە بۆ کارکردن لە سایەی گوتاری باوی شیعری شاعیرانی حەفتاکانداو هەندێ لە رەگەزەکانی گوتاری مانەوەی بنیادنانەوە. بەلام لە هەمان کاتدا جیاوازییەکی ئاشکرا لە نیوان زمانی شیعری شاعیرانی حەفتاکان و جەمال دا هەیە، لە کاتیکدا زمانی شیعری شیرکۆ و شاعیرانی تری حەفتاکان فەرهەنگیکی دەولەمەندی زمانی کوردی‌یەو بێ هیچ زۆر لە خۆکردنیك ئەوان بە زمانیکی پاراوی کوردی لە رووی زاراوە و بنیادی زمانەوە شیعریەت بەرهەم دینن، دەقەکانی جەمال پرن لە زاراوەی عەرەبی ناپیویست کە بوونەتە هۆی لاوازی شیعریەت. لەم بەکارهینانەشدا جەمال گەراوەتەوە بۆ قۆناغی پیش ئەزموونی گۆران. بیگومان زمان رەگەزی یەکەمی دەقە ناکریت بە گەرانەوە بۆ زاراوەکانی شیعری کلاسیك و تازەگەری بەرهەم بیت ئەگەر تیروانینی تازەگەریانە بوونی نەبیت. لە لایەکی ترەوە هەروەك پیشتر سەبارەت بە شیعری "کەسی نەبوو تووره ببی" گوتبووم ئەو دەقە هەندێ بەشی زیادەی تیدایە هیچ بەشدارییەك ناکەن لە بەرهەم هینانی جیهانبینی گشتی دەقەکەدا، هەمان خاسیت

شیعرەکانی تری "پارانەوە لە ئاو" دەگریتەوە و چەندین دیر و بەش هینراونەتە نیو بنیادی دەقەکانەوە کە بوونەتە هۆی لاوازکردنی شیعریەتی دەقەکان و هیچ بەشدارییەکیان نیە لە بەرهەم هینانی پرسیارەکانی دەقەکاندا.

بیگومان سەرباری ئەم تیبینی‌یانە، من بەو جۆرە لە ئەزموونی شیعری جەمال غەمبار دەروانم. کە یەکیکە لەو چەند شاعیرە کەمەی نەوەی هەشتاکانی شیعری ئیمە کە توانیوویەتی لەسەر رووبەری شیعری ئەم بیست سالە جیگای تایبەتی خۆی هەبیت و تاکو ئیستاش هەولەکانی بە هەولی جیدی دادەنرین و چاوەروانی ئەوەی لیدەکریت کە لەو حالەتی شلۆقیەی نیوان تیپەراندن و گەرانەوە بۆ ژیر سایەی دەسەلاتی گوتاری شیعری حەفتاکان بە ئاراستەی تیپەراندن بروات و ببیتە دەنگیکی دیاری خاوەن سیمای تایبەتی خۆی.

سلیمانی

بەهاری ٢٠٠١

## فۆرمەلە نەبوونی گوتاری فیمینیزم لای کەژاڵ ئەحمەد

شارلۆت برۆنتێ ڕۆماننووسی ئینگلیز لە سالی ١٨٥٩دا بە لویس دەلیت: هیوادارم وەکو ئافرەت بیرت لینەکردبمەوە. تۆتا مۆلیریش دەلیت: ئافرەت بریتییە لە منداڵدان. ئیمە لە لیکۆلینەوەیەکی پیشترماندا لەسەر شیعری کەژال ئەحمەد گوتوومانە کەژال نەیتوانیووە لە بنیادنانی گوتاری مێیەتیدا سەرکەوتن بەدەست بهینیت چونکە لە لایەك نەیتوانیووە لە سنووری شیعرەکانیدا بێترس گوزارشت لە ئازارەکانی ئافرەت بکات و بەوپییەش گوزارشتی ویستەکانی ئافرەت بکات. لە لایەکی ترەوە زۆرجار سەنگەری ئافرەتی بەجیهیشتووە و وەکو پیاو مامەلەی شیعری کردووە ئەمەش بۆ خۆی یەکیکە لە گرفتەکانی ریگای داهینان چونکە کاتێ ژنە شاعیریك لە بری خەریك بوون بە کیشەی ژنانەوە لە بواری ئەدەب و تەنانەت کەنالەکانی تری ڕۆشنبیریشدا خۆی بخاتە شوینی شاعیرە پیاوەکانەوە و خۆی بە مەسەلەی سیاسیەوە خەریك بکات مانای وایە هەولدەدات بۆ ئەوەی جیگایەك لەنیو پیاواندا بۆ خۆی بکاتەوە و لەگەڵ ئەوانی کۆدا ئەمیش کۆببیتەوەو حالەتی تاکیتی و تەنیایەتی خۆی بەجیبهیلیت. لە کاتیکدا داهینانی کاریکی تاکە کەسییە و پەیرەوکردنی ئەو حالەتە کۆییە یان هەولدان بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەوانی تردا پیچەوانەی چەمکی داهینان و زیاتر ڕۆحی داهینان دەکوژیت.

دیارە ئەوە شتیکی بەلگەنەویستە هەرکە ناوی ژنە شاعیرێ یان ژنە نووسەرێ دەبیستین راستەوخۆ خەیالمان بۆ ئەوە دەچیت کە داخۆ ئەو ژنە شاعیرە یان نووسەرە چ جیگایەکی لە بزوتنەوەی ژناندا هەیە و ئەوەی بەرهەمی دینیت تا چەندێ لە برەوپیدانی بزوتنەوەی فیمینیزمدا بەشداری دەکات. هەر بەرهەمیکی ئەدەبی و هونەریش با داهینەرەکەیشی ژن بیت بەلام ئەگەر لە سنووری بنیادنانی گوتاری فیمینیزمدا نەبیت ئەوا ناکریت ئەو بەرهەمە بە بەرهەمی ژن دابنریت.

هەلبەت لە کۆمەلگا دواکەوتووەکانی وەکو ئیمەدا زۆر هۆکار بەشداری دەکەن لەوەدا کە تەنانەت ژنانی قەلەم بە دەست خۆیشیان بە جیدی کاری داهینانیان لە

خزمەتی بزوتنەوەی كۆمەڵایەتی خۆیان و ئایندەی پڕ لە ئاسودەیی بۆ خۆیاندا نەبێت.

بەشێكی زۆری ئەو ژنانەی لە كوردستاندا دەنووسن بە دەگمەن توانیوویانە لە گەوهەری گوتاری فیمینیزم تێبگەن ئەویش واتە ئەو تێنەگەیشتنە لە دوو ئاراستەدا دەردەكەوێت. ئاراستەی یەكەمیان ئەوانەن كە دەچنە سەنگەری پیاوەوە لە نووسیندا و خۆیان لە مەسەلەكانی ژنان دووردەخەنەوە كە دیارە لەو حاڵەتەشدا و لە ئاستێكی نەگوتراودا ئەوە دەردەكەوێت كە ئەمانە یان ناوێرن خۆیان بە مەسەلە چارەنووس سازەكانی خۆیانەوە خەریك بكەن یان لە بنەڕەتدا مەسەلەی ژنان و كێشەكانی ژنان ئەوەندە بایەخی نییە لە لایان و بە شایانی ئەوەی نازانن خۆیانی پێوە خەریك بكەن، بێگومان ئەم جۆرە ژنانە یان ئەو نووسەر و شاعیرە ژنانەی كە دەكەونە ئەم سنوورەوە نەیانتوانیووە لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا جێگایەكی ئەوتۆ بگرن.

ئاراستەی دووەمیان ئەوانەن كە زۆر بە رووكەش لە گوتاری ژنان یان گوتاری فیمینیزم تێگەیشتوون و وای بۆ دەچن كە گەوهەری كێشەی ژنان مەسەلەی سێكس و ئازادی سێكسە. ڕاستە مەسەلەی سێكس جێگایەكی دیاری هەیە لە پرۆژەی فیمینیزمدا بەڵام ئەو مەسەلەیە بەستراوە بە كۆمەڵی لایەن و بنەمای ترەوە كە پرۆژەی فیمینیزم لە یەكیان جیاناكاتەوە. هەڵبەت ئێمە مەبەستمان لەوە نییە كە مەسەلەی سێكس بەشێكی گرنگ نییە لە كێشەی ژنان، بەڵام مەبەستمان لە چۆنیەتی ڕوانین و تێگەیشتن و مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا. ئایا سێكس چەكێكە بە دەستی ژنەوە كە بەرامبەر بە ڕەگەزی نێر واتە پیاو بەكاری بهێنێت؟ یان سێكس ویستێكی جەسەدییەو هەردوو ڕەگەزەكە پێكەوە دەبەستێت و بنەمای دروستكردنی دامەزراوی خێزانە؟ یان سێكس غەریزەیەكی ئاژەڵی مرۆڤەو لە سێكسدا مرۆڤ لە پلەی بەرزی مرۆڤییەوە دادەبەزێتە خوارەوە بۆ پیادەكردنی غەریزەیەكی ئاژەڵی؟ یان سێكس مەسەلەیەكی مەودا قوڵی ئینسانییە بەڵام زۆرێك لە شاعیران و نووسەرانی ژن لە بەرهەمەكانیاندا بە بۆچوونی خۆیان گوزارشتی لێدەكەن بەڵام كەمتر دەتوانن ڕەهەندێكی ئینسانانەی پێببەخشن و زیاتر گوزارشت لە گڕی سێكسی و

سەرکوتاندنەوە و چەپاندنی سیکسی ژنان دەکەن. هەر لێرەشەوە هەلویستیان بەرامبەر بە رەگەزی بەرامبەر واتە پیاو تەنیا وەکو ئامرازیك بۆ جیبەجیکردنی کاری سیکسی دیاری دەکەن.

کەژاڵ ئەحمەد وەکو شاعیریکی ژن بە تیروانینی من لە سەرجەم ژنە شاعیر و چیرۆکنووسەکانی تری کوردستان زیاتر لە دەربرین و بەرجەستەکردنی ئازارەکانی ژن و حەز و ویستە رۆحی و مادییەکانی ژن نزیك بۆتەوە ئەگەرچی ئەوەش ئەوە ناگەیەنیت کە گوتاریکی پتەوی فیمینیزمی بەرهەم هیناوە. ئەزموونی شیعری کەژال نزیکەی دە ساڵ بۆ سەرەوەیە کە لەم ماوەیەدا کەم تا زۆر جۆریك لە ئامادەبوونی هەبووە و لە ماوەی رابردوودا بەشیك لە بەرهەمەکانی لە کتیبیکدا بە ناوی (بەندەری بەرمۆدا) بە چاپ گەیاندووە.

کەژاڵ بەشیوەیەکی گشتی هەوالی دروستکردنی هیلیکی دیاریکراوی داوە بەو مەبەستەی جێ پییەك بۆ خۆی داگیر بکات، لەراستیشدا بەپیّی گەشە و پەرەسەندنی ئەدەبی ژنانە ئەم جیگای خۆی هەیە ئەگەرچی بە شیوەیەکی سەرکەوتوانە نەیتوانیبیت بەرجەستەی گوتاری مێیەتی یان گوتاری ژن بکات. لە هەندێ لە شیعرەکانیدا بنەمای پیکهینانی ئەو گوتارە ئامادەبوونی هەیە، واتە ئەم بە ئیحساس هەست بە ئازارەکانی ژن دەکات و دەشیەویت گوزارشت و لەو ئازار و ژانانە بکات بەڵام ئەوەی کە ریگا نادات ئەوە لە نەستیدا ئامادەبوونی هەیە بگوازریتەوە بۆ نیو دەقەکانی بریتییە لە سانسۆرە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئەخلاقییەکان. ئەو کەلتوورەی کە هەر گوزارشت کردنیکی راستگۆیانە بەجۆریك لە دان پیدانان لە قەلەم دەدات و بۆ هەر دان پیدانانیکیش جۆریك لە سزا هەیە، ئیتر گرنگ نییە ئەو سزایە پراکتیك بکریت یان نا.

ئەوەتا کەژال ئەحمەد بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆی بکات دیت کیشەی خۆیی و نەتەوە پیکەوە دەبەستیت و پیّی وایە هەردووکیان هەمان کیشەیان هەیە کە ئەویش کیشەی تەنیاییە، واتە ئەم وەکو شاعیر هاتووە لە ئەنجامی جۆریك لە هاوشیوە کردندا باسی گرفتەکانی خۆی وەکو ژن دەکات کە ئەمەش لە لایەك ئاراستەی گوتاری

شیعریی ئەمی دابەشکردووە لە نیوان خۆی وەکو ژن و نەتەوە وەکو پیکهاتەیەکی تەنیا و بیناسنامە، کە لە پشتی دەقەکانیەوە زیاتر ئەو جیهانبینییە هەیە کە ئەمی ژن هەمان شیوەی نەتەوەکەی، هەمان شیوەی گەل خاوەنی ناسنامەی خۆی نییەو بەوپییەش هەردووکیان لە بەردەم هەرەشەدان.

گەل تەنیایە

وەك تەنیایی بابە ئادەم

بەر لە هاتنی بە فەری دایە حەوا

گەل تەنیایەو.. منیش تەنیام

لیرەدا هاوشیوەکردن لە نیوان گەل و بابە ئادەمدایە واتە گەل و ئەوی پیاو هەردووکیان تەنیان، دایە حەوا واتە ئەوی ئافرەت دەبیتە رزگارکەری ئەو پیاوە. لیرەدا ئەگەرچی دایە حەوا هیمای رزگارکردنی بابە ئادەمە لە تەنیایی بەلام لە پشتی ئەم گوتراوەوە نەگوتراویك هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەمی ژنیش چاوەروانی رزگارکەریك دەکات ئەگەر لە ئاستی یەکەمی هاوشیوە کردنەکەدا گەل و ئادەم هاوشیوە کرابن لە تەنیایدا و لە ئاستی دووەمیشدا ئەم و گەل هاوشیوە کرابن ئەوا ناراستەوخۆ ئەم و بابە ئادەمیش هاوشیوەن لە تەنیاییدا، ئەو دایە حەوای بۆ دەبیتە رزگارکەر، ئەی کێ ئەم رزگار دەکات؟ یان رزگارکەرەکەی ئەم کێیە؟ لەراستیدا لە روانینی ئیمەوە لەسەر بنەمای هاوشیوە بوون یان هاورەگەزی ئەم و حەوادا دەبوا لیکچوواندنی لە نیوان خۆی و حەوادا بکردایە کە دەشیا ئەمیش وەکو حەوا رزگارکەری ئەوی پیاو بوایە، یان بە پیچەوانەوە ئەوەی کە تەنیا بوو لە ئادەم و حەوا، حەوا بوایە نەك ئادەم، ئەوکاتە ئادەم دەبووە رزگارکەر، بیگومان لە رووی راستییەوە رزگارکەری ئەمی ژن لە تەنیایی تەنیا پیاوە، هەر لەویشەوە دەشیا شۆربووایەتەوە بۆ نیو ئازار و ویستەکانی ژن و لەم حالەتەشدا رزگار دەشێ تەنیا ئەوی رەگەزی بەرامبەر بیت. هەر لەم هاوشیوەکردنەدا بنەمای ئەو هەلویستەی کەژال ئەحمەد لە بەرامبەر بنیادنانی گوتاری فیمینیستی دەردەکەویت کە لە جیاتی ئەوەی لە پیگەو سەنگەری ژن دا جیگیر بیت دەچیتە پیگە و سەنگەری پیاوەوە، بیگومان ناشیت تەسەوری ئەوە بکەین لە سەنگەری پیاوەوە گوزارشت لە ئازار و ویستەکانی ژن بکریت.

کەژاڵ ئەحمەد هەر لەم شیعرەیدا کە ناوی "لە مریەم بە رەحم تر"ە، دەربارەی مریەمی عەزرا دەدویت و بیانووش بۆ بیگەردی مریەم دەهێنێتەوە لە کاتێکدا کە تاوانبار دەکرا بەوەی کە عیسای بە ناشەرعی بووە، لە پشتی ئەم بیانوو هێنانەوەیەدا نەگوتراوێکی تر هەیەو ئەویش ئەوەیە کە سك پڕبوون یان منداڵ بوون بۆ ژنێکی شوو نەکردوش ناتوانێت پاکیزەیی ژن هەرەس پێبهێنێت کە دیارە منداڵ بوون و سك پڕبوون بەبێ جووتبوون بەدی نایەت، هەڵبەت جووتبوونیش بۆ کچێکی شوونەکردو لە دەرەوەی ڕێ پێدانی ئایینە، بە واتا ئەو منداڵ بوونە بەرهەمی سێکسی ناشەرعیە..
لێرەدا شاعیر داکۆکی لەوە دەکات کە پاکیزەیی هیچ پەیوەندییەکی نییە بە مەسەلەی سێکسەوە، دیارە ئەمەش هەمان ئەو بۆچوونەیە کە لە تیۆری مارکسیدا جێگای گرتووەو پێی وایە شەرەفمەندی ئافرەت پەیوەندی بە پەردەی کچێنییەوە نییە.. لە ئاستێکی نەگوتراودا ئەم شیعرە ئەوە بەرهەم دێنێت کە بە ئازادی مومارەسەکردنی سێکس یان لە دەستدانی پەردەی کچێنی نابنە بەڵگە بۆ دۆڕاندنی گەوهەری پاکیزەیی ئافرەت. بە مانایەکی تر ئەم وەکو شاعیرێك دەیەوێت مەسەلەی سێکس و ئەخلاق لە یەکتر جیابکاتەوە، ئەمەش لەخۆیدا بانگەشە کردنە بۆ ئازادی سێکسی.

کەژال لە شیعری "خاڵی گومان"دا دەڵێت:

ئاواتی من گەورەترە
لەوەی بە تەنیا ئافرەت بم
یان شاعیر بم یان شای ژنان
ئەگەر ناوبانگیشم بفری
لەم پەر تا ئەوپەری جیهان.

ئەمی شاعیر بە ئاشکرا هەست بە جێگای ئافرەت دەکات و پێی وایە جێگای ئافرەت لە ئاستێکی نزمدایە، دیارە نکوڵی ئەوە ناکرێت کە ئەم بۆچوونە لە واقیعی کۆمەڵایەتی زۆربەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا جێگای گرتووە و سەرجەم داب و نەریتی کۆمەڵگا دواکەوتو و کۆنەپارێزەکان و سەرجەم بنەما ئایینییەکانیش هەمان بۆچوونیان هەیە و ئافرەت بە ڕەگەزی دووەم دادەنێن و لە ڕوانگەی ئایینیشەوە خودا

ئافرەتی لەبەر پیاو دروستکردووە، هەرچۆن پیشتر لە لیکدانەوەی ئەو شیعرەی کەژال دا باسمان کرد کە خودا حەوای کردە رزگارکەری ئادەم.

ئەم وەکو شاعیریك با شیعرەکانیشی جۆریك لە ئامادەبوونی کۆمەڵایەتیشیان بۆ دەستەبەر کردبیت بەڵام هەست دەکات و دەشبینیت کە جیگای ئافرەت لە کۆمەڵگادا لە چاو پیاودا لە ئاستیکی نزمتردایە و ئەمیش خۆی لەو ئاستەدا دەبینیت هەر هیچ نەبیت لە تیروانینی ئەوی پیاوەوە، ئەوی یاسا و دەستوور و شەریعەت و داب و نەریتەوە. بەڵام ئەم ئاواتەکانی خۆی لە سەرووی خۆیی و ئەو بەهایانەوە دەبینیت کە کۆمەل پیی داوە یان دەشی پیی بدات. بەلای ئەوەوە شاعیریتی و بوون بە شای ژنانیش یان گەورەترین ناوبانگیش.. هەموویان لە چاو ئاواتەکانی ئەمدا بچووکن چونکە ئەو هەموو ئەم شتانە بی بەها سەیر دەکات کاتی مەحکومی پەیرەوکردنی یاساکانی شووکردن و پاراستنی شەرەفی میردەکەیەتی لە سنووری کۆمەلگا و کەلتووریکدا کە بە تیروانینی ئەم ئازادییەکانی ئەمی ژن تیایدا هەرەس دەهینی کاتی دەترسیت لەوەی کە ئەمیش وەکو هەموو کچانی تر کە پیی وایە وادەی شووکردنی هاتووە نەتوانیت مل بۆ یاساکانی شووکردن نەدات و بە ناچاری بە گومانیکی گەورەوە لە بەرامبەر توانای خۆیدا راوەستاوە و لە ئەگەری هەرەس هینانداية لەژیر کاریگەری حەزو ئارەزووەکانیدا، بەڵام بە گومانیشەوە بیر لە داهاتووی خۆی دەکاتەوە کە نەگات بەو ئاواتە گەورەیەی کە بانگەشەی بۆ دەکات کە ئەویش ئاواتی روخاندنی بەربەست و دیوارەکانی نیوان ئەمی ژن و ئەوی پیاوە. بەڵام بیگومان ئەو بەربەستە ناروخیت هەتا ئەو بۆچوونە هەرەس پینەهینریت کە ئەمی ژن چیتر شەرەفی پیاوەکەی نەبیت، بە مانایەکی تر و لە ئاستیکی نادیاردا دەیەویت بلیت ئەو پەیوەندییەی کە ژن و میردایەتی دروستی دەکات پەیوەندییەکی هاوسەنگ نییە لە نیوان دوو جەمسەری یەکساندا لەبەرئەوە ئەمی ئافرەت لەو پەیوەندییەدا بە جۆریکی تر خۆی دەکاتەوە بە کۆیلە، کۆیلەی پاراستنی شەرەفی میردەکەی.

من شەرەفی پیاوەکەمم
بەڵام ئەو شەرەفم نییە.

واتە لەم شیعرەدا کەژال ئەحمەد بانگەشە بۆ گەیشتن بە حالەتی یەکسانی نیوان پیاو و ژن دەکات و لە پال هەولدان بۆ بەرهەم هینانی ئەو جیهانبینی‌یە، بنیادی کۆمەلگا و یاساو دەستوور و شەریعەتی باویش دەداتە بەر رەخنەی توونـد کە بیگومان لە پلەی یەکەمدا کۆمەلگا و داب و نەریت و بەها ئەخلاقیەکان و ئایین خولقینەری ئەو بارودۆخەن کە تیایدا ژن شەرەفی پیاوەکەی بیت، بەلام پیاوەکەی شەرەفی ئەو نەبیت.

لەم شیعرەدا کەژال لە رووی بەرهەم هینانی شیعریەتەوە سەرکەوتنی بەدەست نەهیناوە و زیاتر گوتاریکی کۆمەلایەتی سیاسی دەنووسیتەوە بە زمان و شیوازیکی تەقلیدی شیعری کە تەنانەت پەیرەوکردنی سەروا وەکو رەگەزیکی بنیادی زمان مەودای بەرهەم هینانی شیعریەتی تەسك کردۆتەوە.

لە (دوا پرجوی رۆح)دا کەژال ئەحمەد باسی کبریای خۆی دەکات کە چۆن تاکو ئیستا ئەم رۆحیکی یاخی‌یەو بۆ کەس دەستەمۆ نابیت، ئەوەتا دەلیت:

رۆحی من

ئەسپیکی رەسەنە

مەگیرەم ئازیزان

بۆ هیچ حیزبیك

بۆ هیچ پیاویك

بۆ هیچ کەسیك

دابین نەبووەو دابین نابیت

ئەگەر لە دوای ئەو دەلالەتە بگەریین کە لە پشتی ئەم شیعرەوە راوەستاوە ئەوا بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەکەویت کە جۆریك لە خۆلادان لەو یاساو بنەما بایۆلۆژیانەی تیدا بەرچاو دەکەویت کە سروشت بە هەردوو رەگەزەکەی بەخشیووە یان هەردوو رەگەزەکەی لی‌پیکهاتووە. دیسان جۆریك لە ناکۆکی بەدی دەکریت لە روانگەی پیویستی هەردوو رەگەزی نیرو میٚ پیکەوە، نەك بۆ مرۆڤ بەلکو سەرجەم زیندەوەران لە سروشتدا وەها خولقاون کە پیویستبوونیان بە یەك یەکەم شانەی کۆمەلایەتی بوونی

ئەو جۆرە زیندەوەرەی پێکهیناوە. کۆمەلناسان لەسەر ئەوە کۆکن کە کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ پێداویستییە مادی و رۆحیەکانی ژیان دروستی کردووە کە پەیوەندی سێکسی و خستنەوەی نەوە واتە درێژەدان بە ژیان لە پلەی یەکەمدا دێت.. ئایا لە رووداوەستانی ئەو یاسا سروشتیە بۆ خۆی وەستان نییە لە بەرامبەر دامەزراوێکدا کە ژیانی پێوە بەندە و گۆڕینی نەك کارێکی ئاسان نییە بەڵکو خۆ خستنە سنووری وەهمیکە کە هیچ پاساوێکی نییە. گوزارشت کردن لە ویست و ئارەزووەکانی ئافرەت، بەرگریکردن لە خودی ئافرەت لەو ریگایەوە نابێت کە بە ناوی کبریائەوە ئەوی پیاو رەت بکەیتەوە. گوتاری فیمینیزم لەسەر بنەمای هەڵچنینی دیوارێکی پتەو نییە لە نێوان ئافرەت و پیاودا بەڵکو بە پێچەوانەوە گەوهەری ئەو گوتارە لە پێناوی رووخاندنی دیوارەکانی نێوان هەردوو رەگەزدایە تا ئەو ئاستەی کە هیچ بەربەستێك نەمێنێت بۆ جیاوازی کردن و جیاکاری لە نێوانیاندا ئەویش لە پلەی یەکەمدا رووخاندنی ئەو دەسەڵاتەیە کە رەگەزی نێر بە دەستییەوەیە کە ئەو دەسەڵاتەش داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئایین و بەها ئەخلاقیەکان بۆ پیاویان دروستکردووە ئەمە سەرباری دەسەڵاتی ئابووری کە لە کۆمەڵگای وەکو ئێمەدا بە دەستی پیاوەوەیە. بێگومان ئەو دەسەڵاتی جیاوازی کردن و جیاکارییە کە ئازادییەکانی ئافرەت داگیردەکات و ژن دەکات بە شەرەفی پیاوەکەی بەڵام پیاو ناکات بە شەرەفی ژنەکەی.

وشەی کبریاء وەکو دالیك مەدلولی دەسەڵاتی هەیە، ئەگەرچی ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی مەعنەویش بێت، کەواتە ئەمی ژنیش بە هەمان شێوەی ئەوی پیاو دەیەوێت و دەخوازێت دەسەڵاتێك بە دەست بگرێت هەتا پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتە بوونی خۆی بسەلمێنێت کە بێگومان کاتێ چەمکی دەسەڵات و مومارەسە کردنی دەسەڵات دێتە ئاراوە چەمکی ئازادی جێگای نابێتەوە، هەربۆیە ناکرێت لە پێناوی ئازادی ژناندا بخوازین ژنان ببن بە خاوەنی دامەزراوی دەسەڵات بەڵکو دەبێ لەو روانگەیەوە سەیربکرێت کە دەسەڵاتی پیاو لە بەرامبەر ئەوی ئافرەتدا هەڵبوەشێنرێتەوە کە ئەوەش لە پلەی یەکسانبوونی هەردوو رەگەزەکەدا دەگاتە ئەنجام، دیارە ئەوەش کاتێك دەبێت کە چەمکی رەگەزی یەکەم و رەگەزی دووەم

هەلبوەشیتەوە، بە مانایەکی تر یەکسانی ئەو دوو رەگەزە تەنیا کاتیك دەبیت کە هیچ هۆیەکی دەسەلاتکردن بە دەستی پیاوەوە نەمینیت کە ئەوەش تاکو ئیستا وەکو خەون یان خەیالی نیو یۆتۆپیایەك سەیر دەکریت، تەنانەت بۆچوونی لەو جۆرەش هەیە کە تەنانەت پیاو لە هەموو خاسیتەکانی دەسەلات رووت بکریتەوە، هیشتا ئەندامانی جووتبوونی پیاو یان نیر بە گشتی هیمای دەسەلات کردن و مومارەسەکردنی دەسەلاتە بەسەر ژن یان میدا بە گشتی.

بنیادنانی گوتاری فیمینیزم یان مییەتی بەوە بنیاد نانریت کە ژنان خۆیان لە سەنگەری دژی پیاودا ببیننەوەو وای بۆ بچن پەیوەندی لەگەل پیاودا جۆریکە لە ململانی و هەولیش بۆ ئەوەیە کە ئەنجام ژن لەو ململانییەدا سەرکەوتن بەدەست بهینیت.

نە تاکو ئیستا و نە لە ئایندەشدا ناشیت لەو روانگەیەوە ژن ئازادی خۆی بە دەست بینیت کە روانگەی خۆخستنە سەنگەری دژی پیاوە، راستە پیاو مافەکانی ژنی داگیرکردووە بەلام ژن بە پیداگرتن لەسەر بەدەست هینانی مافەکانی دەگاتە ئازادی کە ئەویش لە پلەی یەکەمدا لە هەول و کۆششدا دەبیت بۆ زیاتر بە دۆست کردنی پیاو نەك بە دوژمنکردنی چونکە ئەو خۆی دوژمن نییە بەلکو ئەو رەگەزەیە بی پەیوەندی و بوونی ئەو ژیان بە گویرەی ئەمی ئافرەت بوونی نییە، دەشی ئەو کبریائەی کە کەژال ئەحمەد لەوەدا دەیبینیت کە ئەوی ئافرەت بۆ هیچ پیاویك دابین نەبیت جۆریك لە خۆدوورخستنەوە بیت لە ویست و ئارەزووەکانی ژن یان دەشی لیکدانەوەیەکی تری بۆ بکریت کە ئەویش دەچیتە سنووری تایبەتمەندبوونەوە تایبەتمەندبوون بەو مانایەی کە لە دەرەوەی حالەتی گشتییە و لیرەشدا دەشی بەجۆریك لە تیروانینی دوژمنکارانە Aggressive لیکبدریتەوە.

ژنی سەرکەوتوو ئەوە نییە کە ئامادە نەبیت ملکەچی ئارەزووە رۆحی جەستەییەکانی بیت، بەلکو ئەم هەلویست وەرگرتنە بۆ خۆی بە کۆیلەکردنی خودی ئەو ژنەیە کە ئامادە نییە بۆ هیچ پیاویك دابین بیت، دەشی ئافرەتیك لە پیناوی ئامانجی بالادا (تەسامی) بە ئارەزووە دنیاییەکانی بکات و هیوای گەیشتنی بە پلەیەکی

بەرزتر هەبیت و لەم حالەتەدا پشت لە ئارەزووی دنیایی بکات بیگومان ئەم بۆچوونە بۆ پیاویش هەمان شیوەیە، بەلاّم ناکریت لەو روانگەیەوە بروانین کە ئافرەت بۆ گەیشتن بە ویست و ئارەزووەکانی سەنگەری دژی پیاو هەلبژیریت، بیگومان بۆچوونی لەم جۆرە لە بنەرەتدا دژی حەقیقەت و گەوهەری حەز و ویست و ئارەزووە ئینسانی‌یەکانی خۆیشیەتی، بە واتایەکی تر شاعیر دەیەویت خۆی لە گوزارشت کردنی راستگۆیانەی ویستە بایەلۆژی و رۆحیەکانی دوور بخاتەوە کە لەراستیدا هەر خۆ دوورخستنەوەیەك لە گەوهەری راستی شتەکان با شتیکیش نەبیت ناوی راستی رەها بیت دەبیتە هۆی کوشتنی رۆحی داهینان، بە واتایەکی تر لەم شیعرەدا کەژالّ راستی‌یە رۆحی و غەریزییەکان دەشاریتەوە لە پیناوی ئامانجیکی تردا کە وای بۆ دەچیت نیشاندانی جۆریك لە کبریای خۆیەتی، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئەو کبریایە لەم قسانەدا بە سەرکوتکردنی حەزو ویستە غەریزەییەکانی خۆی دروست دەکات کە لەراستیدا بە پیچەوانەوەیە و (کبریاء) لە داننان بە راستی و ملدان بۆ راستیدا دروست دەبیت نەك لە شاردنەوەی ئەوەی کە ناتوانریت نکولی لی بکریت و وەکو راستی رەها خۆی دەسەپینیت. لیرەدا خەسلەتەکانی گوتاری فیمینیزم هەرەس دەهینیت و لە پشتی دەقەکەوە نەگوتراویك لای ئیمە خۆی ئاشکرا دەکات ئەویش ئەوەیە کە ئەگەرچی کەژال ئەحمەد دەلیت:

هەموو کاتێ من لەسەر خالی گومانم
من شەرەفی پیاوەکەمم
بەلاّم ئەو شەرەفم نی‌یە.

بەلاّم لەراستیدا ئەم پیّی وایە ملدان و دەستەمۆ بوون بە گوتەی خۆی بۆ هەر پیاویك تا ئیستا و بۆ ئەمە و دوا مانای شکاندنی کبریائی ئەوە کە ئەو کبریائەش دەلالەتی ئەو (شەرەفە) هەلدەگریت کە ئەم خۆی پیّی وایە هەتا ئیستا پاریزگاری لیکردووە چونکە هیچ کەس، هیچ پیاویك ئەمی دابین نەکردووە و هیچ دەستیك بەرتالیك لە بالی ئەفسانەیی نەکەوتووە. لیرەدا ئەوە ئاشکرا دەبیت ئەگەرچی ئەم خۆی دژی ئەو یاسا و داب و نەریت و شەریعەتەیە کە نەبوونی ئازادی سیکسی و

پەردەی پاكیزەیی بە پیوانەی شەرەف دادەنین كەچی لیرەدا هەر خۆی پیٚی وایە رۆحی سەركەش یان كبریاء و شەرەفمەندی پەیوەستن بەوەی كە ئەم بۆ هیچ پیاویك دابین نەبووبیت و دەستی هیچ پیاویك بەر تالیك لە قژی نەكەوتبیت.

بەندەری بەرمۆدا سەرباری كۆمەلیٚ حالەتی دژ بە یەك و بنیادی لاوازی بە شیعر نەبوو یان خۆلادان لە گەوهەری كیشەی ژنان لە سایەی مەسەلەی سیاسی و میللەت دا لە بری پرۆسیس و دروستكردنی رووداو.

سەرجەمی دەقەكان دەقی وەسفین كە دەقی وەسفیش لە رووكەشی دەرەوە لە شتەكان دەدویت و گەوهەرو ماهیەتی ئەو شتانەی بۆ ئاشكرا ناكریت، كە بە پیچەوانەوە لە پرۆسیس و رووداودا گەوهەر و ماهیەتی شتەكان ئاشكرا دەبیت، لیرەدا دەتوانین بلیین كەژال ئەحمەد لە بری ئەوەی گوتاریكی پراكتیكیانە یان بنیادنەرانەی فیمینیزم بنیاد بنیت گوتاریكی وەسفی لەو بوارەدا بنیاد دەنیت.

بەواتا كەژال ئەحمەد هەمان هەلویستی شارلۆت برۆنتیٚ دووبارە دەكاتەوە: هیوادارە وەكو ئافرەت بیری لینەكەنەوە" بەلام ئایا ئەم بیركردنەوەیە تا چەندیٚ نزیك دەبیتەوە لە گەوهەری گوتاری فیمینیزم؟ ئیمە لیرەدا ناگەریینەوە بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە چونكە لە لیكدانەوەكانی سەرەوەدا لە گەوهەری گوتاری فیمینیزم بە چەند ئاماژەیەك دواین و دەشیٚ پەیوەندی ئەو پرسیارە و ئەو ئاماژانە رووناكی بخەنە سەر وەلامی پرسیارەكە. بەلام ئەوەی كە دەشیٚ لە روانینەكانی كەژال ئەحمەددا لەم شیعرەدا دەست نیشانی بكەین ئەوەیە كە دەترسیت لەوەی حەقیقەتی خۆی وەكو ئافرەتیكی نیو پانتایی كۆمەلگایەكی دواكەوتوو لە ئەدەبەكەیدا بەرجەستە بكات یان دەشیٚ ئەوەی بەرجەستەی دەكات تیروانینی ئەو بیت كە بیگومان لە هەردوو حالەتەكەدا ئاراستەی ئیشكردنەكەی لەگەلٚ گوزاشت كردن لە ئیش و ژانەكانی ئافرەت و لەگەلٚ خواستەكانی ئافرەتدا و بە مەبەستی بنیادنانی گوتاری فیمینیزم ناكۆكە. دەشیٚ بە گویرەی خالی یەكەم واتە نەویرانی دەربرینی ئەوەی كە دەشیٚ پەیوەست بە مەسەلەی ئافرەت دەری ببریت لەبەرئەوە بیت كە دەزانیت كۆمەلگا و داب و نەریت و بەها ئەخلاقی و ئایینییەكان لیٚ قبول ناكەن، واتە ئەم هیوادارە كۆمەلگا وەك

ئافرەتێك حسابی بۆ بكات كە باسی گرفتە گشتی‌یەكانی ئافرەت  دەكات.. واتـە ئـەمیش هـەمان شـیوەی شـارلۆت برۆنتـی زویـر و نیگەرانـە بـەوەی كـە وەكـو ئـافرەت بـیری لیبكریتـەوە چونكـە ئـافرەت لــە ئاسـتیكی نزمـتر لـە پیـاودا دەبینیـت.. لـیرەوە بـە ئاراسـتەیەكی پیچەوانـە دەگەرییـنـەوە و دەپرسـین تـا چـەندێ گوتـاری شـیعری كـەژال ئەحمەد گوتاریكی ژنانەیە؟

# ئەدەبی کوردی و
# گوتاری نەتەوەیی

ئایا پەیوەندی ئەدەب و مەسەلەی ناسیۆنالیزم یان مەسەلەی نەتەوایەتی چییەو چۆنە؟ ئایا ئەدەبی کوردی و سروشتی پەیوەندی بوونی بە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردییەوە چۆنە و لە کوێوە دەست پێدەکات و مەودای قوڵی ئەو پەیوەندییە لە چ ئاستێکدایە؟ لە پشتی ئەم پرسیارانەشەوە پرسیارێکی تایبەتتر هەیە ئەویش ئەوەیە ئایا سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی پەیوەندی هەیە بە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی کوردییەوە؟ یان ئایا ئەدەبێك هەیە بە ناوی ئەدەبی نەتەوایەتی کوردییەوە؟

بێگومان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئاخاوتن لەسەر مێژووی ئەدەبی کوردی و سەرهەڵدانی ئەم ئەدەبە و لێکدانەوەی بەپێی قۆناغی دیاری مێژووی میللەتەکەمان، بێگومان بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ پێناسەی ئاشکرای ئەو زاراوانەمان هەبێت کە لێرەدا بەکاریان دێنین هەتا بتوانین لەبەر رۆشنایی هەندێ روانینی دیاریکراودا هەم لە دوای ئەو وەڵامانە بگەڕێین کە پرسیارەکانی سەرەوە داوای دەکەن، هەم لەو وەهمە خۆمان رزگار بکەین کە بەرهەمی عاتیفەی نەتەوایەتی ئێمەیە و لە رووی زانستییەوە زیانی گەورەی لە کارکردنی عەقلی ئێمە داوە و بە ناوی دڵسۆزییەوە بوارەکانی بەردەم رەخنەو هەڵسەنگاندنی تەسك کردۆتەوە.

ئەدەب بە هەموو رەگەزەکانییەوە بەرهەمی خەیاڵ و هەست و فیکر و عەقڵە، کە هەریەکە لەو رەگەزانەش بە ئاستێك هەست و فیکر و خەیاڵ و عەقڵ بەشداری لە بەرهەم هێنانیدا دەکەن.. ئەو رەگەزەی کە زیاتر فیکر و عەقڵ بەشداری لە بەرهەم هێنانیدا دەکات ئەوە زیاتر بواری نزیك بوونەوە و تێکەڵاو بوون و پەیوەندی بوونی بە کایە مەعریفییەکانی ترەوە هەیە، کە دەشێت ئێمە لێرەدا مەسەلەی نەتەوایەتی لە سنووری مەعریفە یان چەمکێکی فیکری، ئایدیۆلۆژی کۆمەڵایەتی قۆناغێکی دیاریکراودا ببینین و لە روانگەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە سەرنجی بدەین. هەر

لەسـەر بنـەمای ئـەم لیکدانەوەیـەش پـەیوەندی ئـەدەب بـەو چەمکـەوە دەسـت نیشـان بکەین.

ناشیت ئـەدەبی کـوردی لـە دەرەوەی واقیعـی میژوویـی و کۆمەلایـەتی و سیاسـی کوردیدا بـاس بکریـت، چونکـە ئـەو ئەدەبەشی کـە دوور و نزیـك هیـچ پەیوەندییـەکی ئاشکرای بە مەسـەلەی نەتەوایـەتی کوردەوە نـییـە، ئـەوا لـە ئاسـتیکی تـردا بەرهـەمی قۆنـاغیکی میژوویـی ژیـانی ئـەم کۆمەلگایەیـەو ناسـنامەی زیندویتـی کاتـێ بەدەسـت دینیـت کـە ببیتـە شـاهیدی ئـەو قۆناغـەی کـە تیـایدا بەرهـەم هـاتووە. هـەر لـەم روانگەیەشـەوە دەشـێ ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکـەین کـە مـەرج نـیـیـە پیوانـەمان بـۆ ئـەدەبی زینـدوو ئـەوە بیـت کـە پـەیوەندی راسـتەوخۆی بـە مەسـەلەی نەتەوایەتیـەوە هـەبیت، بەلکو زیندویتی ئەمەش لەو پرسیارە مەعریفی و ئەنتۆلۆژیانەوە بەرهەم دیت کە لە دوای نەزانراو و نادیاریی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن.. کەواتە دەبێ لیرەدا ئامـاژە بـۆ ئـەو ئەدەبـە بکـەین کـە پـەیوەندی راسـتەوخۆی بـە مەسـەلەی نەتەوایەتی کوردییەوە هەیە.

مەبەسـت لـە مەسـەلەی نەتەوایـەتی لـەم باسـەدا کیشـە و بـوون و ناسـنامە و ئامـادەبوونی نەتەوەیـە لـە رووی میژوویـی و سیاسـی و کۆمەلایـەتی و کەلتوورییـەوە. ئـەدەبیش وەك گوتمـان بریتیـیـە لـە بەرهـەم و هەسـت و خـەیال و نەسـت و فیکـر و عەقل، کەواتە چ جۆرە پەیوەندییەك لە نیوان ئەو دوو بوارەدا هەیە؟ دیارە کاری ئیمە لیرەدا وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە نییە. بەلکو لیرەوە دەگەرییینەوە بۆ ئاخـاوتن کـردن لەسەر پەیوەندی ئەو دوو بوارە. دیارە جیگـای خۆیـەتی ئامـاژەش بـۆ ئـەوە بکـەین کـە تاکە رەگـەزی بالادەسـت لـە پانتـایی نـەك تـەنیا ئـەدەبی کوردیـدا بـەلکو لـە پانتـایی رۆشنبیری کوردیدا لە سەرهەلدانی نووسین بە کوردییەوە تاکو ئیسـتاش هـەر شـیعرە. شیعریش بەرهەمی سـۆزو خـەیال و نەسـتە، بـەواتا کـەمتر عـەقل و فیکـر لـە بەرهـەم هینانی ئەم رەگەزەدا بەشداری دەکەن، بەم پییەش رۆشـنبیریی کوردی رۆشـنبیرییەکی شیعرییە، واتە رۆشنبیرییەك کە لە جیاتی فیکـر و عـەقل، خـەیال و سـۆز و هـەلچوون کاری تیدا دەکات..

ئەگەر بگەڕیینەوە بۆ باسکردنی کۆنترین نووسینی کوردی ئەوا ئەوەی بەردەست دەکەویت شیعرە. تا ئەو ساڵانەی دواییش ئەوەی کە بە کۆنترین شیعری نووسراو بە زمانی کوردی دادەنرا ئەو شیعرانە بوون کە بابا تایەری هەمەدانی نووسیوونی، بەڵام ئەوە دکتۆر سەدیقی بۆرەکەیی ئاشکرای کردووەو دەریدەخات کە لە پیش بابا تایەریشدا چەند شاعیریك هەبوون کە بە زاری گۆرانی شیعریان نووسیووە. هەندێ کەسیش وای بۆ دەچن کە کۆنترین شیعری نووسراوی کوردی بریتییە لە "گاتاکان" کە بەشیکە لە ئاڤیستای پەیامی ئایینی زەردەشتی. بەهەرحال هەرکام لەم میژووانە بۆ سەرهەلدانی شیعری کوردی بە راست بزانریت، لای ئیمە و پەیوەست بەم باسە هەمان لیکدانەوەی هەیە. بەلای منەوە قسەکردن لەسەر بابا تایەری هەمەدانیش لەوانی تر گونجاوترە چونکە بەرهەمی قۆناغیکە هەم تیایدا زۆربەی نەتەوەکان گەراونەتەوە بۆ نووسین بە زمانی نەتەوەیی خۆیان، هەم دەتوانین بەرهەمەکانی لە رووی شیعریەتەوە وەکو دەقی شیعری سەیر بکەین.

بابا تایەر سەرباری ئەوەی کە بە زمانی فارسی بەرهەمی زۆری هەیە هەندێ لە شیعرەکانی بە زاری لوری نووسیووە، ئەمەش لە بەردەم پرسیاریکدا رامان دەگریت دەبێ چی وای لە بابا تایەر کردبیت سەرباری پەیوەستبوونی بە ئایینی ئیسلامەوە و سەرباری تواندنەوەی لەنیو گوتاری گشتگری تەوحیدی ئیسلامیدا و سەرباری کارکردنی لە سایەی دوو گوتاری ئایینی عەرەبی- فارسیدا لە رووی بنەماکانی پەیامی ئایینەکەو زمانی ئایینەکەو زمانی ئیدارەی دەولەتی ئیرانیەوە.. ئایا گەرانەوەی بۆ نووسین بە لوری چی دەگەیەنیت؟ بیگومان ئەو گەرانەوەیە، گەرانەوەیە بۆ نووسین بە زمانی دایك کە لە ئاستیکی تردا دەشێ بە زمانی نەتەوە ناوی بهینین.. بەڵام ئایا ئەو گەرانەوەیە هەر لەسەر ئاستی زمانە یان لە رووی گوتاری ئەدەبیشەوە رەگ و ریشەی خۆیی هەیە، بیگومان بابا تایەر لە شیعرەکانیدا زۆریك لە رەمز و هیما و دەلالەتە زەردەشتی و میدییەکان بەرجەستە دەکات کە ئەمەش لە رووی نەستەوە ئەو لیکدانەوەیەی بۆ دەکریت کە بابا تایەر گەراوەتەوە بۆ نیو زمانی کوردی هەم بۆ نیو

رابـردووی تیکشکاوی کـورد، رابـردووی سیاسـی تیکشکاو لـه لایـەن ئەخمینیيەکانـەوەو رابردووی تیکشکاوی ئاینیش له لایەن ئاینی ئیسلامەوە.

بابـا تایـەر سـەرباری پەیوەسـتبوون بـە ئیسلامەوە لـە رووی نەسـتەوە بـەو جـۆرە پەیوەسـت دەبیتـەوە بـە رابـردووی خۆیـەوە کـە رابـردووی کـوردە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنیت کە کەسیتی کوردی سەرباری چوونە سەر ئایینی تیکشکینەری ئایینەکەی خۆی و پەیرەوکردنی ئایینی نویٚ کە ئیسلامە هیشتا له رووی نەسـتەوە پەیوەسـتە بـە رابردووی خۆیەوە و دەشیٚ پەیوەستبوونی بە ئایینی نـوی ئیسلامەوە پابـەندبوونیك بیت کە هیز سەپاندبیتی بۆیە لە سنووری یادەوەری خەیال و نەستەوە دەگەریتەوە بۆ رابـردووی خـۆی و دەچیتـە دەرەوەی سـنووری دیسـپلین کـراوی پـەیامی ئـایینی نـویٚ و گوتاری ئەو ئایینەوە.

ئەو گەرانەوەی بابا تایەر لە ساتەوەختیکی میژوویـدا روودەدات کـە هیشتا لەسـەر هیـچ جیگایـەکی ئـەم گـۆی زەمینـە مەسـەلەی نەتەوایـەتی و ناسـیۆنالیزم سـەری هەلنـەداوە، بۆیـە ئـەو گەرانـەوەی بابـا تایـەر نـاکریت لـە دەرەوەی سـنووری تاکەکـەس بـەولاوە هیـچ لیکدانەوەیـەکی تـری بـۆ بکریـت. چونکـه ئـەوە ئاشـکرایه کـە مەسـەلەی نەتەوایـەتی و ناسـیۆنالیزم بەرهـەمی قۆنـاغی دەرکـەوتنی بـۆرژواو سـەرهەلدانی تەکنۆلۆژیان یان بە گوتەیەکی تـر بەرهـەمی مۆدیرنیتەیـە. گەرانـەوەی بابـا تایـەر بـۆ نیو زمان و هیما و دەلالەتـەکانی رابـردووی کـورد بەرهـەمی هەسـتی تاکە کەسـە. لـەو گەرانەوەشـدا بابـا تایـەر وەکـو کەسـیتیکی جـووت ئاراسـتە دەردەکـەویت، لـە لایـەك دەیەویت دابران لەگەلٚ کەلتوورو میژووی تیکشکینەری کوردیدا بکات و بگەریتەوە نیو پانتایی میژو و یادەوەری رابردووی کوردی، بەلاٚم ناتوانیت دریژە بەو ئاراسـتەیە بـدات و هەرچەنـدە لـە بـاریکی شلۆقدا تـا ئەندازەیـەك دەمینیتـەوە بـەلاٚم دواجار ئاراسـتەی بەرەو دابران لە کەلتووری تیکشکینەری کەلتووری کوردی هەرەس دەهینیٚ و بابا تایەر لە ئاکامدا لەنیو سنووری کەلتووری ئەوی تـردا دەمینیتـەوە واتـە ئـەوی داگیری کـەری کوردستان، ئەم ئاراستە ئیشکردنەی بابا تایەر نەك هـەر لـە سـنووری شـیعر و ئـەدەبدا بەلکو لە سیاسەتیشدا دوای بابا تایەر بۆتە هیلیکی زینـدوو و بـە گشـتی ئاراسـتەکانی

بەرەو دابران رووبەرووی شکست و هەرەس هینان هاتوون و بەرگری و رۆحی دابران تەنیا لە دەلالەت و هیما و رەمزەکانی زماندا لە ئاستی نادیاری دەقەکاندا دریژەیان بە بوونی خۆیان داوە.

بەهەرحال سەرباری هەرەس هینانی ئاراستەی بەرەو دابران لە کەلتووری ئیمەدا، کە مەبەستمان لە دابرانیش جیابوونەوەیە لە کەلتووری تیکشکینەر و داگیرکەری کەلتووری کوردی و گەرانەوەی کورد لە رووی کەلتوورەکەیەوە بۆ نیو جەستەی نەتەوەیی خۆی، کە لەو ئاستەشدا دەتوانریت باس لە شوینی ئەدەب لە پرۆژەی نەتەوەییدا بکریت.

لە دوای بابا تایەر ژمارەیەك لە شاعیرانی کورد بە زاری گۆرانی شیعریان نووسیووە، کە سەرباری دەرنەکەوتنی هەستی نەتەوایەتی دەتوانین بەرهەمی ئەو شاعیرانە وەکو بنەمایەك لە پرۆژەی زیندووکردنەوەی زمانی کوردی سەیر بکەین و، لە هەمان کاتیشدا بەرهەمی ئەو شاعیرانە بە کیشی فۆلکلۆری کوردی نووسراوە کە ئەوەش سەرچاوەکەی کیشی گاتاکانی ئایینی زەردەشتییە، کەواتە لە بەرهەمی شاعیرانی زاری گۆرانیدا جۆرە گەرانەوەیەك بۆ نیو جەستەی کورد هەیە کە ئەوەش لە ئاستی نەگوتراودا وەکو رەگەزیکی پرۆژەی نەتەوەیی سەیر دەکریت چونکە نووسین بە زمانی نەتەوە و بە کیش و پیوانەی فۆلکلۆری نەتەوایەتی بۆ گەلیکی کەلتوور داگیرکراوی وەکو کورد هەنگاویکە بۆ رابوونەوە.

لە ساتەوەختی بەردەوامبوونی شاعیرانی زاری گۆرانی بە کیشی پەنجە واتە بە کیشی فۆلکلۆری کوردی هەم لە شیعری زاری بادینی و هەم لە دوای ئەوانیش لە لایەن شاعیرانی میرنشینی بابانەوە جۆرە وازهینانیك لە نووسین بە کیشی فۆلکلۆری کوردی سەرهەلدەدات و پەنابردن بۆ نووسین بە کیشەکانی شیعری عەرەبی واتە کیشەکانی خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی و کیشی شیعری فارسی دەردەکەویت، لە ئەزموونی ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری بە زاری بادینی و شاعیرانی بابان لە نالی و سالم و کوردی وازهینان لە بەکارهینانی کیشەکانی فۆلکلۆری کوردی دەبیتە حالەتی دیار لە نووسینی شیعرداو پیشبرکێ کردن لەسەر شارەزایی لە بەکارهینانی کیش و

هونـەرەکانی شیعری عـەرەبیدا دەبیتـە خـالی دیـار لــە ئـەزموونی شـیعری شـاعیرانی باباندا. کە ئەوەش بۆ خۆی دەستبەردار بوونی یـەکیك لـە بنـەما دیارەکانی کـەلتووری کوردیـیـە و لـە جیـاتی ئــەو بـەکارهینانی کـەلتووری عەرەبییـە. راسـتە نـالی باسـی لیهاتوویی خۆی دەکات  بە زمـانی پـاراوی کوردی بـەڵام ئـەو دیت ئـەو زمانـە پـاراوەی کوردی بـە کۆت و پیوەنـدی کیشـەکانی شـیعری عـەرەبی دیـل دەکـات و لــە جیـاتی رەگەزیکی کوردیانە کە رەگ و ریشەی لە میژووی دوور و دریژی ئیمەدا چەسپاوە هـەر لە سەرهەلدانی ئایینی زەردەشتییەوە تاکو ساتەوەختی ئەو، بە رەگەزیکی عەرەبی  کـە لە ریگای کۆلۆنیالیکردنی کەلتووری ئیمەوە لە لایەن کەلتووری عەرەبی و  ئیسلامیەوە خۆی سـەپاندووە، جیگـا دەگریتـەوە، واتــە ئـەزموونی شـاعیرانی بابـان و بادینـانیش هەردووك یەکیك لە رەگەزەکانی کـەلتووری عـەرەبی لـە کـەلتووری کوردیـدا دەنیـژن و بەوەش هەولدەدەن رەگەزیکی رەسەنی نیو زمان و  فۆلکلۆری کـوردی ریشـەکیش بکەن کە ئەویش کیشەکانی فۆلکلۆری کوردییە بۆ شیعر نووسین.

راستە تاکو  ئیستا ئەحمـەدی خـانی لـە ریگـای ئـەو چـەند رسـتەوە کـە  گوتویـەتی سەبارەت بە کورد وەکو شاعیریکی نەتەوەیی  سـەیر دەکریـت، گومـان لـەوە نـاکریت کـە ئەحمـەدی خـانی شاعیریکی دیاری قۆنـاغیکی میژوویـی گـەلی کوردە. بـەلام جاریّ لـە ئاستی زمانــەوە بروانـین، ئایـا لـە رووی زمانـەوە شـوینی ئەحمـەدی خـانی لـە پـرۆژەی نەتەوایـەتی کوردیـدا لـە کویدایـە؟ ئایـا لـە ئاسـتی پەیوەسـتبوون بــە رەمــز و هیمـا و ئەفسـانە و فانتازیـا و دەلالـتـە کوردییـەکان و بنـەما ئەفسـانەییەکانی ئـایینی کۆنـی کــورد، شــوینی خــانی و پرۆژەکـەی لــە چ ئاســتیکدایە، ئایـــا خـــانی بـــە چ کیشـــیك نووسیوویەتی؟

بیگومـان ئـەوە ئاشکرایە کـە خـانی شاعیریکی تـا سـەر ئیسـقان پەیوەسـتبووە لــە کەلتووری ئیسلامەوە و نەیویستووە لە دەرەوەی ئەو کەلتوورەو  لـە سـنووریکی جیـاواز لەودا کاربکات، بەشی زۆری ئەو مەسەلە فیکرییانەی کە لە  شـیعرەکانیدا خسـتوونیتیە روو ، ئــەو مەســەلانەن کــە پــەیوەندییان بـــە مەســـەلە فیکرییـــەکانی نـــاو فیکـــری ئیسلامیەوە هەیە و ئەگەر لە پەراویزیشدا چەند رستەیەك باسی کورد و کرمانج بکات

ئەوە نابیتە بنیادنانی گوتاری نەتەوەیی، بەڵکو بە پیچەوانەوە کارکردنی خانی بەو جۆرە هەولدانیکە بۆ جیگاکردنەوەی کورد لە سنووری گوتاری ئیسلامیدا کە ئەوەش پرۆژەیەکە پیم وایە ئامانجی تواندنەوەی کورد و کەلتووری کوردی و ناسنامەی کورد بوون لەناو کەلتوور و ناسنامە و میژو و کەسیتی ئیسلامیدا لە پشتیەوە راوەستاوە. ئەگەرچی هەندیٚ لەوانەی لەسەر ئەم شاعیرەیان نووسیووە بە رابەری فیکری نەتەوەیی و تەنانەت بە بیریاری فیکری نەتەوەیی کوردی و فەیلەسوف ناویان بردووە، هەرچەندە لەبەر درشتی کارەکانیان و سەردەرنەکردنیان لە مەسەلەی نەتەوایەتی و فیکر و فەلسەفەو تەنانەت بیٚئاگابوون لە پیناسەی ئەو زاراوە و چەمکانە ئەو شاعیرەیان خستۆتە ژیر هەلگرتنی باریکەوە کە هەرگیز شیعری ئەو جیگای ئەو لیکدانەوانەی تیدانابیتەوە، ئەمەش قسەی ئەو نووسەرە ئینگلیزییەیان دەخاتەوە یاد کە پیٚی وایە تویژەری نەزان دەوری تیکدەرانە دەگیریت و راستکردنەوەی کارە هەلە و ئەحکامە بیٚ بنەماکانی ئەرك کیشانی زۆری دەویت بە تایبەتی بۆ میللەتیکی وەکو ئیمە کە بەشی زۆری ئەکادیمی و قەلەم بە دەستەکانی وەکو تووتی قسەی بیٚبنەمای مامۆستاکانیان دەلینەوە. بەهەرحال شوینی ئەحمەدی خانی لە پەیوەستبوون بە مەسەلەی نەتەوایەتیەوە تەنیا لایەنیکی هەیە کە ئەویش کارکردنیەتی بە زمانی کوردی، بیگومان ئەوەش لە پیش ئەودا لە میژووی ئەدەبی کوردیدا سەری هەلداوە و کاری پیکراوە، هەرچەندە ئەم قسانەی ئیمە بە هیچ جۆریك لە شوینی بەرزی خانی وەکو شاعیر کەمناکاتەوە، بەڵام شیواندنی شوینی ئەو شاعیرە لە لایەن هەندیٚ کەسەوە دەچیتە سنووری جەهالەتی ئەدەبییەوە.

شوینی نالی لە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردیدا ئەویش وەکو گوتمان تەنیا لەو روانگەیەوەیە کە بە کوردیەکی پاراو نووسیوویەتی، تەنانەت دیارترین شیعرەکانیشی کە تاکو ئیستا وەکو نموونە بۆ سەلماندنی شوینی ئەم شاعیرە لە سنووری گوتاری نەتەوایەتیدا دەهینریتەوە جگە لە پەیوەستبوون بە شوینەوە وەکو زیدو جیگای لە دایك بوون و ژیان ناتوانن ببنە سەلینەری بوونی بنەماکانی گوتاری نەتەوەیی، ئەو شیعرانەی نالی کە وەکو شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی دەهینرینەوە لە سنووری

هەستیکی سادەی پەیوەستبوون بە شوین و کەس و کارەوە تیپەرناکات، هەمان شیوەی ئەو هەستەی پەیوەستبوونی مەولانا خالید کە لە دەلهییەوە بۆ سەرچنار و کانی و دیمەنەکانی دەنووسیت، هەمان شیوەی نامەکەی نالی بۆ سالم و لاواندنەوەی روخاندنی میرنشین و دیمەنەکانی سلیمانی شوینی ژیانی.. یان رووخاندنی میرنشینی بابان وەکو دەسەلاتی ئیداری و سیاسی شوینی ژیانی ئەم، کە ئەم لەو دەسەلاتە نزیك بووەو وەکو شاعیری ئەو دەسەلاتە دەرکەوتووە، تەنانەت من پیم وایە نالی شیعرەکەی بۆ مەستورەی ئەردەلانی لەسەر بنەمای ناکۆکی بابانەکان و ئەردەلانیەکان نووسیووە و بە مەبەستی رازی کردنی دەسەلاتی بابان بووە.. بیگومان نالی کە ئەوەندە نزیك بووبیت لەو دەسەلاتە، هەلبەت رووخاندنی ئەو دەسەلاتە بەشی ئەوە کاری لیدەکات کە نامەیەکی لەوجۆرە لە غەریبییەوە بۆ سالم بنووسیت.. بەلام ئەوەی لە رووی پرۆژەی نەتەوایەتیەوە گرنگە ئایا نالی چەندێ بەشداری لە بنیادنانی بنەماکانی گوتاری نەتەوەیی کورددا کردووە؟ هەلبەت پەیوەست نەبوونی نالی بە شیوەیەکی ئاشکرا بە گوتاری نەتەوەیی کوردەوە هیچ لە پلەو پایەی داهینانی نالی کەم ناکاتەوە.. چونکە لە رووی زانستی لیکدانەوەی زەمینە و بنەماکانی سەرهەلدانی هەستی نەتەوەیی و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمەوە نە لە قۆناغی ئەحمەدی خانی و نە لە قۆناغی نالیدا هەست و هۆشیاری نەتەوەیی یان بە زاراوەیەکی تر ناسیۆنالیزم نەك لە کوردستانی دواکەوتووی خیلایەتی قۆناغی شوانکاری و گەرمیان و کویستان و ژیانی کشتوکالیدا سەری هەلنەداوە بەلکو لە ولاتانی دەوروبەری کوردستانیشدا ناسیۆنالیزم دەرنەکەوتووە، ئیتر بە چ پیوانەیەك و بە چ لیکدانەوەیەك دەشێ شاعیرانی وەکو خانی و نالی کە جیاوازی میژووش لە نیوانیاندا هەیە بە رابەری فیکری نەتەوەیی کوردی دابنرین؟ ناسیۆنالیزم بەرهەمی مۆدیرنیتەیە واتە بەرهەمی شۆرشی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا.. ئایا نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەو نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە کام قۆناغی ژیانی کۆمەلایەتی لە کوردستاندا ئامادەبوونی هەبووە؟ دەشێ هەندێ جار تاکەکەس پیش قۆناغی میژوویی پەرەسەندنی کۆمەلایەتی بکەویت بەلام ئەوەش لەبەر ئەوەی زەمینەی مادی نییە ناتوانیت بنەمای گوتاریکی ئاشکرا نەخشە بکیشیت،

بەلكو لە سنووری ئاماژەی لاواز تێپەر ناكات كە ئەوەی خانی و نالی لەو حالەتە زیاتر نییە، حالەتی هەستیكی سادەی دیسپلین نەكراو. بەلاّم لە رووی كاركردنیانەوە لەنێو زمانی كوردیدا و پەیوەست بوون بە هەندێ دیمەنی سروشت و شوێنی كوردستانەوە و كاركردنیش لەسەر ئەفسانەی كوردی یان هەندێ رەمزو هێمای كوردی بە سادەیی دەتوانین وەكو حالەتێك دایان بنێین كە لە یەك كاتدا ویستوویانە گوتاری كوردی لە سنووری گوتاری ئیسلامدا جێگا بكەنەوە كە ئەوەش لە رووی پرۆژەی نەتەوەیی كوردەوە نە لە رابردوودا هەلی بۆ رەخساوە نە لە ئێستا و نە لە ئایندەشدا ئەو هەلە دەرەخسێ چونكە گوتاری كوردی هەتا دابرانی تەواوەتی لە گوتارە تێكشكێنەرەكانی خۆی نەكات ناشێت بگاتە ئاستی پێكهاتن، ئەم قسەیە مانای ئەوە نییە كە كورد ئیسلامی قبولە یان نا، بەلكو بە پێچەوانەوە ئیسلام وەكو پەیامێكی ئاسمانی و پەیامێكی رۆحی ئەوە ئازادە لە جێگا كردنەوەو سەلماندنی خۆی، بەلاّم كاتێ دەبێتە گوتارێكی شمولی و دەیەوێت هەموو ئەوانی غەیری عەرەب لەنێو خۆیداو لە نێو كەلتووری عەرەبیدا بەناوی گوتاری یەكبوونەوە بتوێنێتەوە، ئەوا ئەوسا دەبێتە پرۆژەی سڕینەوەی ناسنامە جیاوازەكان، واتە لەو حالەتەشدا جێگایەك بۆ پرۆژەی كوردبوون نامێنێتەوە، هەر لێرەوەیە كە ناشێت ئەو ئەدیبانەی كە پێیان وابووە كورد و ئیسلام پێكەوە كۆبكەنەوە بەهەلگری گوتاری نەتەوەیی كوردی دابنرێن. كە بێگومان هەتا ئەزموونی حاجی قادری كۆیی شاعیرانی كورد تەنانەت ئەوانەشی كە وەكو ئەحمەدی خانی و نالی وا دەركەوتوون كە پەیوەست بن بە مەسەلەی نەتەوایەتی كوردەوە بەو ئاراستەیە كاریان كردووە كە گوتاری كوردی و گوتاری شمولی ئیسلام پێكەوە كۆبكەنەوە كە ئەوەش كارێكی بێبەرهەم بووە لە مێژووی كەلتووری و تەنانەت سیاسی و كۆمەلاّیەتی كوردیشدا و هەمیشە زەمینەی بۆ گوتاری خۆبەدەستەوەدان و موغازەلە و شكست لەلای كورد ئامادەكردووە.. كە ئەوەش جۆرێك لە بێ ئومێدبوونی لای كورد دروست كردووە.. هەتا ئەزموونی حاجی قادر كە لەوێوە بێئومێدبوون دەگۆرێت بە گەشبینی و بنەماكانی گوتاری نەتەوەیی بەهێزتر دەبێت.

ئەزمونی شیعری حاجی قادر ئەزموونیکی پەیوەستترە بە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردییەوە لەو روانگەیەوە هەم حاجی قادر خۆی هەستی نەتەوایەتی و هوشیاری نەتەوایەتی هەبووە، هەم قۆناغە میژووییەکەی ژیانی حاجی ئەو قۆناغە بووە کە سەرەتای هەست و هوشیاری نەتەوەیی لەلای نەتەوەکانی دەوروبەری کوردستان روو لە دەرکەوتن بووە. حاجی لە ئەنجامی مانەوەی لە تورکیاو تیکەلاوبوونی ژیانی ئەو ولاتە لە سەردەمی روو لە دارمانی ئیمپراتۆری عوسمانی و سەرهەلدانی ناسیۆنالیزمی تورکیدا و هەم تیکەلاوبوونی بنەمالەی بەدرخانی‌یەکان کە زیاتر تیکەلاوی ژیانی ئەوروپا بوون و ئاگاداری مەسەلەی سەرهەلدانی داوا نەتەوەیی و دیموکراتیەکان بوون.. ئەمیش کاری لیکراوە و ئەوەش لە شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە و ناوەرۆکیکی بە چەمکی کۆنی رەخنەیی نەتەوەیی بەخشیووە بە شیعرەکانی و گوتاری نەتەوەیی گوتاری دیاری ئەزموونی شیعری حاجی قادرە، ئەگەرچی هەندێ جار شیعری ئەم شاعیرە نزیك بووەتەوە لە قسەی ئاسایی و ئامۆژگاری و رینمایی کردن و شیعریەت تیایدا لە ئاستیکی لاوازدایە، بەلام هەولیداوە خۆی بە کیشەی کوردەوە خەریك بکات و ئەوەشی زۆرجار بە زمانیکی سادە دەربریووەو، حاجی لە هەلویستیکی رەخنەگرانەوە دەست پیدەکات کە ئەوەش دەرئەنجامی پەیبردنیەتی بە باری شکست و لەسەر ئەو بنەمایەش لە دوای رەگەزەکانی بنیادنانەوەی ئەو کەسیتە تیکشکاوەی کورد دەگەریت و رینمایی کورد دەکات ئامراز و چەکەکانی سەردەم پەیدابکەن و یەکیتی و یەکبوون لەنیو خۆیاندا دروست بکەن.. هەتا بگەنە ئاستی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەولەتی کوردی.

لیرەوە دەردەکەویت کە پرۆژەی حاجی جیاکردنەوەی گوتاری نەتەوەیی کوردە لە گوتاری شمولی ئیسلامی و لە گوتاری عەرەب و تورك و فارس، واتە پرۆژەی حاجی قادر پرۆژەی گەرانەوەیە بۆ نیو جەستەی کوردیو هینانە دواندنی رەگەزەکانی ئەو جەستەیەیە بەمەبەستی بنیادنانی پرۆژەی خۆ دروستکردنەوەو خۆسەلماندن.

لە ئەزموونی شیعری حاجی‌داو لە پشتی دەقەکانیەوە یەقینیك ئامادەیە کە یەقینی گەیشتنە بە ئایندەی گەش، هەندێ جار ئەو یەقینە دەگاتە ئاستی دیار و

گوتراوو زۆربەی کاتیش لە ئاستی نەگوتراو و نادیاردا دەمینیتەوە، ئەو یەقینـەش لەو روانینـەوە سەرچاوە دەگریت کە بروابوون بە گەیشتنی کورد بـە ئامانجـەکانی لـە پشتی‌یەوە راوەستاوە. ئـەم حالەتـەش لـە قۆناغـەکانی دواتـری شـیعری کوردیـدا بـە ئاشکراتر دەردەکەویت، بە تایبەتی لە ئەزموونی پیرەمیرد و بیکەس و دلدارو دلزار و بەختیار زیـوەر و.. کامـەران و دیلان.. دا کە گوتـاری ئـەم شـاعیرانە لەسـەر بنـەمای یـەقینیکی ئامـادە بەرهـەم هـاتووە کـە ئـەویش یـەقینی رەتکردنـەوەی کـەلتووری تیکشـکینەری کـەلتووری کـوردی و لــە هــەمان کــاتدا یــەقینی بروابـــوون بـــە خۆدروستکردنەوەو خۆبنیادنانەوەیە لە سرودی "ئەی رەقیب هـەر مـاوە قـەومی کورد زمـان" یـان "ئـەم رۆژی سـالی تازەیـە نـەورۆزە هاتـەوە".. تـاد بنـەماکانی گوتـاری رەتکردنــەوەی پرۆسـەکانی تیکشـکاندن بـە ئاشـکرا دەردەکـەویت و لـە پشـتی ئــەو رەتکردنەوەشەوە ئومیدی بنیادنانەوە راوەستاوە.

لە بەرامبەر یـەقینی ئاشکرای بروابـوون بـە گەیشـتن بـە میـژووی بنیادنانـەوە لـە حاجی‌یەوە بۆ ئەزموونی شیرکۆ، هاوکات لەگەڵ ئەزموونی حاجی‌دا ئـەزموونی پـر لـە گومان و پر لە تیرامان و پر لە پرسیاری کراوەی مەحوی هەیە، کە ئـەو واتـە مـەحوی لە سنووریکدا کاردەکات تـەنیا ئـەوەندە پـەیوەندی بـە کوردەوە هەیـە کـە بـە زمـانی کوردی دەنووسیت و هیچ بنەمایەکی نەتەوەیی تەنانەت وەکو رەمزو هیما و دەلالاتیش لـە شـیعرەکانیدا نـابینریت، حالـەتی گومانگـەرایی مـەحوی لـە دوای خۆیـەوە دریـژەی هەیە لە ئەزموونی شیعری گۆراندا، گۆران لە ئەزموونی خۆیدا لە هەمان خالی گومانی مەحوی‌یەوە دەست پیدەکات و بە دوای یەقین دا دەگـەریت، ئـەزموونی شـیعری گۆران ئــەزموونی دەرەوەی یــەقین و دەرەوەی گوتاریکــە کــە پــەیوەندی بــە سیاســەت و کوردایەتیەوە هەبیت، کاتێ دەگات بـەو یەقینـە، ئیـتر پانتاییـەك بۆ بەرهـەم هینـانی شـیعریەت نامینیتـەوەو شاعیریتی گۆران کۆتـایی پیدیـت، واتـە گـۆران کاتێ دەیـەویت بەشداری بنیادنانی گوتاری نەتەوەیی کوردی بکات لە ریگای بەرهەمـهینانی شـیعرەوە، ئەوا شیعریەت لەلای ئەو هەرەس دەهینیت، کەواتە لیرەشەوە دەتوانین بلیـین زۆرجـار پەیوەسـتبوون بـە مەســەلەی نەتەوایەتیـەوە توانـای داهینـانی لای شـاعیرانی کـورد

کوشتووه چونکه خۆیان له پانتاییەکی ناشیعریدا خەریك کردووەو نەیانتوانیووه لەو بوارەشدا شیعریەت بەرهەم بهێنن.. دیاره گۆران هەموو شیعره سیاسیەکانی چ شیعره نەتەوەییەکانی و چ شیعره چینایەتیەکانی کە بەکاریگەری ئایدیۆلۆژیای چەپ نووسیوونی بەهای شیعرییان نییە و لە گەورەیی و دەولەمەندی ئەزموونی ئەم شاعیرەی ئیمەیان کەم کردۆتەوە، بە پیچەوانەی ئەو را ئیفلیجەوه کە پێی وایە گەورەیی گۆران لەبەر ئەوەیە کە شیوعی بووه.

پەیوەستبوون بە مەسەلەی نەتەوایەتیەوه لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ دواوه، زیاتر بە دەرئەنجامی سەرهەلدانی هەست و هوشیاری نەتەوەیی کورد دادەنریت، بۆیە زۆربەی شاعیرانی کورد لە سەدەی بیستدا بە راست و چەپیانەوه کەم تا زۆر لە سنووری گوتاری نەتەوەییدا کاریان کردووە، بەلام هەندیکیان تەنیا لە شیوەی دروشمدا ئەوەیان ئەنجامداوه. بەلای منەوه کارکردنی شاعیریکی وەکو گۆران لە سنووری گوتاری نەتەوەیی کوردیدا لەو شیعره سیاسیە نەتەوەییانەدا نادۆزریتەوه کە لە رووی شیعریەتەوه لاوازن، بەلکو شوینی گۆران لە بنیادنانی گوتاری نەتەوەیی کوردیدا لە رووی ئەو گەرانەوەیە کە دوای ماوەیەکی میژوویی دوورو دریژی بەکارهینانی کیشەکانی شیعری عەرەبی و پشت کردن لە کیشەکانی فۆلکلۆری کوردی و بەکارهینانی زمانیکی کوردی ناپوخت گۆران دەگەریتەوه بۆ بەکارهینانی کیشەکانی فۆلکلۆری کوردی و بەکارهینانی زمانی کوردی پاراو. هەلبەت هەمان خال بۆ پەیوەستبوونی (مەولەوی)یش بە گوتاری کوردییەوه جیگای لیدوانە چونکە مەولەویش هەرچەندە لە دوای شاعیرانی بابان دیت بەلام زیاتر دەگەریتەوه بۆ نیو کیشە کوردییەکان و بۆ نیو ئیشراقی زەردەشتی و رۆژهەلاتی کە ئیلهام بەخشی ئەو ئیشراقەش جوانی و رەسەنایەتی و مانەوەی پاشماوه کەلتوورییەکانی کورده لە هەوراماندا کە کاریگەری کەلتووری ئیسلامی و عەرەبی و فارسی و تورکی نەیانتوانیووه رەسەنایەتی کوردی تیدا بسرنەوه.

دیارترین ئەزموونی شیعری کە لە دوای حاجی قادری کۆیی پەیوەستبوونی ئەنتۆلۆژیانەی خۆی بە گوتاری نەتەوەیی کوردییەوه خستبیتە فۆرمیکەوه کە مرۆڤ

و سروشت و میژووی کورد رەگەزەکانی بنیادنانی بن و گوتاری کوردی پیکبهینن ئەزموونی شیعری شیرکۆیە ، کە لەپال ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەشدا ئەنوەر قادرو رەفیق سابیریش بە هەمان ئاراستە ئیشیان کردووە ئەگەرچی ئامادەبوونی زیاتری شیرکۆ ئەوانی شاردۆتەوە.

گوتاری نەتەوەیی کوردی کە گوتاریکی خاوەن سیما و بنەمایەکی پشتبەستوو بە رەگەزە نەتەوەییەکانی کورد بیت و لە مەودایەکی قولدا کاربکات و لە خویندنەوەی رابردووی شکستەوە هەولی بنیادنانەوەی کەسیتی کوردی بدات و بۆ ئەو مەبەستەش لەسەر بنەمای هەمان یەقینی حاجی قادری کۆیی بۆ بە دەست هینانی ئاییندە، هەموو رەگەزە کوردییەکان لە سروشت و مرۆڤ و ئەفسانەو فانتازیاو میژووی کورد بخاتە دواندن و بیانکاتە رەگەزی بەرهەم هینانی گوتاری نەتەوەیی کوردی کە پیشتر ئیمە بە گوتاری مانەوە ناومان بردووە، ئەو گوتارەیە کە شیرکۆ لە ئەزموونی شیعری خۆیدا بەرهەمی هیناوەو.. ئەزموونی هەندیٚ لە شاعیرانی تری نەوەی شیرکۆش لە هەمان بواردا کاریان کردووە بە تایبەتی رەفیق و ئەنوەر.. جیاوازی کارکردنی ئەم سیٚ شاعیرە بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی جیاوازی ئامادەبوون و ئاستی بەرهەم هینانیانەوە گوتاریك بەرهەم دەهینن کە گەرانەوەیەکی تەواوەتیە بۆ نیو جەستەی نەتەوەیی کورد و دابرانی تەواوەتی دەکەن لەگەڵ کەلتووری داگیرکەران و پرۆژەی بنیادنانەوەی کەسیتی کوردی لە دەرەوەی دەسەلاتی کەلتووری داگیرکەراندا دادەنین، کە ئەم گوتارە زۆر پیشی گوتاری سیاسی و نەتەوەیی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی کەوتووە لە کاتیکدا گوتاری شیعری شیرکۆ و هاوریکانی هەموو پەیوەندییەك لەگەڵ کەلتووری داگیرکەرانی کوردستان لە رابردووەوە بۆ ئیستا رەتدەکەنەوە.. هیشتا بزوتنەوەی سیاسی کوردی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە توانای ئەوەی هەبیت گوتاری نەتەوەیی بەرهەم هاتوو لە ئەزموونی شیعری شیرکۆو هاوریکانیدا بکاتە رۆحی ستراتیژ و بەرنامەی کارکردنی.. کە لیرەشەوە دەشیٚ پرسیاری جدی سەبارەت بە ناسنامە و ماهیەتی ناسیۆنالیزمی کوردی سەرهەلبدات و بەم شیوەیە خۆی بخاتەروو ئایا ناسیۆنالیزمی کوردی تا چەندیٚ هەلگری پرۆژەی نەتەوایەتی کوردیـیە؟ ئەو پرۆژەی

که دەیـەویت بـە دابـران لـە کـەلتووری ئیسلامی کـە کـەلتووری یەکـەمی تیکشکینەری کەلتووری کوردییە بنیادی خۆی بنیت، ئەو پرۆژەی کە دەیـەویت خـۆی لـە دەسـەلاتی کـەلتووره داگیرکـەرەکانی عــەرەب و تــورك و فــارس رزگاربکـات و بینــای کەســیتیکی سەربەخۆو خاوەن ناسنامە بۆ خۆی بکات.. واتـە ئـەو پـرۆژەی کـە لـە گوتـاری شـیعری شیرکۆ و هاوریکانیدا هیلە ئاشکراکانی کیشراوە.

سلیمانی

سەرەتای مانگی کانونی یەکەمی ٢٠٠١

## به دوای شیعردا
## له نیوان وەهمی تازەگەری و واقیعیەتی تەقلیددا

تۆدۆرۆف لای وایــه ئــەدەب بریتیـیـه لـه سیستـەمیك لـه ئامـاژه و بـه هـۆی بنیـادی زمانەوه بنیاد دەنریت و له پلـەی دووەمـدا ئـەدەب سیستـەمیكی دەلالیـیـە[1]. ئیمـه لـەم روانگەیەوه لـه ئـەدەب دەروانـین و پیشمان وایـه هـەر دەقیكی ئـەدەبی نەگاتـه ئاسـتی پیكهینانی ئەو سیستەمه دەلالیه نابیتـه دەقیكی زینـدوو، ئـەم پیودانگـه گشتـیـیه بـۆ ئەدەب بەسەر شیعریشدا پراكتیك دەكریت. له دریژەی ئەم لیكۆلینەوەیەدا دەمانـەویت دەربـارەی قـەیرانی داهینـان بدویـین لـه شـیعری كوردیـداو لـه روانگـەی خسـتنه رووی كۆمەلی چەمكەوه لەسەر ئـەو قەیرانـه ئاخـاوتن بكـەین. هـەروەها قسـه لەسـەر شـیعر بكەین وەكو رەگەزیك كه پانتاییەكی فراوانی له رۆشنبیریی كوردیدا داگیركردووه و بـه جۆریك كه دەشێ رۆشنبیریی كوردی به رۆشنبیری شیعری ناوببەین.

مەبەسـتی ئـەم لیكۆلینەوەیـەش نـه لیدانــی هیــچ كەسـیكه، نـه هەولدانیشـه بـۆ گەورەكردنی هیچ كەسیكی تر، بەلكو ئەوەی لیرەدا دەیخەمه روو بەشیكه لـه روانـین و لیكدانەوەی من بۆ شیعری كوردی. بەهەرحالْ دەشێ لیرەدا پیویستمان بـه هینانـەوەی بەلگه له دەقی شیعری ئەو شاعیرانه هەبیت كه ئاخاوتن دەكریـن، بـەلام ئـەم باسـه لـه خۆیدا وەكو دەرئەنجامی ئەو كاره پراكتیكیانه وایـه كـه لەسـەر بەرهـەمی شاعیران لـه رابردوودا ئەنجامەمان داون. بۆیە لیرەدا ناگەریمەوه بۆ هینانــەوەی بەلگـەی شـیعری بـه قـەد ئـەوەی كـه تیروانینی خـۆم و تیگەیشـتنی خـۆم لەسـەر ئـەزموونی شــیعری ئــەو شاعیرانه دیاری دەكەم.

مەبەسـتی ئـەم لیكۆلینەوەیـه بـەلاوه نـانی شـیعر نـیـیـه بـەلكو ئاخاوتنـه لەسـەر قەیرانیك كه جەستەی شیعری كوردی گرتۆتەوه. ئەمه سەرباری بروابـوون بـەوەی كـه هەندێ هەولی باش هەیه له شیعری نوێی كوردیداو دەبێ ئەوەش بزانین كه كەسانیك هـەن دەقێ یـان لـه دەقی زیـاتری جوانیـان پیشكەش كـردووه، بـەلام بـه دەق و دووان شاعیر یان چیرۆكنووس نابیته دەنگ، له كاتیكدا جیهانبینی هاوبەشیش لـه نیـوان ئـەو

دەقانەدا هەیەو زۆربەشیان لە بابەتیك دەدوین كە پیشتر زۆری لە بارەوە گوتراوە. قسەكردن لەبارەی چەمكی شیعرەوە قسەی زۆر هەلدەگریت. بۆیە لە دوای ئەم پیشەكیە دەچینە سەر باسەكەمان:

هەر لە سەردەمی ئەرستۆوە كە كتیبەكەی بە ناوی (هونەری شیعر) ناوناوە چەندین پیناسەی نزیك لە یەكتر بۆ شیعر كراوە، بەلام رەنگە لە شوینی خۆیدا بیت كە بلیین تاكو ئیستا پیناسەیەكی وردو گشتگر كە بتوانیت ئەو رەگەزە ئەدەبیە پیناسە بكات و ببیت بە پیوانەیەكی جیگیر بەرچاو ناكەویت كەواتە هەموو پیناسەكان دەبێ لە روانگەیەكی ریژەییەوە پیناسەی شیعر بكەن، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نویترین پیناسەی شیعر كە بووە بە جیگای لیدوان و لە رۆشنبیری رۆژئاوادا جیگای گرتووە، بریتی‌یە لەو پیناسەی كە جەیمس پیكەرینگ و جیفری هۆپەر بۆ شیعریان كردووەو سالی ١٩٨١ بلاوكردۆتەوە و تیایدا دەلیین: شیعریش وەكو هەموو هونەرەكانی تری ئەدەب هەولدەدات وەلامدانەوەی هەلچوون و فەلسەفیانەی شاعیر بە دنیای دەوروبەری بگەیەنیت. شیعر بریتی‌یە لەوەی كە شاعیر هەستی پیدەكات و شعوری پیی دەشكێ و وەكو پیویستیش مەرج نی‌یە دەربرینی حەقیقەتە زانراوەكان بیت، شیعریش وەكو زانست پشت بە تیبینی كردنی ورد دەبەستیت بەلام بە پیچەوانەوەی زانستەوە شیعر بەراوردی ئەو دیاردە جۆراوجۆرانە دەكات كە زانست وەكو دیاردەی پیكەوە بەستراو و پەیوەست بە یەكتر سەیریان دەكات[٢]. لەم پیناسەیەوە دەردەكەویت كە شیعر هۆكاریكە بۆ گەیاندنی هەستی وروژاوی شاعیر بە دنیای دەرەوەی خۆی، بە واتا شیعر لە نیوان خودی شاعیر و دەرەوەیدا پردیك دروست دەكات بۆ گواستنەوەی هەست و سۆزی وروژاو، لیرەوە شیعر دەبیتە پراكتیكی دەروونی یان غەریزی كە ئەوەش دەتوانریت بە زاراوەی خالی كردنەوە ناودیر بكریت، ئامانجی پرۆسەی خالی‌بوونەوەش لە گەوهەردا پاكژبوونەوەیە.

پاكژبوونەوەش لە حالەتی بوونی ناوەندیك بەرامبەر بە خودی شاعیر دروست دەبیت كە دەتوانین بە وەرگر (متلقی) ناوی ببەین و لە رەخنەی كلاسیكیشدا پیی دەوتریت كۆمەل یان جەماوەری خوینەر.

بەڵام سەرباری ئەوەی کە شیعر وەڵامدانەوەی هەڵچوونی شاعیرە لە هەمان کاتدا وەڵامدانەوەی فەلسەفیانەی شاعیریشە بۆ دنیای دەرەوەی خۆی. کەواتە لێرەوە بە ئاشکرا دەردەکەویت کە دوو رەگەز لە بنیادنانی شیعردا بەشدارن کە بریتین لە وەڵامدانەوەی هەڵچوون و فەلسەفیانەی شاعیر. دیارە سەرچاوەی هەڵچوون سۆز و عاتیفەیە، هەروەك سەرچاوەی وەڵامدانەوەی فەلسەفیانەش عەقل و فیکرە. کەواتە لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە شیعر پەیوەستی دوو حالەتی ئامادەیە لە کەسیەتی بەرهەمهێنەرەکەیدا ئەوانیش (عاتیفە و عەقل)ن. جاریکی تر دەگەینەوە ئەو بۆچوونەی بلێین کەواتە شیعر بێ بوونی ئەو دوو رەگەزە بەرهەم نایەت. دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە پەروەردە کردنی هەست دەوریکی گرنگ دەبینیت بۆ بەرهەم هینانی شیعریەت کە ئەوەش دەشی بە شارەزایی و سەردەرچوون و پەی بردن بە نهێنیەکانی شیعریەت لیك بدریتەوە. شارەزایی و سەردەرچوونیك کە بەردەوام بەرهەمهینی شیعر لەبەردەم ئەزمووندا دەبینیتەوە بە مەبەستی بەشداری کردن لە پرۆژەی تازەگەریدا نەك وەهمی تازەگەری بە چەمکی ئەدۆنیسیانە. ئەم بەردەوام بوونەش لە ریگای ئەزمووندا هەموو تیروانینیکی جیگیر رەت دەکاتەوە، هەموو مانا جیگیرەکان نەفی دەکات چونکە تیروانینی جیگیر بەلگەی بروابوونە بە حەقیقەتی جیگیر، دیارە لە پرۆژەی تازەگەریدا هیچ حەقیقەتیکی جیگیر نییە، بەلکو تازەگەری بریتییە لە پرۆسەی رەتکردنەوەی هەموو ماناکانی پیشتر بە مەبەستی دۆزینەوەی مانای نوێ، لە هەر ساتەوەختیکی میژوویدا هەولدانە بۆ جیهیشتنی ئەو زەمەنەی تییدایە بە مەبەستی گەیشتن بە زەمەنیکی تر، تازەگەری لە زەمەنی ئیستای وەستاودا پیناسەی نییە. ئەوە میژووە دەتوانیت لە زەمەنی ئیستادا بیخوینیتەوە، تازەگەری پابەندی کات نییە بەلکو هەمیشە جولەی بەرەو ئایندەیە. ئا لێرەوە ئەو پرسیارە سەرهەلدەدات لە شیعری نوێی کوردیدا چەند خاوەن ئەزموونی وەها بەردەوام هەیە؟ کامانەن ئەوانەی کە هەموو ماناکانی پیشتر رەت دەکەنەوە و لە دوای مانای نوێ دەگەرین؟ کامانەن ئەوانەی ئەزموونەکانی پیشتر رەت دەکەنەوە و بۆ خۆیان لە دوای ئەزموونی نوێ دەگەرین؟ تەنانەت لە شاعیرە دیارەکانیش کامانەیان لەسەر مەجدی

رابردوویان ناژین، ئایا هەریەکە لەو داهێنەرانەی کە لە قۆناغیکی ژیانیاندا داهێنانیان کردووە و ئیستا لە ژیاندا ماون هەر لەسەر مەجدی ئەو رابردووە شانیان دانەداوە؟ بۆ نموونە با سەرنجی ئیستای ئەحمەد هەردی و لەتیف هەلمەت و ئەنوەر قادر و تەنانەت محەمەد عومەر عوسمانیش بدەین، ئایا ئامادەبوونی ئەم شاعیرانە لەسەر ئەزموونی ئیستایانە یان لەسەر ئەو بەرهەمانەی کە لە رابردوودا ناویکی بۆ دروست کردوون؟ بەلی نەتوانینی رۆیشتن لەگەڵ کاتدا واتە کشانەوە لە جولەی بەرەو پیشەوە چووی پرۆژەیەك کە ئەویش پرۆژەی تازەگەرییە. بە پیچەوانەی ئەم شاعیرانەی کە توانای بەردەوامبوونیان نەبوو، شاعیرانی تری وەکو شیرکۆ و رەفیق سابیر لە پرۆسەی داهیناندا بەردەوامن، گەرچی ئەمانیش هەر لە سەرەتای ئەزموونی شیعرییانەوە لە هەلویستی تازەگەریدا نەبوون و لەگەڵ واقیعی باویش ناتەبا نەبوون و لە کردەی رەتکردنەوەی ماناکانی ئیستادا نەبوون و نەشیانتوانیووە بەردەوام لە دوای مانای نوێ بگەرین، شیوازی نوێ بنیادبنین. بە واتا لە رووی جیهانبینییەوە شیرکۆ و رەفیق لە حالەتیکی جیگیردان، لە سنووریکی داخراودا ئیش دەکەن کە ئەویش سنووری گوتاری مانەوەیە لە ئەدەبی کوردیدا[٣]. کەواتە لە رووی پرۆسەی تازەگەرییەوە ناتوانین ئامادەبوونی ئیستای ئەم دوو شاعیرەش بە تازەگەری دانیین. رەنگە یەکیك بە وەڵام بیت و بلیت ئەی ئەم ئەزموونانەی دوایی شیرکۆ؟ بەڵام دەبێ ئەوەمان لا ئاشکرا بیت کە شیرکۆ لەم بەرهەمانەی دوایشدا هەر هەمان گوتار بنیاد دەنیتەوە، ئەگەر هەندێ خەسلەتی گوتاری شکستیش بەرچاو بکەویت ئەوە کاریگەری ئەزموونی گوناهو کەرنەڤالە لەسەر شیرکۆ رەنگی داوەتەوە، چونکە شیرکۆش زیاتر لە سەلیقە و ئیحساس شیعر دەنووسیت و باك گراوندیکی فیکری باشی نییە. دایڤد لۆج دەلیت: شیعر دەربرینی جۆریك لە تەوقع کردنە، واتە پیشبینی کە توانای کیش کردن و کۆنترۆلکردنی خوینەری هەیە[٤]. کەواتە شیعر ئیحایەکی ئەوتۆ بەرەو ئایندە نیشان دەدات کە خوینەر پیشتر درکی بەو ئیحایە نەکردووە. هەر لەبەرئەوە بە دوایدا کیش دەبیت کە دەشیت ئەو ئاماژە چاوەروان کراوە لەگەڵ خۆیدا جۆریك لە چیژ یان مەعریفەت پیشکەش بکات[٥]. کە راستەوخۆ دەلالەتی دابران دروستکردن لە پیش

خۆیشی نیشان دەدات. لەوەیدا کە خوینەر لەو حالەتەی کە ئیستا تیایدایە پەرت دەکات و بەرەو حالەتیکی تاکو ئیستا پەی پیٚ نەبراوی دەبات. باشە کامانەن ئەو دەنگە شیعرییانەی کە لە میژووی شیعری کوردیدا توانی (دابڕان) دروستکردنیان لەگەڵ ئەزموونی پیش خۆیاندا هەبووە؟

جۆن ئاشبیری دەلیت: بە تیروانینی من ئەو شیعرەی کە شتیك دەلیت پیش ئەو خوینەر ئەو شتە دەزانیت (چیژ بیت یان مەعریفەت) ئەوە لەراستیدا ئەو جۆرە شیعرە هیچ نادات بە خوینەر و لە رووی حسی و مەعریفیشەوە داهینان نییە و لەراستیشدا هیچ بەهایەکی نییە[٦]. جاریٚ نامانەویت لە رووی شیعریەت و بنیادی زمانەوە بدویین، بەلاّم لیرەدا بۆمان دەردەکەویت کە شیعر بەر لە هەموو شتیٚ دەبیٚ جیهانبینییەکی نویٚی هەلگرتبیت، ئەگەرچی لەو راستییە ئاگادارین کە بە بۆچوونی بارت: شیعر بریتیە لە شیوە. شیوەکارانی روسیش بەر لە بارت و چۆمسکی هەمان بۆچوونیان خستۆتە روو[٧]. هەر لەم بارەیەوە بلومفیلدی زانای زمان دەلیت: هەموو تیکستیکی ئەدەبی بریتییە لە سیستەمیکی ریکخراو لە زمان[٨]. بە پیٚی گوتەکەی جۆن ئاشبیری دەبیٚ هەر دەقیکی شیعری یان جۆریك لە چیژ یان جۆریك لە مەعریفەت بەرهەم بهینیت. باشە کامانەن ئەو ئەزموونە شیعرییانە لە میژووی شیعری کوردیدا توانای ئەوەیان هەبووە؟ کامانەن ئەو ئەزموونە شیعرییانەی کە توانیوویانە شتیکی نویٚ بە خوینەر بلیین، یان پەنجە لەسەر بابەتیکی گرنگی ئینسانی دابنین؟

سادەترین پیناسە بۆ تازەگەری لە هەر قۆناغیکی میژوویدا بیگریت بریتییە لە کارکردن لە بواری نامەئلوفدا، بەلاّم شیعری نویٚی کوردی جگە لە ئەزموونە دیارەکان هەر لە سنووری مەئلوفدا گیری خواردووە و دەرناچیت، باشترین حالەتی ئیشکردنی چەند شاعیریکی وەکو (شیرکۆ و ئەنوەر قادر و لەتیف و رەفیق)ە لەنیو میژوودایە، لەنیو پانتاییەکدایە کە توانای بەرهەم هینانی شیعریەتیان تیایدا هەیە. هەر لەبەر ئەمەش ئەم شاعیرانە بە پیچەوانەی هاوچەرخەکانیانەوە زیاتر دیارن و ریزیشیان لیگیراوە چونکە لە شیعردا ئەرکی میژوویی جیٚبەجیٚ دەکەن کە ئەویش بنیادنانی

گوتاری مانەوەی کوردی‌یە کە ئەویش گوتاریکی دەستەجەمی‌یە و تاکو ئیستاش دریژکراوەی ئەزموونی نالی‌یە بەلام بە فۆرمیکی جیاواز، بە بینایەکی زمانی جیاوازەوە. دیارە ئەم گوتارە میژوو دەدوینێ و لەسەر بنەمای روانینە میژووی کورد بنیاد دەنریت کە ئەویش حالەتیکی مەئلوفە چونکە ئەوەی گوتاری مانەوە لە ئەزموونی شیرکۆ و هاوەلەکانیدا لە هەولی بنیادنان و فۆرمەلە کردنیدان. سەرەتا کەی ئەحمەدی خانی بە لاوازی و پاشان نالی بنیادی ناوە. ئەم ئەزموونەش لە میژووی بزوتنەوەی کورددا شیخ عوبەیدولای نەهری بەر لە سەدەیەك بانگەوازی بۆ کردووە و شۆرشیشی بۆ بەرپاکردووە. ئەوەی بۆ ئەم شاعیرانەی کورد کە بە خاوەنی دەنگیش دادەنرین دەمینیتەوە ئەوەیە توانای بەرهەم هینانی شیعریان لەو بوارەدا هەبووە کە بۆ خۆی بواریکی تەنکاوە هەروەك ئاشكرایە لە دواندنی میژوودا شیعر ناتوانیت شتیکی نویمان بداتێ بەلکو رابردوومان بۆ دەگەریتەوە کە لەوەشدا شتیکی نویمان فیرناکات، لەم روانگەیەشەوە دەتوانین بلیین: میژوو تەنها گیرانەوەی رابردوو و مەگەر تەنها دەربارەی ئەزموونەکانی رابردوو ئاگادارمان بکات ئەگینا شتیکی نویمان فیرناکات، باشە گریمان ئەو چەند شاعیرە میژوویان خستەوە بەرچاوی ئیمە بەو هیوایەی برینەکانمان بکولیننەوە و لە ئەنجامی ئەوەدا هەولی خۆ دروست کردنەوە بدەین کە ئەوەش زیاتر ئەرکی خودی میژوو خۆی و کۆمەلناسی و سیاسەتەو لە وەزیفەی شیعر دووردەکەویتەوە، گریمان ئەوەش راستە کە میژووی کورد بە حوکمی هۆکاری سیاسی وەهای بەسەر هاتووە و دەبێ خەمی هەموو مرۆڤیکی کورد دروستکردنەوەی ئەو کەسیەتەو بنیادنانی قەوارە بیت بۆ کورد، باشە کامانەن ئەو دەنگانەی جگە لەو چەند ناوە کە توانیوویانە لەو بوارەدا شیعریەت بەرهەم بهینن؟

ئەزموونی شیعری نالی و مەحوی و گۆران ئەزموونی تازەگەری بەردەوامن، گەرچی لە رووی میژووییەوە بکەونە پیش ساتەوەختی قسەکردنی ئیمەوە، ئەویش لەو روانگەیەوە کە گەیشتوونەتە ئاستیکی بالا لە جیهانبینی کە دەشێ بە جیهانبینی (گەردوونی) ناودیر بکرین. جیهانبینی‌یەك کە لە دەوری کیشەکانی بوون و گەوهەری ئیستاتیکا و حەقیقەتە ئینسانیە قولەکان دەگەریت، واتە لە سنووری داخراوی

جیهانبینی تەسکی نیو پانتاییەکی جوگرافی داخراو تیپەربوون، سەرباری دۆزینەوەی بەردەوامی ئەزموون لە بەرهەمی شیعری ئەم شاعیرانەدا بە مەبەستی رامکردنی مانای نویّ. جگە لە بنیادنانی گوتاری (مانەوە) کە نالی رابەرەکەیەتی وەك شاعیر کە تاکو ئیستاش شاعیرانی خاوەن دەنگی کورد هەر ئەو گوتارەی نالی تەواو دەکەن، جگە لە چەند حالەتیکی کەم نەبیت. لە دوای ئەزموونی گۆرانەوە شاعیرانی وەکو هەردی و محەمەد عومەر عوسمان خاوەنی ئەو جیهانبینییە گەردوونیەن، لە ئەزموونی نویّدا بەختیار عەلی لە ئەزموونی بەردەوامی تازەگەریدا لە هەردوو لایەنی بنیادی شیعری و جیهانبینی شیعریدا خاوەنی گوتاریکی لەوجۆرەیە کە ئیستا وەکو (شا) گوتاری لیهاتووە لە پانتایی شیعری کوردیدا و نەوەی ئیستا بە زۆری لە سایەی بەختیاردا ئیش دەکەن (لە بەشیکی تری ئەم نووسینەدا بە نموونەوە ئەوە ئاشکرا دەکەین).

زۆریك لەوانەی کە ناتوانن لە شیعر و گەورەی شیعر تیّ بگەن، هەر ئەوەیان بەلاوە گرنگە شتیك بنووسن، بەلاّم شیعر ژانریکی ئەدەبی لەوە بالاّترە کە زۆربەی ئەوانەی ئیستا دەنووسن بتوانن لە سنوورەکانی نزیك ببنەوە، ئەگەر هەندیّ حالەتی جوانیش بینرا، ئەوە زۆر زوو گومان بۆ سەرچاوە و فەزایەکی تر دەچیت کە ئەو حالەتە جوانەی لی بەرهەم هاتووە، دیارە لیرەدا ئەم قسەیە بەرەو رووی ئەو کەسانە نییە کە توانای داهینانیان هەیە و ئەوانیش ژمارەیەکی کەمن. ئەگەر بگەرییینەوە و پیناسەکەی جیفری و جەیمس بۆ شیعر بهینینەوە پیشچاوی خۆمان ئەوا بە ئاشکرا ئەو پیناسەیە لە هەندیّ حالەتی نویّی شیعری کوردیدا بە تەواوی دەبینرین واتە وەلاّمدانەوەی هەلچوون و فەلسەفیانەی شاعیر. کە ئەوەش زیاتر لە بەرهەمی شیعری محەمەد عومەر عوسمان و بەختیار عەلی و کەریم دەشتی و ئەحمەدی مەلا و هاشم سەراجیش وەکو حالەتیکی نزیك لە کەریم بەرچاو دەکەویت. لای محەمەد عومەر (مەئلوفی) شیواز تا رادەیەك بواری ئەزموونگەری تەسك کردۆتەوە، گەرچی جیهانبینی شیعری ئەم شاعیرە جیهانبینییەکی گەردوونییە و زمانی ئەو دیووی دەقەکانیش شتیك نییە بیّ شۆربوونەوە و خۆ خەریك کردنی جیدیانە بە ئاسانی بدۆزریتەوە، دیارە تەسککردنەوەی بواری ئەزموونگەری لای محەمەد عومەر لەژیر کاریگەری

پەیرەوکردنی شیوازی تەقلیدیدا بەو مانایە نی‌یە کە ئاستی داهینان و بەرهەم هینـانی شیعریەتی بـەرز نی‌یـە، بـەلکو بـە پیچەوانـەوە جیهانبینی بـالا لـە ئـەزموونی شیعری محەمـەد عومـــەردا دەسـەلاتی بەسـەر (مەئلوفیـەتی) شـیوازدا کـردووە. لـە کـاتیکدا سوپایەك بە شـیوازیکی نویـتر لـە شیوازی محەمـەد عومـەر دەنووسـن بـەلام زۆربـەیان ناتوانن بە ئاستەمیش لەو جیهانە قەشەنگەی ئەو نزیك ببنـەوە و پەنجە لەسـەر ئـەو کیشە مـەودا قولانـە دابنیـن کـە جیـهانبینی شـیعری محەمـەد عومـەر دەیاندوینـیٚ. وەلامدانـەوەی محەمـەد عومـەر وەلامدانـەوەی هـەلچوون و فەلسـەفیانەی خۆیـەتی بەرامبەر بە مەسەلەکانی بوون و جوانی، بە کیشە قولەکانی ئینسان.

بەختیار عەلی لە ئەزموونی شیعری خۆیدا کە لـە ناوەراستی هەشـتاکانەوە دەست پیٚدەکات و لە نیوان (ئەو و فاروق رەفیق)یشدا کیشـەی ئـەوە هەیـە کـە کامیـان یەکـەم دەسـتپیکەری ئـەو شیوازە شـیعرییەن. ئیسـتا بـەختیار وەکـو خـاوەنی ئەزموونەکـە نـاودەبریت بـە تایبـەتی لـە کـاتیکدا توانـای بەرهەمـهینانی بـەردەوام و ئـەزموونی بەردەوامی هەیە. دیارە رەگ و ریشەی ئەو شیوازە شیعرییە پیش بەختیار لە شیعری کوردیدا هەبووە، ئەزموونی شیعری ئـەنوەر قـادر لـە زریـاندا لـە رووی شـیواز و بینـای زمانـەوە سـەرەتایەکە بۆ ئـەو ئەزموونـە، شـیوازی شـیعری کـەریم هـەر لـە کۆتـایی حەفتاکانەوە گەلیك لە سیفاتە دیارەکانی ئەم ئەزموونـەی ئیستای بـەختیاری تیدایـە، بەلام دیارە باشترین ئاستی ئەو ئەزموونە شیعرییە لای بەختیار دەردەکەویت و ئاسـتی داهینـان و توانـای بەرهـەم هینـانی شـیعرییەتیش چ لای کـەریم و چ لای بـەختیار زۆر جیاوازە لەو نەوەیەی دوای ئەوان یان هەندیٚ لەوانەی پیشتریش کە بە تایبـەتی ئیستا لـەژیر دەسـەلاتی شـیوازی شیعری بـەختیار دەرنـاچن و حەزدەکـەم سـەرنجی خوینـەر تەنانەت بۆلای ئەزموونەکانی دوایی شـیرکۆش رابکیشـم هـەر لـە (ئافات و پـەریزادە و گولەکەی دوژمنی و مـارو..) بەئاشکرا کاریگـەری شـیوازی شیعری گونـاهو کەرنـەڤالی پیوە دیارە و بگرە فـەزای شـیعریش نزیـك بۆتـەوە لـە فـەزای شـیعری بـەختیار، بـەلام دلنیـام زۆریـك لەوانــەی سـاویلکانە لـە شـیعر و بەرهـەمی ئیبداعـی تیٚدەگـەن ئـەم گوتەیەیان زۆر بەلاوە قورسەو دلنیام هەندیٚ لە ناشـاعیرەکان لەسـەر ئەمـەش بـە قسە

دین. بەختیار عەلی هەردوو بەشی پیناسەکەی لە بـواری ئـەزموونی شیعریدا بەسـەردا دەسەپیت چونکە شیعر لای ئەو بە ئاشکرا وەڵامدانەوەی هەلچوون و فەلسەفیانەیە کە لـە پشتیـیەوە جیهانبینیـیـەکی مـەودا قـوڵ هەیـە، بـەختیار لـە شـیعردا مەعریفـەت بەرهەم دەهینیت، هەمیشە لە ئەزموونی بەردەوامدایە، مانا باوەکان رەت دەکاتەوەو لە دوای مانـای نـویّ دەگـەریت. گـەرچی بەرهەمـهینانی شـیعر لای بـەختیار بەرهـەمی (خەیالی) کوردی و کۆمەلگەی کوردەواری نـیـە بـەلام بـە ئەندازەیـەك پەنجە لەسـەر کیشە ئینسانیەکان دادەنیت کە بەسەر هەموو سنوورە دەسـتکردەکانی نیـوان جوگرافیـا جیاوازەکاندا بـازدەدات و جیگـای هـەموو ئینسـانیەتی لـە سنووری دەقیکـی شـیعریدا نەکردۆتەوە. پیشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە شیعری کوردی لە دوای بەها جیگیرەکان دەگەریت، ئەو بەهایانەی کە بـەردەوام پرۆسـەی تازەگـەری رەفزیـان دەکـات و لـە دوای بـەهاو مانـای نویـتر دەگـەریت. بـەها جیگیرەکـان بـەهاکانی رابـردوو، وەك ئاشکراشـە تازەگەری لەسەر بنـەمای ئـەزموونی بـەردەوامی بـەرەو داهـاتوو پیناسـەی هەیـە. تاکـە شتیّ ئیمە بە رابردووەوە ببەستیتەوە لە روانگەی تازەگەرییەوە ئەوەیە وەکو کـەلتوور لە رابردوو دەروانین و ئامادەبوونی ئەو رابردووە لە رووی مەعنەوییـەوە و لـە هـەمان کاتدا لە رووی کەلتووریـیەوە زەمینە بۆ بنیادنانی پرۆسەی تازەگەری خۆش دەکات. بۆ نموونـە عـەرەب لـە خویندنـەوەی بەرهـەمی فیکری ئیـبن خـەلدون و فـارابی و ئیـبن روشد و غەزالی و تەنانەت قورئان و فەرموودەکانی پیغەمبەرو (نهج البلاغه)ی ئیمامی عەلیـیەوە زەمینەی کەلتووری و مەعنەوییان بۆ بنیادنانی فیکری عەرەبی هاوچـەرخ و تازەگـەری عـەرەبی ئامـادەکردووە. بـەلام بـۆ کـورد رابردوویـەکی وەهـا گـەش و رەونـەقداریش نـیـە هـەتا زەمینـەی تازەگەری لەسـەر بنیـاد بـنریت، بـەلکو زەمینـەی تازەگـەری کوردی لـە بـری ئـەوەی لـە ساتەوەختی هەسـتکردن بـە قـەیرانی داهینـاندا سەری هەلدابیت، بەلکو لە ئەنجامی هەست کردن بە شکستی کەسیەتی ئینسانی کورددا لە دایك بووە، بە واتا تازەگەری کوردی تازەگەریـیەکی سروشتی نـیـە و لەگـەڵ گۆرانـی دەزگا کۆمەلایەتی و کەلتووری و ئەخلاقیـیەکاندا دروست بووبیت، بـەلکو سـەرخانیکی خواسـتراوە یـان لـە باشـترین حالـەتدا کاردانەوەیـە بەرامبـەر بـە حالـەتی شکسـت و

نائامـادەبوون. هـەر بۆیـە بەشـی هـەرە زۆری ئەزموونـە دیارەکـانی شـیعری کـوردی لــە نالی‌یەوە تاکو دەگاتە بەختیار لە سنووری گوتاری مانەوەدان. جگە لە چەند حالـەتیکی وەکو مەحوی، گۆران لە هەندێ حالەتدا، هەردی و محەمەد عومەر عوسمان. کـە ئـەوان لە پانتاییەکی فراوانتردا کاریان کردووە.

دیارە جگە لەو چەند حالەتەی داهینان شیعری کوردی لە دوای نالی‌یەوە بە ئاشـکرا بەرجەستەکردنی خەون بینینە بەو رابردووەوە لیرەدا مەبەستمان لـەو ورینانـە نـی‌یـە کـە جگـە لـە سـۆزیکی هەرزەکارانـە هیچی تـر ناگەیـەنن، شـاعیری کـورد خـەون بـە رابردوویەکەوە دەبینیت کە تەنانەت ئەو رابـردووەش زیریـن نـی‌یـە، ئەمـەش خەوشـی رۆشنبیری‌یەکە کە توانای نەك تیپەراندنی نی‌یە بەلکو ناتوانیت حالەتە ئیبداعیـەکانی خۆیشی دووبارە بکاتەوە، رۆشـنبیری‌یەکی تـاك رەهـەندی وەکـو رۆشـنبیریی کـوردی کـە نەك ناتوانیت رەخنە ئاراستەی بنیادی خۆی بکات و هـەولی شـیکردنەوەو لیکدانـەوەی بدات بەلکو وەهمی (پیرۆزبوون) و بە مـەزن لـەخۆروانین هـەموو دەروازەیـەکی لەسـەر ئـەو بنیـادەو قسە لەسـەر کردنیشی داخستووە و هـەر دەست لیدان و لیدوانیکی بـە کاریکی حەرام و قەدەغە سەیر دەکریت. لە ئەنجامی ئەم جۆرە بۆچوونەوەیە کە هەر قەلـەمیکی سـەردەرچوو ئەگـەر درکـی بـەوە کـرد دەبـێ بنیـادی کـەلتوور و رۆشـنبیری کوردی بە گشتی بخریتە بەردەم رەخنەوە و هەولی شیکردنەوەی ئەو بنیـادە بـدات کـە دەکەویتە بەردەم دەیان لیپرسینەوەوە، هەر لە ئەنجامی ئـەم تـەرزە تیروانینەدایـە کـە ئـەو رۆشـنبیرە جیدییانـەی لـە کۆتـایی هەشـتاکانەوە بنیـادی کـەلتوور و رۆشـنبیری کوردییان رووبەرووی رەخنە کردۆتەوە بە دزیو و ناشـیرین لـە نیوەندەکـەدا لـە قەلـەم دەدریـن کـەچی ئەوانـەی تەنانـەت خیانـەتی رۆشنبیریشیان کـردووە ئیستا بــەریزن و دەتوانن لە ئۆرگانی یەکەمی حیزبەکانیشدا کاربکەن، چونکە ئەوانە مەترسیان لەسـەر ئـەو کـەلتووورە قەیراناوییـەی ئیسـتای کـوردی نـی‌یـە. دیـارە ئـەوەش ئاشـکرایە زۆربـەی نووسەرانی کورد لەسەر بنەمای بە پـیرۆز سـەرنجدانی ئـەو بنیـادە قەیراناوییـە ناویـان هەیە. هەر قسەکردنیك لەسەر ئـەو بنیـادە ناراسـتەوخۆ قسـەکردنە لەسـەر ناسـنامەی رۆشنبیری و رۆشنبیری کورد کە لە ئەنجامی کۆتاییشدا بـە سـوودی بەشـی هـەرە زۆری

ناكەویتـەوە بـە تایبـەتی لـە هـەردوو بـواری شـیعرو چـیرۆكدا. هەربۆیـە كاتـێ باسـی قەیرانی شیعر یان چیرۆك یان رەخنەی ئەدەبی بكریت هەریەكە لەو نووسـەرانەی كـە توانای بەرهەمهینانی دەقی زیندوویـان نـیـە هەسـت دەكات هیرشـیك ئاراسـتەی ئـەو بنیادە كراوە كە ئەو زەمانیكە بە كەمالی ئیسراحەت شانی لەسەر داداوە.

ئیستا با بگەریینەوە بۆ پرسیاری پیشووتر، لە دوای (گۆرانەوە) لە میژووی شیعری كوردیدا چەند دەنگ هەن لە ئـەزموونی بـەردەوامدا بووبـن یـان بـەردەوام بـن؟ بـەلام پیـش وەلامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە باشـتر وایـە لەنگـەری لای ئەزموونـە دیارەكـانی تـر بگریـن تـاكو لـە ئـەنجامی لیكدانـەوەدا لـە دۆزینــەوەی شـیوازیكی لیكچـوون لـە رووی ئـەزموونی تازەگەرییـەوە نزیـك ببینـەوە و هـەر لەویشـەوە لەسـەر تازەگـەری شـیعری كوردی قسان بكەین.

ئەگەر میژووی ئەدەبی كوردی تاكو ئیستا یەكەمین شاعیری داهینـەری كـوردی بـە نالی دانابیت، داخۆ لەسەر چ بنەمایەك ئەو حەقەی بە نـالی داوە و بـە هاوچەرخـەكانی ئەوی نەداوە؟ من پیم وایە زانینی هونــەرەكانی شیعری كلاسیكی عـەرەبی و تەنانـەت فرە زمـانزانی نـالیش هۆكاری سـەرەكی نـین بـۆ گـەیاندنی نـالی بـەو ئاسـتەی داهینـان، بەلكو نالی لە رووی جیهانبینی شیعرییەوە داهینەرە ئەویش لە ئەنجامی ئـەم هۆیانـەی خـوارەوەدا گەیشـتۆتە ئـەنجام. یەكـەم نـالی لـە شـیعردا سـنووری تـیروانینی تـاك رەهەندانــەی شـكاندووە و بەرهـەمی شـیعری نـالی دەكریـت لـە چـەند روانگەیـەكی جیاوازەوە بخویندریتەوە. نالی بنیادنەری گوتـاری مانـەوەی كوردیـیە. لای نـالی گوتـاری مانەوە بۆتە رۆحی جیهانبینی بەشیك لە شیعری كوردی ئەو قۆناغە. پیش نـالی تەنـها لەسـەر شـیوازی فۆلكلـۆری شـیعر دەنووسـرا، بـەلام نـالی شـیوازی شـیعری فۆلكلـۆری هەلوەشاندنەوە و یاساو ریساكانی شیعری كلاسیكی عـەرەبی بـۆ یەكـەمجار لـە میـژووی كورددا بۆ نووسینی شیعری كوردی بەكارهینا. لە لایەكی ترەوە جیهانبینی شیعری نالی جیهانبینییەكی گەردوونییە كە سنووری تایبەتمـەندی جوگرافیـای كـورد دەبـەزینێ و دەبیتـە بەشـیك لـە دەربرینـی حەقیقەتـە ئینسـانیە بالاكـان كـە ئـەوەش خەسـلەتی گەردوونی هەیەو پەیرەوی هیچ سنوور و نوخبیك ناكات. لە لایەكی ترەوە نالی گەرچی

لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی وەکو کۆمەڵگەی کوردەواریدا پەروەردە بووە و ژیانی گوزەراندووە و مەلای دینی بووە کەچی توانای داهێنانی هەموو سنوورێکی بەزاندووە و وەکو رۆحێکی داهێنەر لە حاڵەتی ئیغتیرابی وجوددا بووەو ئەوەش هێلی دیاری جیهانبینی شیعری نالییە، هەر ئەو پاڵنەرەش بەرەو ئاوارەیی و پەرتبوون لە جوگرافیاو زێدی خۆی پاڵی ناوەو رێگای نەداوە لە هیچ کوێیەك بحەوێتەوە. نالی مەلای دینی، مانا باوەکان رەت دەکاتەوە و لە دوای مانای نوێ دەگەڕێت، پێ لە عادات و تەقالیدە باو و جێگیرەکانی کۆمەڵگە دەنێت و ئەوەش لە شیعردا بەرجەستە دەکات، نالی لە قەسیدەیەکی وەکو مەستوورەدا باس لە حاڵەتی خەساندنی خۆی دەکات، ناکردەیی خۆی نیشان دەدات، ئەو جیهانبینییەش لەگەڵ گوتاری نەتەوەییدا لە یەك دەداتەوە و لە ناکردەیی (هێنەکەی)دا وێنەی کەسیتی کورد بەرجەستە دەکات کە لە رووی پراکتیکەوە بۆ خود سەلماندن شێوەی پیاوێکی خەسیوی هەبووە بۆ ئەو کاتەو تەنانەت بۆ ئێستاش. نالی لەو شیعرانەی بە دژی ژیانی سۆفی گووتوونی حاڵەتێکی زۆر باوی ژیانی کۆمەڵایەتی نەفی دەکات کە ئەویش حاڵەتی خود ونکردنە لە سنووری تەقس و کەشەکانی تەسەوف دا. سەرباری ئەمانە نالی لە ئەزموونی بەردەوامدا بووە هەر بۆیە دەقی نالی زیاتر لە کلیلیکی کردنەوەی هەیە. بێگومان دەبێ بزانین لە سەردەمی نالیدا چەندین کەس خەریکی شیعر نووسین بوو، بەڵام ئەوەی وەکو ناو مایەوە ژمارەیەکی کەم بوون. گەورەیی نالی ئەوەیە کە توانیوویەتی لە رووی داهێنانی باڵایەوە گوزارشت لە قۆناغێکی ژیان، لە چاخ و سەردەمێك بکات.

هەلبەتە لە رووی ئەزموونی شیعرییەوە شاعیرانی وەکو سالم و کوردی و دواتریش مەحوی و حاجی قادر لە سنووری ئەزموونی نالی دەرناچن، تەنها رەنگە لە رووی جیهانبینییەوە شاعیرێکی وەکو مەحوی جیاوازی لەگەل ئەوانی تردا هەبووبیت بە تایبەتی کە جیهانبینی شیعری مەحوی زیاتر پەیوەندی بە مەسەلەی بوون و کێشەکانی بوونەوە هەیە و جۆرێك لە بیرۆکەی پچرپچری فەلسەفیش لە جیهانبینی شیعری مەحویدا دەبینرێت، بەڵام دیارە ئەو بیرۆکە پچرپچڕە فەلسەفیانە نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی بە فیکری فەلسەفی ناوبرین. لە قۆناغەکانی دواتردا

جیهانبینی شیعری ئەحمەد هەردی و محەمەد عومەر عوسمان دریژکراوەی گوتاری (مەحوی)ن. دیارە بە جیاوازی شێوازی شیعری و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی شیعریەتەوە.

ئەزموونی شیعری گۆران لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا زۆری لەسەر گوتراوە، بێگومان هۆی زۆر پیداگرتن لەسەر گۆران رەنگە لە قۆناغیکدا پەیوەندی بە هەندێ ئیعتباراتی سیاسیەوە هەبووبیت، بەڵام راستی مەسەلەکە ئەوەیە گۆران لە رووی ئەزموونی شیعرییەوە شۆرشیك لە زمان و لە بینای شیعردا بەرپا دەکات، هەموو سنوور و کۆت و پیوەندە قورس و نالەبارەکانی شیعری کلاسیکی کە رەگ و ریشەی عەرەبیە تیکدەشکینێ و جۆریکی دی لە زمان لە ئەزموونی خۆیدا بەرهەم دینیت، گەورەیی ئەزموونی گۆران ئەو شۆرشەیە (گەرچی شیخ نوری و رەشید نەجیب سەرەتاکەیان دانا) لە زمان و بنیادی شیعردا بە ئەنجامی گەیاند. بە واتا تازەگەری گۆران تازەگەرییە لە بینای زمانی شیعردا، ئەگینا لە رووی جیهانبینی شیعرییەوە هەرگیز ناتوانین ئەو راستییە حەشار بدەین کە جیهانبینی شیعری گۆران لەسەر هەمان هیلی جیهانبینی شاعیرانی پیش خۆی دەروات و بە گشتی رەگەزەکانی گوتاری شیعری گۆران لە.. گوتاری شیعری نالی و مەحوی و مەولەویدا دەدۆزرینەوە. جیاوازی گۆران ئەوەیە لەگەڵ ئەزموونی نالی، سەرباری گۆرانکارییەکی بنەرەتی لە شیوازی شیعردا.. سیفەتەکانی قۆناغیکی دیاریکراو لە شیعردا کە ئەویش لە روانگەی میژووی ئەدەب و رەخنەی کلاسیکەوە بە قۆناغی رۆمانسیزم دادەنریت بەرجەستە دەکات. (ئەم بابەتە لیکۆلینەوەیەکی سەربەخۆیە بۆیە لیرەدا لە سەری ناڕۆم) دابران لە شیوازی شیعری کلاسیك ناکریت بە ئەزموونیکی گەورە دانەنریت، هاوچەرخەکانی گۆران هەندێ سیمای ئەو ئەزموونەیان پیوە دیاربووە بەڵام گۆران توانیوویەتی بە تەواوی پراکتیزەی ئەو شۆرشە بکات کە شۆرشی شیوازی شیعرە. کاتێ باس لە ئەزموونی ئەحمەد هەردی دەکەین و وەکو دەنگ لە میژووی شیعری کوردیدا لێی دەدوێین، دیارە ئەوەمان لا ئاشکرایە کە هەردیش وەکو سەرجەمی شاعیرانی هاوچەرخ و دوای گۆران لە سنووری شیوازی شیعری گۆران دەرنەچووە، بەڵام لە دوو روانگەوە هەردی گۆی

سەرکەوتن بەسەر شاعیرانی هاوچەرخی خۆیدا واتە شاعیرانی دوای گۆران دەباتەوە. یەکەم هەردی توانیوویەتی شیعرییەت بەرهەم بهێنێت، شیعریەتیش لای هەردی تەنها بەرهەمی هەست و سۆزیکی وروژاو یان هەلچونیکی عاتیفی نییە بۆ دەرەوەی خۆی، بەلکو شیعریەت لە ئەنجامی کارلیك و پیکەوە کارکردنی هەست و هەلچوون و حسیکی فەلسەفیانەوە بەرهەم هاتووە. جیهانبینی شیعری هەردی لەسەر ئەم بنەمایە دروست بووە و تا رادەیەکیش رەگ و ریشەی جیهانبینی هەردی لای مەحویە. هەردی کە هەلویستیکی بێهودەیی بەرامبەر دنیا نیشان دەدات، دەلالەتی فیکری و مەعریفی لەو بوارەدا بەرهەم دەهینیت و لە بنیادیکی ئیستاتیکیدا ئەو کارە ئەنجام دەدات. جیهانبینی شیعری هەردی ناچیتەوە سەر جیهانبینی شیعری گۆران بەلکو سەرباری پەیوەندییەك لەگەلٚ جیهانبینی مەحویدا دەشێ بلیین هەردی لە رووی جیهانبینی شیعرییەوە کەسیەتی تایبەتی خۆیی هەیە. دووەم: هاوچەرخەکانی هەردی هەمان شیوەی هەردی لە شیوازی شیعریدا پەیرەوی شیوازی گۆران دەکەن بەلاٚم بە دەگمەن دەتوانن شیعریەت بەرهەم بهینن و پرسیاریان هەبیت. لە رووی جیهانبینیشەوە خاوەنی جیهانبینی شیعری خۆیان نین بەلکو یان لە سایەی جیهانبینی گۆراندان، یان هەولدەدەن گوتاری مانەوە کە بنیادنەرەکەی نالیە بەرجەستە بکەن، بەلاٚم ئەم هەولەیان لە سنووری گوتاریکی سیاسی تیپەرناکات، مەگەر بە دەگمەن توانیبیتیان لەو بوارەدا شیعریەت بەرهەم بهینن. گوتاری سیاسیشی جگە لە مەعریفەیەکی سیاسی تیپەرناکات، مەگەر بە دەگمەن توانیبیتیان لەو بوارەدا شیعریەت بەرهەم بهینن. گوتاری سیاسیش جگە لە مەعریفەیەکی سیاسی ناتوانیت شتیکی تر هەلبگریت، سیاسەتیش لە کەلتووری کوردیدا تاکو ئیستا لاواز و بێ بنەمای فیکری و فەلسەفی بووە، هەر بۆیە ئەزموونی کامەران و دیلان و ئازادو دلزارو.. ئیشکردنە لە رووکەشدا. رووکەش بەو مانایەی دواندنی حالەتە زۆر مەئلووفەکانە، ئەوەی کە خەلکی سادەش پەی پێ دەبات. من لیرەدا دەپرسم کامەیە پرسیارو کامەیە جیهانبینی دیلان و کامەران و دلدار و دلزار و بەختیار زیوەر و کاکەی فەلاح و ع. ح. ب و جەمال شارباژیری..؟ کامەیە ئەو شیعریەتەی کە ئەمانە بەرهەمیان هیناون؟ کامەیە

ئەزموونی بەردەوامیان؟ کاتێ کـە ئـەمان لـە رووی شـیوازی شـیعرییەوە پەیرەوکـەرانی شـیوازی شـیعری گۆرانــن و لــە رووی جیهانبینیشــەوە لــە ســنووری گوتــاریکی لاوازی سیاســیدا ئیــش دەکــەن؟ بــەلاّم نــاوو حورمــەتی ئەمانــە تەنــها لــە هەلویســتی نیشتمانپەروەرانەیانەوە دروست بووە نەك لەسەر ئاستی داهینـان، شـیعریش هـەر بـە مەبەســتی ئــەو ئەرکــە نیشــتمانیە بــووە نــەك بــە مەبەســتی خــودی داهینــان و بەرهەمهینانی شیعر.

بـۆ ئـەوەی بتوانـین لەسـەر ئـەزموونی نـوێی شـیعری کـوردی بدویـین پیویسـتمان بەوەیـە جـاریکی دی بـە کورتیـش بیـت لـە ئـەزموونی روانگـە بدویـین. کەواتـە بـا لـەم پرسیارەوە دەست پێ بکەین: روانگە چی بوو؟ وەلاّمدانەوەی ئەم پرسـیارەیە پیویسـتی بە لیکۆلینەوەی سەربەخۆ هەیـە. بـەلاّم لـیرەدا دەلیـین روانگـە وەکـو ئـەزموونیکی بـە ئــەنجام نەگەیشــتوو لــە ئــەنجامی هەســتکردنی دەســتەیەك لــە نووســەرانی کۆتــایی شەستەکان و سالی حەفتادا بە قەیرانیکی خنکینەر لە بـواری ئـەدەبی کوردیدا سـەری هەلدا. روانگە ئەگەر نەیشیتوانیبیت گوتاریکی نوێی خاوەن ناسنامە بەرهـەم بـهینیت ئەوە زەنگیکی وریاکردنــەوەی بـۆ نیوەنـدی رۆشـنبیریی کـوردی لیـداو گوتـی: ئـەزموون پیویستە، دەبێ هـەولی تازەکردنـەوە بدریـت. شـیوازی (گـۆران) نـاتوانیت لـە ئاسـتی پیداویســتییەکانی قۆنــاغی ئیســتاماندا بیــت. ئەگــەر خەســلەتی شــیعری روانگــەیی خەسلەتیکی پابـەند بـە هـەرەس بووبیـت ئـەویش لـەوەیدا یـان لـە ئـەنجامی شکست و هەرەسیکی سیاسی یان کۆمەلاّیەتی کۆمەلگەوە لە دایك بووبیـت، یـان هەرەسـی فیکـری هـەندێ لـە رابـەرەکانی ئـەو ئەزموونـە لـەژیر هـەندێ کارتیکـەری سادەدا هینابیتییــە بەرهەم، بە واتایەکی تر دەتوانین بلیـین ئەگـەر ئـەزموونی روانگـە بەرهـەمی حسـیکی تراژیدی بووبیت لە شیعری کوردیدا و دوور لە مەودای تیروانینی فەلسەفیانە بووبیت و هـەر تراژیدیایـەکی نیـو پانتـایی میـژوو و سیۆسـیۆلۆژی نەتــەوە بووبیتـە مۆتیڤـی بەرهەم هینانی[٩]. داخۆ ئەم ئەزموونە توانی ببیتە خاوەنی گوتاری تایبەت بـە خـۆی؟ ئەگەرچی روانگە لە رووی جیهانبینی شـیعرییەوە نـەیتوانیبیت بـەرەو داهینـانی نـوێ رینماییمان بکات و بگرە رابەری ئەو شیوازە شیعرییەی کە ئیمـە ئیسـتا بـە ئـەزموونی

روانگە ناوی دەبەین لە دەرەوەی گروپی بەیانی روانگە بووبیت و هەروەك شێرکۆ بێکەس خۆیشی ناتوانێت ئەوە بشارێتەوە و دان بەو راستی‌یەدا دەنێت کە لەتیف لەو بوارەدا دەست پێکەر[١٠] بوو. بەڵام ئەم ئەزموونە توانی شێوازی شیعری گۆران تێکبشکێنێت و ئەو شێوازە نوێ‌یەی شیعرنووسین بهێنێتە کایەوە کە بە شێوەیەکی گشتی لە شیعری کوردیدا هەتا شێوازی شیعری بەختیار عەلی بەردەوام بوو، ئێستاش جگە لەوانەی کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شێوازی شیعر نووسینی بەختیارەوە ئەوانی تر هەمان شێواز دەنووسنەوە (جارێکی دی لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ دەرچوونی ئەنوەر قادر تا سنووریك و دواتریش کەریم دەشتی و هاشم سەراج لە چوارچێوەی شێوازی روانگەیی شیعر بکەین).

لە رووی جیهانبینی شیعرییەوە ئەزموونی ساڵانی حەفتا لە شیعری کوردیدا جارێکی دی گەڕایەوە بۆ سنووری هەمان گوتار کە نالی بنیادنەری بوو واتە گوتاری مانەوە. بە تایبەتی ئەو شاعیرانەی کە توانای بەرهەمهێنانی شیعریەتیان هەبووە بە گشتی لەو سنوورەدا ئیشیان کردووە و بە دەگمەن توانیوویانە جیهانبینی جیاوازیان هەبێت، هەر بۆیە لێرەوە دەتوانین ئاماژە بۆ یەك دەنگی و یەك شێوازی شیعری ساڵانی حەفتا بکەین، بۆ نموونە ئەگەر بێت و بەرهەمی شیعری ئەو دە ساڵەی شاعیرە دیارەکان تێکەڵ بکەیت و هیچ ناویکیان لەسەر نەنووسیت ئەوا بۆ نەوەیەکی دوای ئیمە رەنگە سەرجەم وەکو شیعری یەك شاعیر لێی بروانن مەبەستم لەم قسەیە ئەوەیە کە شاعیرانی ئەو قۆناغە لە یەك بابەت دەدوین، لە یەك پانتایدا کاردەکەن، یەك شێوازی شیعرییان هەیە، جیاوازییەکی ئەوتۆ نی‌یە لە جیهانبینی‌یاندا، تاکە جیاوازی‌یەك لە ئاستی ئامادەبوونیشیاندا ئەوەیە کێ بەرهەمدارتر بووە و کێش خۆشبەخت بووە لەوەی (هالە)ی سیاسی لە دەور دروست ببێت واتە شاعیرێکی وەکو شێرکۆ ئەوەندەی حیزب ناساندویەتی ئەوەندە داهێنان لە گەورەکردنی ناویدا دەوری نەبووە.

تەنانەت لە رووی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی دەقیشەوە هەر بە هەمان کۆمەڵە کەرەسەی ئامادەوە کاریان کردووە. ئەوە سەرباری ئەوەی کە شیعری کوردی لە ئەزموونی روانگەوە دیاردەیەکی دیکتاتۆر ئامێز دەسەڵاتی بەسەردا کردووە و ئەویش

جوینەوەی هەمان ڕستەی شیعری‌یە. ئەویش دیارە لەو بۆچوونەوە نی‌یە کە ڕستەی شیعر لە هەر بەکارهێنانێکدا بە بۆچوونی ئەدۆنیسی جارێکی تر شاعیر بنووسێتەوە. هەروەك لەسەر بنەمای تیۆری (چۆمسکی)یش نی‌یە. کە لای وایە دەتوانرێت لە هەمان ڕستەی ڕیزمانی چەندین ڕستەی تر دروست بکرێت و سەرباری ئەوەی کە هەمان توخمەکانی زمان کە لە ڕستەی یەکەمدا بەکارهاتوون، بەکاردەهێنرێتەوە، بەڵام هەریەکە لەو ڕستە نوێیانە لە ڕووی سیمانتیکەوە تەواو جیاوازن لە ڕستەی یەکەم و هیچ کام لەو ڕستانەش لەو ڕوانگەیەوە لە یەکتر ناچن[١١]. بەڵام بە پێچەوانەوە ڕستەکانی شیعری نوێی کوردی چ لە ڕووی کەرەسەکانی بنیادنانی ڕستەوە، چ لە ڕووی ئەو مانایەی کە هەڵیدەگرن تا ڕادەیەکی لەبەرچاو لە یەکتر دەچن. ئەمەش دیسان هەموو مافێکی یەکەم بەرهەمهێنی ڕستە شیعرییەکە ون دەکات و هەریەکە لە لایەکەوە بۆ خۆیی دەیلێتەوە. ئەم دیاردەیە سەرباری ئەوەی لە ساڵانی حەفتادا بە ئاشکرا دیاربووە و زۆرێك لە شیعرنووسەکان ڕستەکانی (لەتیف)یان دەگووتەوە و نەیاندەتوانی لەژێر کۆنترۆڵی ئەو دەستە شاعیرە دیارەی ئەو قۆناغە قوتاربن، ئەو حاڵەتە تاکو ئەمرۆش جێکەوتی ماوە. بۆ نموونە قوبادی جەلی زادە کە ئێستا یەکێکە لە هەوڵە باشەکانی نێو پانتایی شیعری کوردی لە ئەزموونی سەرەتایدا بە ئاشکرا کاریگەری (لەتیف)ی پێوە دیاربوو. کاریگەری شێرکۆ لەسەر زۆرێك لە شاعیرانی قۆناغی دوای خۆی دیارە. بۆ نموونە سەیری (دەروازەی سێیەمی مێژوو و بەرهەمەکانی تری عەبدولقادر سەعید) بکە بزانە تا چەندێ گوتنەوەی هەمان بنیاد و هەمان کەرەسەی شیعری شیاو بەڵام نەیتوانیووە تەنانەت شیعریەتیشی لێ بەرهەم بهێنێتەوە. گوتنەوەی ڕستە شیعرییەکانی گوناه و کەرنەڤاڵ (سەرباری گواستنەوەی فەزای دەقەکان و بنیادی گشتی شیعرەکان و جوینەوەی هەمان جیهانبینی گشتی) بە ئاشکرا لە بەرهەمی شیعری دوای ڕاپەڕیندا دەبینرێن بە تایبەتی لای ئەو نەوەیەی کە لەو مێژووە بۆ دواوە دەستیان داوەتە شیعر، گەلێك ڕستە و تەنانەت فەزاو جیهانبینی شیعری بەختیار لە بەرهەمی دوای بڵاوبوونەوەی گوناهو کەرنەڤالی زۆربەی شاعیرانی ئێمەدا دەبینرێت.

کەواتە حەق نىیە قسەکردن لە دیاردەیەکی لەو جۆرە ببیتە هۆی زویربوونی ئەو کەسانەی کە خۆیشیان دەزانن ناتوانن لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی ئەزموونی گوناهو کەرنەڤال دەربچن. ئەو ئەزموونە بە گویرەی نەوەی دوای راپەرینەوە خەسلەتی (شا) ئەزموونیکی هەیە کە لە مەودایەکی قول و لە رووبەریکی فراواندا کاردەکات و تەنها دوو جۆر لە شاعیر لە کاریگەری ئەو ئەزموونە دەرباز دەبن یان دەبێ شاعیر توانای بەرهەم هینانی شیعریەتی لە خاوەنی گوناهو کەرنەڤال بەرزتر بیت کە ئەوەش لەسەر بنەمای کەلتوور و خەزینیکی رۆشنبیریی و جیهانبینییەکی باڵا بەرهەم دەهینریت کە بە داخەوە ئەوانەی لە نیوەندەکەدا دیارن لەو بارەیەوە ناتوانن بە دەسەڵاتی مەعریفی خۆیانەوە نەفی ئەو مانایانە بکەن کە جیهانبینی گوناهو کەرنەڤال پیك دینیت. لایەنی دووەم ئەو کەسانە ناکەونە ژیر کاریگەری ئەزموونیکی لەو جۆرەوە کە بۆ خۆیان قایلن بەو شتەی کە چەندین سالە خویان پیوەگرتووەو دەینووسن، بەڵام دیارە ئەمەیان لە رووی داهینانەوە هیچ ئامادەبوونیکی نییە. ئەوانەی جۆری یەکەم کە لەژیر کاریگەری شیوازو جیهانبینی گوناهو کەرنەڤالدا دەشێ ببنە خاوەنی دەنگی خۆیان، بە مەرجێ لە دوای دۆزینەوەی تایبەتی خۆیان بگەرین. بەڵام ئەگەر هەر لە سنووری ئەزموونی بەختیاردا مانەوە چ لە رووی شیواز و چ لە رووی کەرەسەکانی شیعریەت بەرهەم هینان و چ لە رووی جیهانبینی شیعرییەوە، ئەوە مانای وایە ناتوانن لە حالەتی پەراویزییانەوە بگوازترینەوە بۆ حالەتی بوون بە دەنگ. لە بارەی دووبارە کردنەوەی ئەزموونەوە چۆمسکی بە راشکاوی دەلیت: کەس بۆی نییە رستەیەکی من دووبارە بکاتەوە بە ناوی خۆیەوە. رستەی پاسکیلەکە لە مندالەکە دەدات) رستەی منە کەس ناتوانیت بۆ مەرامیکی خۆی بە ناوی خۆیەوە بەکاری بهینیت. خۆ ئەگەر یەکیکی تر هاتوو گوتی (ئۆتۆمۆبیلەکە لە پیاوەکە دەدات) دیسان هەر رستەکەی منی نووسیووەتەوە[١٣]. گرنگی بوون بە خاوەنی ئەزموونی خۆ لەوەدا دەردەکەویت کە خۆت چی بەرهەم دەهینیت. خۆ رەنگە یەکیك لە خەوشەکانی ئەزموونی شیعری (بەختیار عەلی)یش سەرباری رووە جوانەکانی داهینان و تازەگەری، بوونی گەلیك سەرچاوەی ئاشکرای دەرەوەی خودی بەختیار بیت کە بە ئاشکرا سیبەری ئەو سەرچاوانە لە

بنیادی زمان و شیوازی شیعری و جیهانبینی بەختیاردا هەست پێ دەکرین و هەر ئەوەش وەهای کردووە کە بەرهەمی شیعری بەختیار سەرباری ئەو گرنگی‌یە ئیبداعیەی کە ناتوانریت لە ئاستیدا بێدەنگ بوون نیشان بدریت، ئەوەیە بەرهەمی خەیال و ئەندیشەی کوردی نی‌یە. راستە هۆیەکی دوورکەوتنەوەی شیعری بەختیار لە خەیالی کوردی، لەژێر کاریگەری ئاستی رۆشنبیری و بینای فیکری و مەعریفی بەختیاردا دروست بووە کە لە پیش ئاستی هەموو مانا جیگیر و هەموو ئاستە مەئلوفەکانی نیو پانتایی رۆشنبیری کوردی‌یەوەیە. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا پەرت بوونی ئەزموونی بەختیار لە خەیالی کوردی و کەمترین مامەلەکردنیش لەگەڵ کەرەستەکانی بەرهەمهینانی شیعر لە واقیعی ژیانی کۆمەلایەتی و میژوویی و جوگرافی و کەلتووری ئیمەدا لە ساتەوەختی ئیستادا زیانی مەعنەوی لەو ئەزموونە داوەو تا رادەیەك هۆی کەمکردنەوەی کاریگەری ئەو ئەزموونەی لە ئیستا دروستکردووە لە پانتایی رۆشنبیریی کوردیدا، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا زۆریك لە قەلەم بە دەستی کورد ناتوانن لەژیر کاریگەری دەسەلاتی دەقەکانی گوناهو کەرنەڤال و جەلاد دەربچن. ئەو کەوتنە ژیر کاریگەرییەی ئەزموونی بەختیار لە لایەن هەندێ لە شاعیرانی ئیستای کوردەوە بابەتی نووسینیکی ترمانە. بەلام بە راشکاوی دەبێ بلیین ئەزموونی گوناهو کەرنەڤال ئامادەبوونی هەیە لە پانتایی رۆشنبیری کوردی لەم قۆناغەدا و بە باشترین نموونەی داهینان دادەنریت.

پیشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە زۆربەی دەقی شیعری کوردی دەقی داخراون لەو روانگەیەوە کە تەنها بە ئاراستەیەك دەروواننە دنیاو، یەك مانا بۆ ژیان دیاری دەکەن و یەك میژوو بنیاد دەنین. لەم بارەیەوە ئەمبیرتۆئیکۆ دەلیت: ئاشکرایە کە بەرهەمی هونەری نابیت بەرهەمیکی داخراو بیت. هەر بەرهەمیك (دەقیك) لە خۆیدا چەندین خویندنەوەی شیاو هەلدەگریت[١٣] مەبەست لەم قسەیەی ئیکۆ ئەوەیە کە هەر دەقیك دەتوانیت کۆمەلی ئەزموونی ئینسانی لە خۆیدا کۆبکاتەوە و لەهەر گۆشە نیگایەکەوە لێ بروانریت جۆریك لە خویندنەوە هەلدەگریت. چەندین کلیل بۆ کردنەوەی ئەو دەقە هەیە هەتا بچیتە نیوییەوە و بۆ نیو دەهالیزەکانی شۆر ببیتەوە و لە دوای

ئاشکراکردنی نهێنییەکانی بگەرێیت. بە واتایەکی دی دەتوانین بلێین دەقی کراوە گەلێك دەلالاتی هەمەچەشن هەڵدەگرێت. دەقی لەم جۆرە لە ئەزموونی ساڵانی حەفتادا بە دەگمەن بەرچاو دەکەوێت، بەڵکو دەتوانین بلێین دەقی شیعری ئەو قۆناغە تەنانەت لای ئەو شاعیرانەش کە توانیوویانە شیعریەت بەرهەم بهێنن زیاتر دەقی داخراوە، گەرچی ئەم قسەیە جۆرێك لە دژایەتی کردن لە خۆیدا کۆدەکاتەوە. بەڵام مەبەستمان لە (ناوبردنی) دەقە زیندووەکانی ساڵانی حەفتای شیعری کوردی بە دەقی داخراو ئەوەیە کە لەو دەقانەدا زمان توانای هەڵگرتنی مەدلولاتی جۆراوجۆری نییە، بەڵکو هەموو دالێك مەدلولێکی مێژوویی هەیە کە ئەویش یان حاڵەتێکی شکست، هەرەس، دابڕان، یان بزاڤ و ڕابوونەوە دەنوێنێ. لە هەندێ ئەزموونی لاوازیشدا ئاماژەیەك بۆ وێنەی باوك، دەسەڵات یان سیستەمی لاوازی باوکسالاری کوردی دەکات. یان هەندێ دەلالاتی سێکسی هەڵدەگرێت کە ئەویش بابەتێکی پەردە لەسەر لادراوە و هەر لە سەردەمی ئەزموونی نالییەوە گوتاری سێکس پانتاییەکی دیاریکراوی لە جیهانبینی شیعری کوردیدا داگیرکردووە.

ئەگەر سەرنجێك لە (سەرچاوە)ی شیعری کوردی ساڵانی حەفتا بدەین ئەوا زوو لەو ڕاستییە تێدەگەین کە شیعری کوردی لەو ئەزموونەدا لەبەرئەوەی بریتی بووە لە پرۆژەیەك بۆ بەرهەمهێنانی گوتاری مانەوە کەواتە سەرچاوەیەکی زانراو و مەئلوفی هەبووە کە ئەویش لە پانتایی سیۆسیۆلۆژی بە گشتی و مێژوودا بە تایبەتی دەدۆزرێتەوە. ئەو سەرچاوەیەش زۆر بە ئاسانی خۆی دەدات بە دەستەوە، سادەیی شیعری ئەو قۆناغە لە مێژووی شیعری کوردیدا لەژێر کاریگەری ئەم هۆکارەدایە. دیارە بە پێچەوانەی ئەزموونی نالی و مەحوی و گۆران و.. شیعری ئەم قۆناغە نەیتوانیووە جیهانبینییەکی (کەونی) هەڵبگرێت هەتا مەسەلەی دۆزینەوەی سەرچاوەو بەو پێیەش دیاریکردنی پرسیارەکانی دەق ببێتە گرفتێك و بە بارێکی تردا دەق بە ئاقارێکی تردا ببات و لە تاك مانایی و تاك ڕەهەندی دەربازی بکات. شیعری کوردی لە باشترین حاڵەتیدا لەو ئەزموونەدا مێژوومان بۆ دەگێڕێتەوە، دەبێ چی لە مێژووەوە فێرببین؟ مێژوویەك کە شکستەکانی لە نەستی هەمووماندا دەیان حاڵەتی ترسی

تۆماركردووه. شـيعری كورديش وەكو ئـەزموونيكی ئينسانی كـە پـەيوەندی بـە ژيـانی هەستی و نەستی ئينسانی كوردەوە هەيە، نەيتوانيووه ئەو بنيـادە پـيرۆزەی ميـژوو بـە چـاويكی رەخنەگرانـە تيـك بشكينێ و گوتـاريكی ميژوويـی نـوێی لەميانــەی بەرهـەم هينانی شيعريەتەوە لێ فۆرمەلە بكات، بەلكو بە پيچەوانــەوە يـان ميـژووی وەكو خـۆی پيشـكەش كردۆتــەوە يـان لـە ئـەنجامی بـە پـيرۆز سـەيركردنيدا رووە دزيوەكــان و حالەتـەكانی شكستيشی نـەبينيووە. جيــاوازی شـيركۆ، ئـەنوەر قـادر، رەفيـق لەگـەلْ سەرجەم شاعيرانی تری ئـەو قۆناغـەدا ئەوەيـە كـە تـا رادەيـەك ميـژووی شكست و پـر كارەساتيان پيرۆز نەكردووە و هەر هيچ نەبێ وەكو ئەوەی بووە پيشكەشيان كردۆتەوە.

شخلوفسكی كـە لـە رابـەرانی فۆرماليسـتی روسـيە دەليـت: ئـەركی سـەرەكی يـان (وەزيفـەی بنـەرەتی) شـيعر بەرەنگاربوونـەوەی كـردەی راهاتنـە كـە كاروبـاری رۆتينـی رۆژانەی ئيدراك ئەو راهاتنە دروست دەكات.

ئامانجی شيعر ئەوەيە كە كردەی راهاتن هەلوەشينيتەوەو ئەوەی مەئلوفە بيكات بە نامەئلوف(١٤). داخۆ كامانەن ئەو ئەزموونە شيعرييانەی لە ئـەدەبی كوردی دوای گۆران دا ئەم پيناسەيان بەسەردا دەچەسپيت و بەرامبەر بە پرۆسەی راهاتن رادەوەستن، يان بە پيچەوانەی حالەتی راهاتنەوە لە ئەزموونی بەردەوامدان و هەموو جارێ ئيدراك لە كەشـفكردنی حالـەتيكی نـوێ دەكـەن؟ دەشـێ ئـەزموونی روانگـە لـە رووی هـەولدان بـۆ گۆرينـی شـيوازی شـيعری گۆران لـە رووی بنيـادی زمانـەوە بـە هـەنگاويكی لـەم جـۆرە دابنريت، بەلاّم داخۆ روانگە توانـی ببيتـە ئـەزموونی بـەردەوام. كامانـەن ئـەو حالەتـە رۆتينيانەی رۆژانەی ئيدراك كە شيعر لە دژيان وەستاوە؟ كاتێ شيعر خۆی لە دوانـدنـی ئەو حالەتە مەئلوفەدا بيت و نەك هەولی ئەوەی نەدابيت بيكات بـە نامـەئلوف، بـەلكو بنيادی رۆشنبيری كوردی لەبەر تـاك رەهـەندی و هـەولدانی بـۆ راگرتـن و هيشتنەوەی ئەو حالەتی تاك رەهەندييە كە ئەويش حالەتی مەئلوف بوون بووە ويستوويەتی ريگا لەهەر سەرهەلدانيكی نامەئلوف بگريت.

كاتێ باسی شيعريەت دەكەين دەبێ لەوە تێبگەين كە باسی دەق دەكـەين، مەبەسـت لە دەقيش ئەوەيە كە پيكهاتەيەكی زمانی ئامادەبوونی هەبيت و سـيفەتەكانی دەقيشی

هەبێت. ئەمە لە کاتێکدا دەزانین کە دەقیش دابەش دەبێت بۆ دەقی مردوو و دەقی زیندوو. دەقی مردوو لە دەرەوەی بەرنامەی ئەم باسەدایە، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە پانتایی رۆشنبیری کوردی رێژەیەکی زیاتر دەقی مردووی تیا کەڵەکە بووە.

دەقی شیعری بەر لە هەموو شتێك لە روانگەی بنیادی زمانەوە لێی دەروانرێت. هەروەك زمانی شیعر زمانێکی تایبەتییە و هەستێکی تایبەتی و شعورێکی تایبەتیشە، واتە خۆی ئەوە نیشان دەدات کە ئامرازێکی باڵاترە لەو پەیامەی کە هەڵیگرتووە چونکە بەر لە هەر گەیشتنێك بە جیهانبینی دەق زمانی دەق سەرنج رادەکێشێت و رێگا بۆ چوونە نێو دەقەکە دەکاتەوە. دیسۆسۆر دەڵێت: (زمانیش سەربەخۆ نییە، بەڵکو کات یارمەتی هێزە کۆمەڵایەتیە کاراکان دەدات کە کاری خۆی لە زمان بکات، ئەوەش دەمانگێرێتەوە بۆ پرنسیپی بەردەوامیتی و ئازادی زمان پوچ دەکاتەوە. بەردەوامیش وەکو پێویست لە گۆرانکاریدا خۆی دەبینێتەوە واتە لە پلەی جۆراوجۆری گۆرانکاریدا لە نێوان مەدلول و دال دا[١٥]. کەواتە ئەگەر زمان توخمێکی سەربەخۆ نەبێت، ئەوە هەرگیز ناشێت وەها بیر لە دەق بکرێتەوە کە دوور لە هەڵگرتنی جیهانبینی بوونی هەبێت. بە مەرجێك ئەو پێکهاتە زمانیە گەیشتبێتە ئاستی بە دەق بوون. پەیوەندی نێوان دال و مەدلول بە چەمکی دیسۆسۆری پەیوەندییەکی لەخۆوەییەو بە پێی هیچ بەرنامە و نەخشەیەکی دەرەکی رێك ناخرێت. لە روانگەی زانستی زمانەوە ئەو پەیوەندییە لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی ماناو یەکەی زماندا پێك دێت. هەر دالێك کە لە زماندا بەرامبەر بە مەدلولێك جێگیر کرا، ناتوانرێت بە ئاسانی تێکشکاندنی ئەو پەیوەندییە ئەنجام بدرێت. دروست بوونی ئەم پەیوەندییە مەرجی سەرەکی و دروستبوونی هەر دەقێکی ئەدەبییە. بە گوێرەی دەقێکی شیعری شیعریەت بەرهەم هێنانیش هەمان دەور دەبینێت، دوور لە بەرهەم هێنانی شیعریەت شیعر دروست نابێت. لێرەدا لە بەردەم پرسیارێکدا رادەمێنین داخۆ شیعری کوردی بە گشتی ئەم یاسا زمانیەی بەسەردا دەچەسپێت؟ داخۆ کامانەن ئەو جیهانبینییە هەمە ئاراستانەی کە بەشێکی زۆری ئەوەی پێی دەوترێت شیعری نوێی کوردی هەڵیدەگرن؟

یاکۆپسن لای وایە: ئەرکی شاعیرو بۆیاخچی لە یەك دەچن لە چۆنیتی مامەلەکردنیان لەگەڵ کەرەسەی بەرهەم هێنانی کارەکەیاندا، شاعیر مامەلە لەگەڵ زماندا دەکات هەمان شێوە کە بۆیاخچی مامەلە لەگەڵ رەنگدا دەکات، وەزیفەی شیعریش بریتییە لە ئاگادارکردنەوە بۆ ئەو ئاماژانەی کە لەگەڵ ئاماژە بۆ کراودا ناگونجێن. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە شاعیر چۆن مامەلە لەگەڵ بینای زماندا دەکات. نالی مامەلەی لەگەڵ عەروزی عەرەبی بە زمانی کوردی کردووە، گۆران شێوازی شیعری نالی واتە عەروزی عەرەبی تێکدەشکێنێ و بینایەکی نوێی بە زمانێکی سادەوە لە شیعری کوردیدا داهێناوە، بە دەربرینێکی دی ئەزموونی گۆران لە شیعری کوردیدا هێنانی شێوازێکی نوێی زمانە. ئەزموونی روانگە بنیادی شیعری لە شێوازی گۆرانەوە گۆری. لەهەر بارێکدا بێت زمان بەپێی بۆچوونەکەی یاکۆپسن دەبێ رۆڵی دروستکردنی دەق لە ئاستێکی ئیستاتیکیدا ببینێت. کە لە رەخنەی تەقلیدیدا پەیوەندی و پێکەوە گونجاندنی توخمەکانی زمان لە شێوازێکی هارمۆنیانەی ئەوتۆدا کە توانای بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای دەقی هەبێت بە دروستکردنی وێنە ناودەبرا.

یەکێك لە گرفتەکانی شیعری نوێی کوردی ئەوەیە کە ئاماژە بە پەیوەندییەکی ناوکۆیی نابەستریتەوە بە ئاماژە بۆ کراوەوە، واتە ئەو پەیوەندییە لە خۆوەییەی کە دیسۆسۆر لە نێوان دال و مەدلول دا دەست نیشانی دەکات لە زۆربەی شیعری کوردیدا دروست نابێت چونکە لە سنووری پێکهاتەیەکی بێ‌واتای زمانی بە پێودانگی کلاسیکی و (دالی) بێ (مەدلول) بە زمانی هاوچەرخ تێپەر ناکات. لێرەشەوە دەگەرێینەوە بۆ یەکەم پێناسە کە بۆ شیعر هێنامانەوە (شیعر وەڵامدانەوەی باری هەلچوون و فەلسەفیانەی شاعیرە..). دیارە لەو پێناسەیەدا دەبێ پێ لەسەر بەرهەم هێنانی شیعریەت دابگیرێت کە بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای دەق دەبێتە رەگەزێکی بەرهەم هێنانی شیعریەت، بەڵام بەشێکی زۆری ئەوەی کە بە ناوی شیعری نوێی کوردییەوە بەرهەم دەهێنرێت وەڵامدانەوەی باری هەلچوونێکی ناکاملە لە رووی ئیحساسەوە کە ئەوەش بەڵگەی لاوازی حسی ئیستاتیکی شاعیری کوردە بەرامبەر بە هۆکارەکانی هەلچوونی، ئیتر گرنگ نییە ئەو هۆکارانە دەرەکی بن یان ناوەکی یان بە زمانی کلاسیك زاتی بن یان

مەوزوعی. لەباری یەکەمدا لاوازی ئاستی حسی ئیستاتیکی هۆکارە بۆ بەربەستکردنی دروستبوونی پەیوەندی لە خۆوەیی نیوان دال و مەدلول. لیرەدا مەدلول وەك ئاستی بەرامبەر بە زمانی یەکەم واتە زمانی دەق دەبیتە جیهانبینی، بەلام کاتیك شاعیر تیروانینیکی نوێی بۆ دنیا نەبیت کەواتە ئەو پەیوەندییە چۆن دروست دەبیت؟ لەراستیدا لە ئەنجامی دروست نەبوونی ئەو پەیوەندییەدایە کە دەقی کوردی وەکو کۆمەلی (دال) دەمینیتەوە، لەو حالەتەشدا دەقی زیندوو دروست نابیت.

ئەو پەیوەندییە لەخۆوەییەی کە لە نیوان بنیادی زمانی دەقدا دروست دەبیت وەلامدانەوەی هەلچوون و فەلسەفیانەی شاعیر پیکەوە دروستی دەکەن. وەلامدانەوەی فەلسەفیانەی شاعیر ئەوەیە کە فیکر بەشداری دەکات لە ریکخستنی پەیوەندی نیوان دال و مەدلولی شیعردا و لەم حالەتەشدا جیهانبینی فیکری دەق ئاشکرا دەبیت. لە ئەزموونی نوێی شیعری کوردیدا واتە لە دوای روانگە ئەزموونی (گوناهو کەرنەڤال) دەربری ئەو حالەتەیە. دیارە ئیستا پیوانەی شیعر بە حسیکی سادەو بێگەوهەری رۆمانسیانە ناکریت.

ئەو پیودانگە ترادشنالەی کە هەندێ لەملاو ئەولا بەناوی نووسین لەسەر شیعر پێی لەسەر دادەگرن و پێیان وایە گرنگی و نەمری شیعری کلاسیك لە هونەرەکانی نەحو سەرەف فینۆلۆژی و فیلۆلۆژی و پاشان هونەرەکانی شیعری کلاسیك و عەروزدایە کاتیان بەسەرچووە. هەموو ئەم توخمانەی سەرەوە ئاستیك لە زمان پیکدەهینن کە زمانی نووسینە، بەلام ئاستی دووەمی زمان گرنگە کە نووسینیك دەکات بە داهینان ئەویش ئاستی دەلالی زمانە و هەرچی پیکهینەری سەرفی و دەنگسازییە ئامرازن، پیکهینەری نەحوی پانتایی دروستکردنی کردارە، سەرجەم ئەم دوو پیکهینەرە سەرەکییە لە پیناوی بەرهەم هینانی زمانی دووەمدا کاردەکەن کە ئەویش پیکهینەری دەلالییە واتە زمانی ئەو دیوی دەق کە دەشێ لە پرۆسەی نووسیندا بە ئامانج دابنریت. لە شیعری کۆنی کوردیدا جگە لە حالەتەکانی داهینان وەکو لای شاعیرانی گەورەی وەکو (نالی و مەحوی و..) پیکهینەری سەرفی و دەنگسازی و نەحویش هەبوون بەلام کە ئەم پیکهینەرانە نەیانتوانیبیت بگەنە ئاستی دروستکردنی

زمانی دووەم ئەوە داهینان دروست نەبووە. دەتوانین دەیان نموونەی لەم جۆرە بهێنینەوە کە سەرباری شارەزابوونیان لە ئاستی یەکەمی زماندا نەیانتوانیووە ببنە داهینەر چونکە زمانی دووەمیان بۆ دروست نەکراوە لە نووسیندا واتە نەگەیشتوونەتە ئاستی داهینان کە ئەوەش وەکو ئامانجی دەق بەرهەم هینانی ئاستی دەلالی‌یە.

ئیستا بۆ شیعری نویٚ باسکردنی پیکهینەرەکانی سەرف و نەحو و فینۆلۆژی و فیلۆلۆژی هیچ گرنگییەکیان نی‌یە، بەلاّم دوو ئاستی زمان هەن کە ئەوە مەرجی سەرەکین بۆ دروستکردنی دەقی زیندوو کە یەکەمیان زمانی دەقەو بەرهەم هینانی هیندە گران نی‌یە، بەلاّم دووەمیان زمانی ئەو دیوی دەقە واتە ئاستی دەلالی دەق کە بنەمای سەرەکی‌یە بۆ بەرهەم هینانی دەقی زیندوو. شیعری نویٚی کوردی جگە لە چەند حالەتیکی لەبەرچاوگرتنی بەدەست شیوازی بنیادنانی زمانی دەقەوە نی‌یە. مەبەست لەو حالەتە لەبەرچاوانەش کە هەر لە ئاستی یەکەمی بنیادنانی دەقدا تووشی گرفت هاتووەو ئەوەش وەهای لیکردووە کە لە بنەرەتەوە یەکەم ئاستی دەقی بۆ بنیاد نەنریت، کە زمانی دەقیش سیفاتەکانی زمان هەلنەگریت ناتوانیت ئاستی دووەم واتە زمانی دەلالی دروست بکات ئەم حالەتەش لە پانتایی شیعری نویٚی کوردیدا (ئەنوەر مەسیفی) محەمەد باوەکر، فەرید زامدار لە نووسینی ئەم چەند سالەیدا، سەباح رەنجدەر لە زۆربەی نووسینەکانیدا، عەباس عەبدولاّ یوسف لە هەندیٚ حالەتداو کەسانی تریش هەن..) نوینەرەکانین، ئەمانە لەبەر نەتوانینی بنیادنانی یەکەم ئاستی دەق خۆیان لەنیو میکانیزمی کارکردن و شیواندنی باری سینیتاکسی زماندا ونکردووە. ونبوونیك کە مەگەر لە خەیالی خۆیاندا مەدلولات بۆ نووسینەکانیان بدۆزنەوە. دەشیٚ ئەم حالەتەش بە ونبوون لەنیو زماندا ناودیر بکریت. کاری ئەمانە گەلیك لە دوای کاری ئەو کەسانەی ترەوەیە کە دەتوانن ئاستی یەکەمی زمان بنیادبنین کە پیٚی دەوتریت زمانی دەق، بەلاّم ئاستی دەلالی دەقیان بۆ بنیاد نانریت. بەلاّم لە هەردوو بارەکەدا دەقی زیندوو بەرهەم نەهاتووە.

ئەو دەقە شیعرییەی کە توانای دروستکردنی ئاستی دەلالی نی‌یە زیاتر وەکو دەقی خویندنەوە خۆی نیشان دەدات. لەم بارەیەوە هۆکس دەلیت: دەقی خویندنەوە

(دەقیکی تەقلیدیـیە) جیگیرەو خۆی دەخوینیتەوە بە ئاراستەیەك كە تیروانینیکی بیگیانە بۆ واقیع و هەیکەلیکی جیگیرە لەو بەهایانەی كە كات هیلی بۆ کیشاون. ئەو دەقەش وا لی دەروانریت كە نموونەیەکی دواكەوتووە و دنیای ئیمە بەجیی هیشتووە[١٦].

لیرەوە دەردەكەویت دەقی داهینەرانە ئەو دەقەیە نەفی بەها جیگیرەكان دەكات و بە هیچ شیوەیەك بەهاکانی ئیستای لە دایك بوونی قبول ناكات بەلكو بە پیچەوانەوە لە پرۆسەی نەفی كردنی بەهاكانی ئیستای لە دایكبوونیدا دیدیکی ئایندەخوازی پەیرەو دەكات، ئەو دیدە ئایندەییەش بەسەر هەر تیروانینیکی بیگیاندا بۆ واقیعی جیگیری (ئیستا) دەپەریتەوەو ئەوەی بە واقیعی باوی (ئیستا)وەی ببەستیتەوە ئەوەیە لە رەتكردنەوەی داهینانیش لەودیوی هەموو پیوانەو بەها مەئلوفەكانەوەیە.

بەشی هەرە زۆری دەقەكانی ئەدەبی نویی كوردی لەو جۆرەیانە كە خۆی خۆی دەخوینیتەوە، واتە لە یەكەم خویندنەوەدا بە تەواوی خۆی پیشكەش دەكات، ئەویش لەبەرئەوەی دەقیکی تاك جیهانبینییە، ئەو جیهانبینییەش مەئلوفەو خوینەر لە لا شعوریدا ئاگادارییەتی، واتە هەمان گوتار چەند بارە دەكاتەوە كە دەمیکە لاشعوری خوینەری كوردی داگیركردووە. دەقی لەم جۆرەش پیویستی بە خویندنەوەی تر نییەو یەكیك لە هۆكارەكانی لاوازی رەخنەی كوردیش سەرباری نەبوونی مەنهەجیکی رەخنەیی جیدی كەمی دەقی زیندووە لە پانتایی رۆشنبیری كوردیدا لە لایەكی ترەوە ئەگەر سەرنجی شیعری ئیستای كوردی بدەین كامانەن ئەو دەقانەی كە دنیای ئیمە ئیستە بەجیی نەهیشتوون؟ كامانەن ئەزموونەكانی بەرەو ئایندەو گوزارشتكەر لە سەردەمیك كە ئیمە لە خویندنەوەی ئەو دەقانەدا پیی بگەین؟ ئەمە سەرباری ئەوەی بەشی هەرەزۆری ئەوەی ئەمرۆ بە نیوی شیعری نویی كوردییەوە بلاودەكریتەوە لە رووی شیعریەتەوە لاواز و خەسلەتی دەقی شیعری نییە. لجاكۆنیسكی دەلیت: شیعر بە تەواوی ریكخستنی زمانییەو بگرە باشترین ریكخستنیشە كە دەشی تیایدا جۆریك لە هاوسەنگی لە نیوان شیعریەت و بەهای سەربەخۆدا دروست ببیت[١٧]. شیعریەتیش وەكو پیشتر ئاماژەمان بۆ كرد مەبەست لە ریكخستنی سیاقی زمانە كە لە فۆرمیکی

ئیستاتیکی باڵادا نووسراویك دەکات بە شیعرو لە ڕەگەزە ئەدەبیەکانی تری جیادەکاتەوە. زانای زمانناس مۆکارۆفسکی دەڵیت: وەزیفەی زمانی شیعری لە بەرەو پیشەوە بردنی کرداری گوتندا دەردەکەویت، کە ئەوەش بە مەبەستی پەیوەندی کردن (گەیاندن) بەکارنایەت، بەڵکو کردەی گوتن خۆی ئامانجەو لە ئاستی یەکەمدا دادەنریت[١٨] ئەمەش ئەوە دەگەیەنیت دەبی زمان لە بەرهەم هینانی شیعردا ئامراز نەبیت بەڵکو خۆی ببیتە ئامانج، کاتیکیش زمان دەبیتە ئامانج کە بە چەمکی بارت وشە ببیتە فیکر.

دیارە کاتیکیش زمان دەبیتە ئامانج کە شیعریەت ئامادەبوونی هەبیت و بەرهەم هاتبیت چونکە ناکریت تۆ وای ببینیت کە شیعریەت بەرهەم نەهاتبیت، بەڵام وەزیفەی زمانی شیعری دیاری بکەین، کەواتە لیرەدا دەبێ بزانین بەرهەم هینانی شیعریەت خالی سەرەکیە کە بە زمانی تەقلیدی پێی دەگوتریت (بەهونەرکردن). گرفتی شیعری نوێی کوردی ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری بە زمانی تەقلید نەبووە بە هونەر. یاکۆپسن دەڵیت: زمانی شیعری یان شیواز دەرگایەك نیە کە خوینەر لێیەوە بروانیتە بابەتی (موضوع) شیعر یان ڕۆمان، بەڵکو زمان یان شیواز وا خۆی نیشان دەدات کە خۆی بابەتەکەیە[١٩]. ئەمەش تەنها لە حالەتیکدا دەبیت کە ئاستی دەلالی دەق پیك بیت و لە پەیوەندی لە خۆوەیی نیوان (دال و) زمانی ئەودیوی دەق (مەدلول) حالەتیك لە پەیوەندی بە مەودایەکی قولەوە دروست ببیت کە دەقی شیعری لە خالی یەکەمدا لە ڕیگای ئیستاتیکای دەقەوە کە سیفاتی بەرزکراوەی ئاستی دەلالی و ئاستی نەحو و سەرف و دەنگسازیە پیکەوە خوینەر بخاتە ژیر کۆنترۆلی خۆیەوەو لەم حالەتەشدا دەسەڵاتی دەق ئاشکرا دەبیت، دەقی زیندوو خاوەن جیهانبینی دەقیکی دەسەڵات بەرهەمهین و دیکتاتۆرە، ئەویش لە دوو ڕوانگەوە. یەکەم خوینەر دەخاتە ژیر دەسەڵاتی خۆیەوە، دووەم لە ڕیگای سیفەتی دیکتاتۆرانەیەوە لە پانتایی ڕۆشنبیریدا تۆرەکانی دەسەڵاتی خۆی هەڵدەدات و کەناڵەکانی فیکر و مەعریفەت دەگریتەوە و دەبیتە دەقی باڵادەست. لەسەر بنەمای ئەم لیکدانەوەیە کە ئیمە پیمان وایە دەقەکانی (گوناه و کەرنەڤال و جەلادی) بەختیار عەلی کۆنترۆلی پانتایی شیعری

کوردی دوای راپەرینی کردووەو ئەوانەشی کە لە دوای بڵاوبوونەوەی (گوناهو و کەرنەڤاڵ)، کە دەنووسن ناتوانن لە تۆرەکانی دەسەڵاتی ئەو ئەزموونە دەربچن، چونکە ئاستی دەلالی گوناه و کەرنەڤال لەوە مەودا دارترو قوڵترە کە زۆربەی شاعیرانی ئیستای کورد بەو بەرهەمە رۆشنبیرییەی کە هەیانە پێی بگەن، خۆ ناشکریت بلیین تەنها لە رووی حسی شیعرییەوە دەگەنە ئەو ئاستە، ئەگەر بەو ئاستەی (گوناه و کەرنەڤال)یش گەیشتن ئەوە دیسان هەر لە سنووری دەسەلاتی ئەو ئەزموونەدا دەجولین، ئەوەش کاریکە لە دەرەوەی ئەزموونی تازەگەریدایە. چونکە تازەگەری پرۆسەی بەردەوام و ئەزموونی بەردەوامە بۆ نەفیکردنی ماناکانی ئیستاو بەهاکانی ئیستاو دۆزینەوەی ماناو بەهای نوێ بۆ بوون و ژیان و حەقیقە ئینسانیەکان.

بارت دوو جۆر لە دەق دەست نیشان دەکات دەقی مەعریفی و دەقی چیژبەخش[٢٠].

خراپ نییە ئەگەر دوای ئەم بۆچوونەی بارت بکەوین لە شیعری کوردیدا. سەرەتاش حەزدەکەم هەر لیرەوە ئەوە ئاشکرا بکەم ئەگەر هەر دەقیك توانی ناسنامەی دەقی مەعریفە بەخش یان چیژبەخش وەربگریت، من بە دەقیکی زیندووی ناو دەبەم گەرچی لە راستیدا بروام وایە هەموو دەقیکی مەعریفی چیژبەخشیشە. لیرەدا راستەوخۆ مامەلە لەگەڵ دوو جیهانبینی دەکەین کە لە گەوهەردا لەیەك جیاوازن. جیهانبینییەکی فیکری و فەلسەفی، جیهانبینییەکی سایکۆلۆژی ئیستاتیکی، دەشی حسیکی ئیستاتیکیش توانای بەرهەم هینانی چیژی هەبیت، بەلام بۆ سەردەمیکی وەکو ئیستا ئەو حسە رۆمانسیە پانتاییەکانی کارکردنی بە ئاسانی بۆ فەراهەم نابیت و چیژوەرگرتنیش لە ئاستیکی ترەوە لێی دەروانریت و تازە بە پیودانگی سەدەی نۆزدە ناپیوریت کە سەردەمی گەرانەوە بوو بۆ نیو سروشت.

بارت دەلیت: چیژ ئەو شتەیە لە دەقدا کە دەکەویتە سەرووی هەموو وەزیفەو هەموو کردەیەکی وەزیفییەوە[٢١]. بەلام چیژ تەنها بریتی نییە لە حسیکی سادەی هەست بە خۆشی کردن بەلکو چیژ دەرئەنجامیکە بە گویرەی بارت لە شیکردنەوەی دەقیکی داهینەرانەدا هەستی پێ دەکات. لیرەدا ئەگەر بگەریینەوە بۆ شیکردنەوەی (ساراسینی) بەلزاك لە لایەن بارتەوە ئەوا دەردەکەویت کە شان بە شانی گەران لە دوای

ئاشکراکردنی ئاستی چێژ وەرگرتن و گەران لە دوای خودی چێژ بارت لە دەقەکەدا وەزیفەی کۆمەڵایەتی و وەزیفەی بنیادیشی ئاشکرا کردووە بەڵام ئەم دوو کردەیان تا رادەیەك شاراوەن و پەردەیان لەسەر لانەبراوە، چونکە کاتێ بەنیو ئەو دەقەدا شۆربۆتەوە بۆ ئاشکراکردن و دۆزینەوەی نادیاریك لە ریگەی کرداری شیکردنەوەی ئاستەکانی زمان و بنیادی دەلالیەوە، ئەوە لە پیناوی بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجیك کە دۆزینەوەو کەشف کردنی نادیارەکەیە پەردەی لەسەر هەندێ نهینی تر ناوە کە ئەمەش لای بارت لە غەفلەتەوە دروست نابیت چونکە هەر خۆی رای وایە هەموو درکاندنیك پەردە لەسەر شتیکی نەدرکاو دەنیت. واتە کاتێ بارت لە دوای چیژ دەگەریت پەردە لەسەر نادیارەکانی تر دەنیت، یان مەعریفە دەشاریتەوە. کە ئەو شۆربوونەوەیەش بە دوای چیژدا لەراستیدا لە گەیشتن بە زمانی ئەودیوی دەقدا بەدەست دیت، کەواتە لە هەموو حالەتیکدا دەقی مردوو یان دەقی داخراو ئەو ئامادەبوونەی نیە هەتا ئەو بۆچوونەی بارتی بەسەردا پراکتیك بکریت. شیعری نوێی کوردی ئەگەر بەپێی ئەم پیودانگە بکیشین داخۆ کامانەن دەقە چیژ بەخشەکان؟ ئەو دەقانە کامانەن کە مەعریفەیەك لە پشتیانەوەیە؟ لیرەدا مەبەستم چەند حالەتیکی دەگمەن نیە، بەلکو قسە لەسەر ئەو فەوزای بەناو شیعرەیە. لیرەوە ئاستی قەیرانی شیعری کوردی دەردەکەویت چونکە ئەگەر سەرجەمی شیعری نوێی کوردی بخەینە بەردەم خویندنەوەیەکی لەوجۆرەی بارت باسی لیوە دەکات، ئەوا بە دەگمەن دەقی زیندوو دەمینیتەوە، دەقیك کە چیژبەخش یان مەعریفە بەخش بیت..

بەلێ ئەمەی لیرەدا باسی لیوە دەکەین بابەتی قەیرانی شیعری کوردیە، مادەم تیکرا لەسەر ئەوە دەدویین کە قەیران هەیە، دەبێ لەسەر دەست نیشانکردنی ئاست و شیوازی ئەو قەیرانەش قسەبکەین.

## سەرچاوەکان:

1-Tzvetan Todurov. The Poetic of prose. University press 1987. P.9.
2-James Pickering and Jeffery Hoeper. Concise Campoinion to Literature. New York. 1981. P. 108.
٣-عەتا قەرەداخی- سیناریۆی تیکشکاندنی کەسیەتی نەتەوەیی کورد- گۆڤاری روناکبیری- ژمارە (٣-٤) سوید.
4-Modern Literary Theory- Ed. by: Philip Rice. London. P. 86.
5-Roland Barthes. The Pleasure of the Text. P. 84.
6-Modern English Literary Criticisim. Printed by: Holy Well. Oxford. 1984. P. 43.
7-Modern Literary Theory. P. 16.
8-Structural Grammar. Printed in Hong Kong. 1982. P. 146.
٩-عەتا قەرەداخی- هەرەسی دەستەمۆیی و بە شارستانی بوون –گۆڤاری رامان- ژمارە (٤) ل ٤.
١٠-رووبەروو بوونەوە لە بناری چیادا- گفتوگۆیەکی دوورو دریژی شیرکۆ بیکەس.
11-G,N.Leech.. ALinguistic Guide to English Poetry- London- 1969- p.54.
12-Journd of Linguistics- Cambridge University Press. V. 30- No. 3. September. 1994.
13-Umberto Eco Opening Text. London. P. 25.
14-Structuralism and Semology- P. 35.
١٥-دسوسور- علم اللغة العام- ترجمة. د. یوئیل یوسف عزیز. ص ٩٧.
16-Ternce Hawkes. Structuralism and Semology. Longman. 1983- P. 104.
17-Ibd. P. 26.
18-Ibd. P. 69.
19-Ibd. P. 79.
20-Roland Barthes,. The Pleasure of The Text. P. 34.
21-Ibd. P. 34.